WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (313) دووشەممە 2014/6/9 9ی جۆزەردان 2714 (750) دینار

## کوردستان دەتوانێت 30 ملیۆن عێراقی بەخێو بکات

**ڕووداو- هەولێر**

ماریۆ ئەلجبووری، سەرۆکی کۆمپانیای IKG Property کە کۆمپانیاکەی بەشێکە لە گرووپی کۆمپانیاکانی IKGو کار لە بواری خانووبەرە، نەوت و گازدا دەکات، پێیوایە کوردستان لەداهاتوودا دەتوانێت پێداویستی نزیکەی 30 ملیۆن عێراقی لە باشووری عێراق دابین بکات.

ئەلجبووری کە پێشتر ڕاوێژکاری ئابووریی جێگری سەرۆکی حکومەتی بولگاریا بووە ئەوکاتەی غاتی ئەلجبووریی برای جێگری وەزیری دارایی ئەو وڵاتە بوو، دەڵێت کوردستان لە مەوقیعێکدایە دەتوانێت ببێتە ئەکتەرێکی ئابووریی زۆر گرنگ لە ناوچەکەدا.



ئەو پسپۆڕەی ئابووری پێشبینی دەکات کە لە پێنج ساڵی داهاتوودا ئێران جارێکی دیکە تێکەڵی بازاڕی جیهان ببێتەوە ئەگەر گەمارۆ ئابوورییەکانی سەری هەڵگیران و پێیوایە ئەوەش هەلی وەبەرهێنان لەو وڵاتەدا زۆر زیاد دەکات.

ئەو دەڵێت کوردستان دەتوانێت ببێتە بەشێک لە پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی سووریاش، بۆیە پێیوایە هەلی کرانەوەی بازاڕێکی زۆر گەورە لەبەردەم هەرێمی کوردستاندایە.

8 »

## ئاسایش گیایەکی سروشتی قەدەغە دەکات

2

تۆماس فریدمان بۆ (ڕووداو):

## ئەمریکا لە مێشکی خۆتان دەربکەن

9

## ناوی وەزیرەکانی حکومەتی داهاتوو

5

جەعفەر ئیبراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی:

# بۆ سەرۆکی عێراق نەوشیروان مستەفا هەڵدەبژێرین نەک بەرهەم ساڵح

3 »






رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (313) دووشەممە 2014/6/9

## یەکەم مارکەی کوردی لە تورکیا تۆمارکرا



**رووداو– Al Jazeera**

هاووڵاتییەکی شاری مێردینی باکووری کوردستان بە ناوی تەحسین گوجوم یەکەم مارکەی کوردی لە تورکیا تۆمار دەکات ناوی مارکەکەش "خلخالّی"ەو تایبەتە بە زەیتی زەیتوون. گوجوم لە لێدوانێکیدا باسی لە بەرهەمەکەی کرد و گوتی ناوچەی دێریک لە مێردین بەناوبانگە لە زەیتی زەیتووندا، بەڵام ماوەی 50 ساڵە بەرهەمهێنانی ئەو زەیتە پشتگوێخراوە لەو ناوچەیەدا. راشیگەیاند کە گرنگە بە مارکەیەکی کوردییەوە بەرهەمەکەی خستووەتە بازاڕەوە.

### ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی شوێنەوار:

# نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر وا بڕوات 100 ساڵی دەوێت

**یودید نیورینک**
**رووداو– هەولێر**

رەنگە چەند ساڵێکی دیکەی بوێت تاوەکو قەڵای هەولێر دەخرێتە لیستی شوێنەوارە جیهانییەکانی رێکخراوی یونسکۆ. بەڕێوەبەری پرۆژەی نوێکردنەوەی قەڵا دەڵێت هێشتا هیچ بڕیارێکی کۆتایی لەوبارەیەوە نەدراوە.

دارا یەعقوبی، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر، نیگەران نییە لە هەڵسەنگاندنە نێگەتیڤەکەی ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی شوێنەوار (ICOMOS) کە راوێژ دەداتە یونسکۆ سەبارەت بە پاڵێوراوانی لیستی شوێنەوارەکانی "زۆر لە شوێنەوارەکان کە داوایان پێشکەش کردووە بخرێنە ئەو لیستە، لە سەرەتاوە قبوڵ نەکراون. هەروەها زۆریان چەند ساڵێکیان بەسەربردووە لەو پرۆسەیەدا". لیستی شوێنەوارەکانی یونسکۆ بایەخێکی جیهانیی هەیە.

یەعقوبی گوتی، ئەو راپۆرتە نێگەتیڤەی (ICMOS) بۆ یونسکۆ بەمانای رەتکردنەوە نییە.

ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی شوێنەوار (ICMOS) لە ساڵی 1965 دامەزراوە، ئامۆژگاری دەداتە رێکخراوی یونسکۆ لەبارەی شوێنەوارەکانی جیهان.

گرنگیی قەڵای هەولێر لە مێژووە کۆنەکەیدایە: یونسکۆ دەڵێ "رەنگە قەڵای هەولێر کۆنترین شوێنی جیهان بێت کە بەردەوام خەڵکی تێدا ژیاوە". بەڵام کێشەی سەرەکی کە لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەوەیە کە ئەو مێژووە کۆنە دیار نییە.

ئەوەی دەبینرێت بیناکانی سەدەی 18 و 19ی سەردەمی عوسمانین بنیات دەنرێنەوە، نەک بەڵگەی ئاسەواری نیشتەجێبوونی زیاتر لە 6 هەزار ساڵ لەمەوبەر کە ئەوەش وا لەقەڵا دەکات بەهای بۆ لیستەکەی یونسکۆ هەبێت.

یەعقوبی ئەوە بە کێشە نازانێ چونکە لە پاش پێشکەشکردنی داواکارییەکەوە لە کانوونی دووەمی ساڵی پار، بە حەفارە کاری هەڵکەندن بۆ بینینی چینەکانی ژێرەوە کراوە. لەژێرەوەی قەڵا چەند چینێکی شارستانییەکانی پێشوو هەیە.

"دیواری بەرگری دەوروبەری قەڵامان دۆزیوەتەوە" کۆمیسیۆنەکە بەخۆشحاڵییەوە رایگەیاند "تەنیا بە هەڵکەندنی پێنچ مەتر نموونەی سەردەمی ئیسلامی و ئاشووریمان دۆزیوەتەوە".

زیاد لەوەش تیشکە وێنەییەکان پاشماوەی بینایەکی گەورەیان نیشان داوە لە ژێر زەویەکەی قەڵادا، رەنگە پەرستگای عەشتار بێت کە دەگوترێت لە قەڵادا بووە.

دارا یەعقوبی پێنج ناوچەی شوێنەواری بۆ هەڵکەندن دەستنیشان کردووە کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا جێبەجێ دەکرێن. هەروەها بە مەبەستی خێراکردنی پرۆسەکە یەعقوبی ماوەی کارکردنی لە پرۆژەکەدا لە 4 مانگەوە درێژ کردووەتەوە بۆ 7 مانگ.

یەکێکی دیکە لە ئاستەنگەکانی بەردەم کۆمسیۆنەکەی یەعقوبی ئەوەیە کە ئێستا خەڵک لە قەڵادا ناژی: تەنیا دوو خێزان ماون بۆ سەلماندنی بانگەشەی "کۆنترین شوێنی جیهان کە تائێستاش ژیانی تێدا بەردەوامە". بۆیە ئەمە لە گرنگیی شوێنەکانی نیشتەجێبوونی قەڵا کەمدەکاتەوە.

"چۆن دەتوانی بەردەوام بیت لە پرۆژەکە ئەگەر خەڵکی تێدا بژی؟" یەعقوبی گوتی "دەبێت خانووەکان چۆڵ بن، چونکە کۆڵانەکانی هەڵدەکەنین و سیستمی ئاوەڕۆی بۆ دابین دەکەین".

ICOMOS ئاماژە بەوە دەکات کە هێشتا پرۆژەکە لە سەرەتادایە "لە ساڵی 2010ەوە تەنیا 25 خانوویەک تەواو کراوە، واتە 6 تا 7 خانوو لە ساڵێکدا. ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات، ئەوا تەواوبوونی پرۆژەکە تاوەکو کۆتایی ئەم سەدەیەی پێدەچێت. ئێستا هەندێک لەو خانووانەی گرنگی شوێنەوارییان هەیە رووخاون".

یەعقوبی دانی بەوەدا نا کە هەرچەندە پاراستنی ئەو خانووانەی لە مەترسی رووخاندان لە ئەستۆی ئەواندایە، بەڵام تا ئێستا نزیکەی 6 تاوەکو 7 خانوو رووخاون.

ئەو بەڵێنی دا لە 15 ساڵی داهاتوودا نزیکەی 200 خانوو تەواو بکات. بۆ ئەم مەبەستەش، کۆمیسیۆنی باڵا بانگهێشتی کەرتی تایبەت دەکات کە هەندێکیان ئێستا داوایان پێشکەش کردووە.

بەڵام دروستکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ بەشداریکردنیان لە پرۆژەکە، وەک ICOMOS پێشنیازی کردووە، لانیکەم ساڵێکی دەوێت.

سەرۆکی ئەو کۆمیسیۆنە دەڵێت ICOMOS هەڵەی کردووە لە هەڵسەنگاندنەکەیدا کە گوتوویەتی زۆر لە بودجەی پرۆژەکە لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتووە. ئەو گوتی "زۆر لەو بودجەیە کە بڕی 35 ملیۆن دۆلارە لە سێ ساڵی رابردوودا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابینکراوە".

راوێژکارەکانی یونسکۆ حەزیان بە پلانێک نییە بۆ دروستکردنی مۆزەخانەیەکی نەتەوەیی مۆدێرن لە تەنیشت قەڵا. پێشنیاز دەکەن ئەو مۆزەخانەیە بگوازرێت یان ببرێتە شوێنێکی دیکە. ئەو بابەتە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە لەگەڵ پارێزگای هەولێر.

هەروەها نیگەرانی هەیە دەربارەی چوار گەڕەکی دەوروبەری قەڵا کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە و نۆزدە. پێشنیاز کراوە کە ئەو ناوچانە بخرێنە سەر پرۆژەکە. هەندێک بازاڕ بنیاتنراون لەسەر شوێنێک کە رەنگە شوێنەواری بەنرخی مێژوویی تێدا بێت.

دنیا ئەنجامێکی پۆزەتیڤی راپۆرتەکە لەسەر کاری کۆمسیۆنەکە ئەوەیە کە ICOMOS ئامۆژگاری دەدات کارەکانی کۆمسیۆنەکە بەهێز و فەرمی بکرێن. باقی خاڵەکانی دیکە هەموو نێگەتیڤن.



(فۆتۆ: حوسێن هیممەتی)

### سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر:

## راپۆرتەکەی ICOMOS بەمانای رەتکردنەوەی پرۆژەکە نییە

### دەکرێتە ماددەی هۆشبەر

# ئاسایش گیایەکی سروشتی قەدەغە دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو– سلێمانی**

ئاسایشی هەرێمی کوردستان، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت گیایەکی سروشتی لەلایەن هەندێک کەسەوە وەک ماددەی هۆشبەر مامەڵەی پێوە دەکرێت، بڕیاری دا بیخاتە لیستی قەدەغەکراوەکانەوە. لێپرسراوی هۆبەی ماددە هۆشبەرەکانیش لە ئاسایشی سلێمانی دەڵێت زیاتر ئەو ئێرانیانە بەکاریدێنن کە دێنە هەرێمی کوردستان.

لەو ساڵانەی دواییدا، دۆسیەکانی بازرگانی و بەکارهێنان و مامەڵەکردن بە ماددەی هۆشبەر زۆربوون و دادگایان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردووە. ئەمە وێڕای لەنێوبردنی چەندین تۆن ماددەی هۆشبەر لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە. بەڵام ئێستا ئاسایش باسی قەدەغەکردنی گیایەکی سروشتی دەکات کە لە کوردستان دەڕوێ و دەچێتە ریزی ماددە هۆشبەرەکانەوە.

جەلال ئەمین بەگ، بەڕێوەبەری هۆبەی ماددە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی، باسی ئەو گیایە دەکات و دەڵێ لە کوردستان "لە زۆر شوێن بە سروشتی دەڕوێت و پێیدەگوترێ گیای شادانە، هەر کەسێک ئەو گیایەی پێبگیرێ دەستگیر دەکرێ، چونکە وەک ماددەی هۆشبەر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ".

وەک جەلال مینە بەگ دەڵێ، ئەو گیایە تۆوێکی وردی هەیە و ئێستا تۆوەکەی لە ئێرانەوە دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان و دەدرێتە کۆتر و باڵندەی ماڵی بۆ ئەوەی قەڵەوبن و توانای زوو فڕین پەیدا بکەن "بەڵام ئەوە لای ئێمە قەدەغە کراوە، هێشتا خەڵک بەکەمی ئەو گیایە دەناسن، ئەوانەی لە ئەورووپا بوون دەیناسن و دەزانن چۆن بەکاردەهێنرێ". گوتیشی "ماوەیەک لەمەوبەر 2 کەسمان لە تاسلوجە دەستگیرکرد و دامانانە دادگا، چونکە گیای شادانەیان پێبووە و بەکاریان دەهێنا".

بەکارهێنەرانی ئەو گیایە زۆر بەکەمی لە کوردستانن، بەوپێیەی هێشتا خەڵک نازانن چۆن وەک ماددەی هۆشبەر بەکاری بهێنن، بەڵام بەکارهێنەرانی سەرلقە گوڵدارەکانی ئەو گیایە دوای وشککردنەوەی بەشێوەیەکی تایبەتی و کوتاندنی، دەیجوون یاخود دەیخەنە نێو جگەرەوە و دەیکێشن. تاوەکو ئەوکاتەی گیای شادانە لە رێگەی تۆوەکەیەوە نەهێنرابووە هەرێمی کوردستان، گیایەکی دەگمەن بوو، بەڵام وەک فرۆشیارێک باسیدەکات لە سلێمانی، ئەوان تەنیا تۆوەکەی بۆ باڵندە و کۆتر بەکاردەهێنن و لە ئێرانەوە دەهێنرێت.

ئەو فرۆشیارە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە و لە سلێمانی کاری کڕین و فرۆشتنی باڵندە و کۆتر دەکات، دەڵێ: "تۆوی شادانە کۆتر و باڵندە بچووکەکان زۆر حەزی لێدەکەن و ئەو تۆوەش لە ئێرانەوە دەهێنرێت کە هیچ زیانێکی بۆ باڵندە نییە".

بەڕێوەبەری هۆبەی ماددە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی دەڵێ هەر گیایەک یان هەر شتێکی دیکە کە بچێتە خانەی ماددە هۆشبەرەکانەوە یان خەڵک بۆ ئەو مەبەستە بەکاری بهێنن، بەلای ئێمەوە نا یاساییەو لەناوی دەبەین "بەڵام دەزانین کە ئێستا ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی هەرێمی کوردستان زانیارییان لەسەر گیای شادانە هەیە، دەشزانین کە خەڵک هەیە بە ئەنقەست ئەو گیایە دەچێنێ و بۆ مەبەستی بەکارهێنانییەتی".

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی باس لە چۆنێتی بڵاوبوونەوەی ئەو گیایە دەکات لە کوردستان و دەڵێ "ئەو تۆوە وەک دان دەدرێت بە کۆتر، کۆترەکانیش لەکاتی فڕیندا دەنکەکان لە دەنووکیان دەکەوێتە خوارەوە و لە کۆڵان و شوێنە جیاوازەکاندا سەوز دەبن و بەو شێوەیە بڵاودەبێتەوە".

سۆران سەعید دەڵێ زیاتر ئەو تۆوە لە سلێمانی لە ژێر پردەکەی سلێمانی و سابونکەران دەفرۆشرێ و گیایەکە نێر و مێی هەیە.

سۆران سەعید کە گیای شادانەی بینیوە، دەڵێت شێوەی زۆر لە گیای ماریوانا دەچێت کە زیاتر پێیدەگوترێ (حەشیش) "بەڵام بە هەمان راددەی حەشیش کاریگەر نییە".

ناوبراو باسی جۆرە گوڵێکی سروشتی دیکە دەکات کە لەکوردستان دەڕوێت و ئەویش بە هەمانشێوە هۆشبەرە "پێیدەگوترێ گوڵی زوڕنا، شێوەیەکی سپی هەیە و لە زوڕنا دەچێ، ئەو گوڵە لە هەندێک شوێنی کوردستان دەڕوێت و تەمەنی یەک رۆژە". هەروەها دەڵێ "ئەو گوڵە بۆنێکی هەیە، بۆ ماوەیەکی زۆر بۆنی دەکەن، دواتر هەستدەکەن بۆنەکە کاری تێکردوون". گوتیشی "هەر کەسێک لە ئاسایش کاربکات، ئەو گیایانە دەناسێت بۆ ئەوەی کاتێک بینی لەناوی ببات و نەکەوێتە دەست خەڵک".

جەلال ئەمین بەگ، بەڕێوەبەری هۆبەی ماددە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی، قسەکانی ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ راستە "ئێمە لە هەر کوێیەک ئەو گیایانە ببینین لەناوی دەبەین".

# مامۆستایەکی کورد دەرمانی سڕکردن لە گیایەکی ژەهراوی دەدۆزێتەوە



**نەوزاد مەحموود**
**رووداو– سلێمانی**

لێکۆڵینەوەی مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی گەیشتە ئەو ئەنجامەی حکومەت دەتوانێ لەرێگەی جۆرە گیایەکی سروشتییەوە کە لە کوردستان دەڕوێت، دەرگایەک لەسەر وەبەرهێنانی دەرمانی سڕکردن (بەنج) بکاتەوە کە ساڵانە پارەیەکی زۆر دەدرێتە ئەو دەرمانە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە.

د.ئەحمەد حەمە ئەمین بۆ لێکۆڵینەوەکەی گیایەکی هەڵبژاردووە بەناوی (داتۆرە) کە بەکوردی (ژۆژیلە)ی پێدەگوترێ و هەندێکجاریش بە (گیا بۆگەنە) ناودەبرێ، بەڵام دواتر کارەکە بە داهێنان کۆتایی هات و دەنگیدایەوە.

وەک خۆی باسیدەکات، ئەو داتۆرەیە مادە تفتەکانی تێدایە وەکو (تۆپتن)، (سکۆپۆلامین) و (هایۆسیامین)، ئەو جۆرە ماددانە پێکهێنەری سەرەکی دروستبوونی ئەو دەرمانەن کە لەجیهاندا بۆ سڕکردنی نەخۆش لەکاتی نەشتەرگەریدابەکاردەهێنرێن.

د.ئەحمەد بەهۆی ئەوەی کاتی کەم لەبەردەستدایە، ناتوانێ بەشێوەیەکی مەیدانی بەدوای ئەو گیایەدا بگەڕێت و بزانێ لە کام ناوچەدا زیاتر ئەو گیا سروشتییە دەڕوێ، لە گۆڕستانی سەیوانی سلێمانی و لە تەنیشت یەکێک لە گۆڕەکان گیا ژۆژیلەیەکی بینی "ئەم رووەکە هێشتا بە تەواوی گەشەی نەکردووە، واتە هێشتا تەمەنی ماویەتی بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەیت".

د. ئەحمەد سەرۆکی بەشی بەروبوومی رووەکییە لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی، بەشێکی زۆری توێژینەوە مەیدانییەکەی لە تاقیگەی کۆلێژەکەی کردووە "یەکێک لەو ئامێرانەی ئیشم لەسەر کردووە ئامێری (رۆبەرت ئیاکۆرەیتەر)ە، ماددەکەمان تێکردووە تواوەتەوە لە ناو شلەیەکی کیمیاوی بۆ ئەوەی دوایی جیای بکەینەوە، هەموو سامپڵێک 3 چارەکی ویستووە، دوای ئەوە ناردوومانە بۆ hplc، لە تاقیگەی کۆلێژی دەرمانسازی دۆزیمانەوە کە بڕی ئەو مادەیە چەندی تێدایە و جۆرەکەی چییە".

ئەو مامۆستایە دڵخۆشە بەوەی توانیویەتی رۆڵێکی گەورە لە گیایەکی فەرامۆشکراودا بدۆزێتەوە، هەرچەندە بۆخۆی حەز بە لێکۆڵینەوە لە جیهانی هەنگ دەکات و لە فاکەڵتی زانستە کشتوکاڵییەکان وانەی پەروەردەکردنی هەنگ دەڵێتەوە.

زۆرکەس گیای ژووژیلەیان بینیوە، بەڵام هیچ بایەخێکیان پێنەداوە. گەڵایەکی سەوزی تۆخ و پانی هەیە و بە چەند رەنگێک گوڵ دەردەکات. لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەی چەند جۆرێک لە گوڵی رووەکەکەی داناوە و دەڵێ ئەم رووەکەیە من کارم لەسەر کردووە "بەری داتۆرا بەشێوەی کەپسولە تۆوەکانی تێدایە، تۆوەکەی شێوەی هێلکەیی هەیە، گوڵەکانیشی سپی و شین و مۆرن، یان هەیە رەنگی دیکەی هەیە، بەڵام بەپێی رەگەز و جۆر دەگۆڕێ و هەموو شێوازەکانی وەک یەک سوودی لێدەبینرێ".

د.ئەحمەد باسی مەترسییەکانی ئەو گیایەش دەکات ئەگەر خەڵک وریا نەبن لە دەستلێدان یان بەکارهێنانی، چونکە ئاژەڵ نایخوات و گیایەکی تفت و تاڵە "دەبێ دەستی رووتی لێنەدرێ، چونکە ژەهراوییە".

مامۆستایەکی هەمان کۆلێژ دەڵێ، کاتێک د.ئەحمەد دەستی بە پرۆژەکەی کردووە بڕوایان نەکردووە بگاتە ئەنجامێکی وا گەورە "چونکە لە کوردستان تاقیگەی بەو شێوەیە گەورە و پڕ لە ئامێری پێشکەوتوو نییە".

دیدار عەبدولکەریم کە ماستەری هەیە لە بایۆتێکتۆلۆجی، پێیوایە ئەوەی د.ئەحمەد بەدەستی هێناوە دەبێ شانازی پێوەبکرێت "چونکە لە ئاستی تاقیگەکانی کوردستاندا نییە، کاتێک دێیتە سەر پلانتین گۆلچەرین، کۆنترۆڵ و تاقیگەی تەواوی دەوێت، ئەو تاقیگەیەش لە کوردستان نییە، بۆیە ئەو ئیشەی کردی هەوڵێکی زۆر جددی بوو".

لەنێو بازاڕی حەوزە وشکەکەی سلێمانی، زانا تەیب، دووکانی دەرمانخانەی گیایی هەیە و دەڵێ تاوەکو ئێستاش خەڵکێکی زۆر هەن دەرمانی گیایی بەکاردێنن و بڕوای تەواویان پێی هەیە. هەروەها باسی ئەو مامۆستایانەی زانکۆ دەکات کە دێنە لایان و داوای گیایان لێدەکەن "بۆ لێکۆڵینەوەیان دەوێ، مەرج نییە هەموویان سەرکەوتووبن تێیدا وەک د.ئەحمەد، بەڵام دێن و داوای دەکەن، مامۆستا هەیە لە زانکۆی سەلاحەدینەوە دێتە لامان و دەڵێ دەیبەمە دەرەوەی وڵات بۆ لێکۆڵینەوە".

خاوەنی ئەو دەرمانخانەیە باسی ئەو چینیانە دەکات کە هاتنە کوردستان بۆ کردنەوەی (مەساج) "هەندێک گیایان بەکاردەهێنا، کە رەنگە خەڵک هەر لێی نەپرسن".

گیا ژووژیلە، لەناوچە وشکەکانیش دەڕوێ، بەڵام بەئاودان گەشەکردنی زیاتر و خێراتر دەبێت. حەمەئەمین ئەحمەد، باخەوان لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی کە خەریکی ئاودانی گیا ژووژیلەکان بوو بۆ د. ئەحمەد، دەڵێ "ئەم رووەکە تۆوی زۆرە و ئەگەر بتەوێ دەتوانی تۆوەکەی بگریتەوە و ساڵی داهاتوو بیچێنیتەوە".

لە کۆتاییدا داهێنانەکە نەیتوانی د.ئەحمەد دڵخۆش بکات، چونکە وەک خۆی دەڵێ چەند ساڵە توێژینەوەکەی لەنێو فایلێکدا کەوتووە و حکومەت نە لێی دەپرسێ و نە کاری لەسەر دەکات "کاتێک پرۆژەی عەقڵە زانستییەکان فەرامۆش کرا و کەس لێی نەپرسی، هێزی ئەوەت نامێنێ بیر لە داهێنان و کاری دیکە بکەیتەوە".

ڕووداو
ژمارە (313) دووشەممە 2014/6/9

## جەعفەر ئیبراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی:

# بۆ سەرۆکی عێراق نەوشیروان مستەفا هەڵدەبژێرین نەک بەرهەم ساڵح

لە ڤاتی حەوتەمی یەکێک لە هۆتێلەکانی عەنکاوە کە بەشێکی هەرە زۆری هەولێری لێوە دەبینرا، چاوەڕێی ئێمە بوو، پێش دەستکردن بەم هەڤپەیڤینە لێی پرسیم: "پێویستە ئەم موقابەلەیە بکەین؟" گوتم بەڵێ زۆر، چونکە پرسیاری زۆر هەیە و پێویستە وەڵامیان بدەیتەوە. جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، کە لەهەمان کاتدا ئەندام و گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی پارتییە، دەڵێ لەم هەفتەیەدا پێکهێنانی حکومەت کۆتایی دێت و ئەویش تاوەکو ئەم خولەی پەرلەمان تەواو دەبێ لە پۆستی خۆیدا دەمێنێتەوە. یەکێک لە هەستیارترین بابەتەکانیش ورووژاند کە ئەویش پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقە و داوا دەکات بدرێتە نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان.

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد

■ بە تەئکید مافی گۆڕانە پارێزگاری سلێمانی لەوان بێت

■ ئومێدەوارین گۆڕان وەکو یەکێتی لە سلێمانی مامەڵە لەگەڵ پارتی نەکات

■ لەم هەفتەیەدا حکومەت دێتە پەرلەمان و متمانە وەردەگرێ



**ڕووداو: پێش هەڵبژاردنەکان پارتی زۆر پەلە پەلی بوو حکومەت پێکبێت و چاوەڕێ دەکرا حکومەت پێش ماوەی یاسایی خۆی پێشکەشی پەرلەمان بکرێ، کەچی هەر دوادەکەوێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** حکومەت ئەم هەفتەیە دێتە پەرلەمان و متمانە وەردەگرێ. واتە لەکاتی یاسایی خۆیدا پێشکەش دەکرێ.

**ڕووداو: ئەمە تەئکیدە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بەڵێ تاوەکو پێنجشەممە دێت.

**ڕووداو: بەڵام هێشتا زۆربەی لایەنەکان ناوی وەزیرەکانی خۆیان نەداوەتە نێچیرڤان بارزانی؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** زۆربەیان پێشکەشیان کردووە و ئەوانەی ماون پێش پێنجشەممە تەواوی دەکەن.

**ڕووداو: پارتی ناوی وەزیرەکانی خۆی تەواو کردووە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** پارتیش ناوی وەزیرەکانی تەواو کردووە، بەڵام ناوی وەزیرەکان لای من نییە، شێوازی هەڵبژاردنی وەزیرەکانیش لەنێو پارتی بەو شێوەیە بوو کە مەکتەبی سیاسی هەندێ ناو پێشکەش دەکات و کاک نێچیرڤانیش هەندێ ناوی هەیە و گفتوگۆی لەسەر دەکرێ.

**ڕووداو: پارتی لە تاقمی وەزیرەکانی خۆی لە کابینەی حەوتەم رازی بوو؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** لە مەکتەبی سیاسی پارتی ئەو بابەتە باسکراوە و کاک نێچیرڤانیش چەندین جار باسیکردووە، ئێمە کە هەڵسەنگاندنمان کرد تێبینیمان هەبوو لەسەر وەزارەتی کشتوکاڵ کە ئەم وەزارەتە وەکو پێویست بەڕێوەناچێت و خەڵکیش گلەیی دەکات لە ئەدای وەزارەتەکە و کاک نێچیرڤانیش روونکردنەوەی هەبوو.

**ڕووداو: چ وەزارەتێکی پارتی لای ئێوە باشترین بوو؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** وەزارەتی ناوخۆ بەبڕوای ئێمە باشترین بووە، هەم وەزیریش باش بووە و هەم ئەدای وەزارەتیش زۆر باش بووە، وەزارەتی پەروەردە کێشە لە نێو وەزارەتدا هەبووە، راستە دکتۆر عیسمەت کەسێکی لێهاتوو بووە، بەڵام سیستەمی وەزارەتی پەروەردە کێشەی تێدا هەبووە و لە ماوەی دوو ساڵدا کێشەکان چارەسەر ناکرێن.

وەزارەتی شارەوانیش لە کارەکانی خۆیدا سەرکەوتوو بووە. پلاندانانیش وەزیرەکەمان سەرکەوتوو بووە لە کارەکانی خۆیدا.

**ڕووداو: دەڵێن پارتی تاوەکو دوایین چرکەش ئەگەری هەیە ناوی وەزیرەکانی خۆی بگۆڕێ، ئەم دوودڵییە چییە لەنێو پارتی هەیە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** دوودڵی نییە، پارتی کەسی زۆر لێهاتووی هەن کە ببنە وەزیر، خەڵکێکی زۆر هەیە سیڤی پێشکەش دەکات، پارتی وەکو حیزبەکانی دیکە نییە کە بۆ وەزارەتێک دوو سێ کەس زیاتریان نییە.

**ڕووداو: پێش هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسان پارتی گوتی ئەگەر یەکێتی دوای هەڵبژاردن بێتە نێو حکومەت بە پشکەکانیدا دەچینەوە و کەمیان دەکەینەوە، بۆچی ئەوە نەکرا؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** پارتی هەرگیز بێ منەت نەبووە لە یەکێتی، پارتی ئەوکات مافی خۆی بوو ئەو قسەیە بکات، یەکێتیش بە ئەنقەست نەدەهاتە نێو حکومەت و تەکتیکی بەکارهێنا و پارتیش ئەو وەڵامەی هەبوو، بەڵام یەکێتی پەیامی نارد بۆ پارتی کە ئامادەیە و دەبێ موراعاتی وەزعی نێوخۆی یەکێتی بکرێ، پارتی بارودۆخی یەکێتی لەبەرچاوبگرێ و بەبێ مام جەلال سەرکردایەتیکردنی یەکێتی گرفتی زۆری هەیە و لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانیش شکستی خواردووە، یەکێتی ئەم داوایەی هەبوو. ئێ ئەگەر کەس موراعاتی یەکێتی نەکات پارتی هەر دەیکات.

**ڕووداو: لەگەڵ یەکێتی وەزارەتی ناوخۆ دوو ساڵ بە دوو ساڵ دەبێ، ئەمە تەواو بووە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بەڵێ تەواو بووە، نەک هەر وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی شەهیدانیش دوو ساڵ بە دوو ساڵ دەبێ، وەزارەتی ناوخۆ دوو ساڵی یەکەم لای پارتی دەبێ و شەهیدانیش لای یەکێتی دەبێ. ئەمە داوای یەکێتی بووەو پارتیش رازی بووە.

**ڕووداو: ئەم رێککەوتنەی دوو ساڵ بە دوو ساڵ بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش بەهەمان شێوە دەبێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** نەخێر جێگری سەرۆکی پەرلەمان هیچ پەیوەندی بەوەی حکومەتەوە نییە.

**ڕووداو: پێشتر بەپێی رێککەوتنی پارتی و یەکێتی جێگری سەرۆکی پەرلەمان پشکی یەکێتی بوو، بەڵام ئێستا پارتی داوا دەکات بۆ خۆی بێت، ئەوە لەسەر داوای تۆ بوو؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** نەخێر لەسەر داوای من نەبوو، ئێستاش لەسەر داوای من نییە لەو پۆستەدا بمێنم، بەڵام هۆیەکی سەرەکی هەبوو کە ئەو داوایە بکرێ، یەکێتی کە دواکەوت بێتە نێو سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەڵبژاردن کرا بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆک و جێگر و سکرتێری پەرلەمان بە هەڵبژاردن کرا، کادیرانی پارتیش ناڕەحەت بوون کە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بخرێتە بەر دەنگدان و بەدەنگ بیکەی بە جێگر و کورسییەکانی پارتیش لە کورسی یەکێتی زیاترە کەچی بیدەی بە یەکێتی! تێبینی زۆر ئاراستەی سەرکردایەتی پارتی کرا، بۆیە پارتی ئەو داوایەی کرد.

**ڕووداو: ئەی پۆستی سکرتێری پەرلەمان کە لەدەست کۆمەڵدایە ئەویش بە هەڵبژاردن نەبوو؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** کۆمەڵ لەنێو رێککەوتنەکە نەبوو، کۆمەڵی ئیسلامی وەکو حەلێکی تەوافوقی کاتی هاتە پێش. کۆمەڵیش هیچ مەرجی نییە و دەیانزانی کە ئەو پۆستە بۆ یەکێتییە، کە یەکێتی نەهاتە پێش ئەوان هاتنە پێش. پارتیش کە حیزبی براوەی یەکەم بووەو بەپێی دەستکەوتی هەڵبژاردن دەبووایە سەرۆکی پەرلەمان بۆ پارتی بووایە، کە بۆ پارتی نەبوو پۆستی دووەم بۆ پارتی بێت و بە هەڵبژاردنیش درا بە پارتی، ئێستا بێی بیگۆڕی و بیدەیتە لایەنێکی دیکە! کادیرانی پارتی هەزمی ئەمە ناکەن.

**ڕووداو: ئێستا پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بۆ دوو ساڵ لەدەست پارتی دەبێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** نەخێر بۆ دوو ساڵ نییە. ئەوە نەبێ کە پێشتر ئەو پۆستە نەدرابێ بە یەکێتی، بەڵێ بە یەکێتی درابوو، بەڵام کە یەکێتی نەهاتە پێش و هەڵبژاردنیشی بۆ کرا، هەندێ قورسە. لای من زۆر ئاساییە لەو پۆستە نەمێنم، بمێنم یان نا وەکو یەکە.

**ڕووداو: رای مەسعود بارزانی لەسەر ئەوە چییە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** سەرۆک بارزانی رای خۆی لەوبارەیەوە داوە کە ئەو پۆستە دەبێ بۆ پارتی بێت. ئەگەر یەکێتیش بێتە پێش ئەوا ئاڵوگۆڕەکە تەنیا لە سکرتێری پەرلەمان دەبێ.

**ڕووداو: پەرلەمانتارانی پارتی دەڵێن نوێنەرانی یەکێتی لەنێو پەرلەمان زۆر موزایەدەی سیاسی دەکەن، وایە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** من باسی یەکێتی ناکەم بەڵکو باسی هەر هەموویان دەکەم لە فراکسیۆنی یەک کورسییەوە تاوەکو 38 کورسی کە پارتییە، هەر هەموویان هێشتا نەفەسی هەڵبژاردنیان پێوە دیارە. پرۆسەی هەڵبژاردنیان چۆن بەڕێوەبردووە هەر ئەو رۆحیەتە لەنێو دانیشتنی پەرلەمان دیارە. 90%یش پەیوەندی بە پەخشی راستەوخۆ هەیە، ئەگەر پەخشی راستەوخۆ نەمێنێ ئەو دیاردەیەش نامێنێ.

**ڕووداو: پارتی هەر لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە راگەیاند کە سەردەمی 50 بە 50 کۆتایی هات بۆ دابەشکردنی پۆستەکان، کەچی ئێستا یەکێتی 5 وەزارەتی هەیە، پارتیش هەر 5 وەزارەت، جێگری سەرۆکی حکومەت بەرامبەر بە سەرۆکی حکومەت لەسەرۆکایەتی هەرێمیش هەمان شێوە، کەواتە یەکێتی بردییەوە، وایە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** مەسەلە بردنەوە و دۆڕان نییە، هەردوو لایەن هاوپەیمان بوونە و یەکێتی مافی نازکردنی هەیە لەسەر پارتی و پارتیش نازی هەڵدەگرێ.

■ گۆڕینی مالیکی بڕیاری کۆتایی پارتییە

■ مەرج نییە پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ یەکێتی بێت

■ بارزانی پۆستی سەرۆکی عێراق وەرناگرێ

**ڕووداو: چەند رۆژ لەمەوبەر لەسەر مەسەلەی نەوت سەرۆکی حکومەت لە پەرلەمانی کوردستان بوو، بەڵام لە پرسیاری سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان تووڕە بوو، بۆچی؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بەمانای تووڕەبوون نەبوو، بەڵام وەڵامێکی توند بوو بۆ کاک رابوون کە لە سیاقی ئوسوڵی کاری پەرلەمان دەرچووبوو، پێش ئەوەی کاک نێچیرڤان قسە بکات من رام وابوو کە دەبووایە سەرۆکی پەرلەمان قسەی کردبایە، ئەو شێوازەی کاک رابوون کە هەندێ پرسی ورووژاند لە ئوسوڵی پەرلەمان دەرچوو، تۆمەتی تێدابوو، ناکرێ بەو شێوەیە تۆمەت ببەخشێتەوە و بڵێ حکومەتی هەرێمی کوردستان خەریکی دزی و قاچاخچێتییە، ئاراستەکردنی پرسیار ئوسوڵی خۆی هەیە. کە سەرۆکی پەرلەمانیش بێدەنگ بوو، کاک نێچیرڤان ناچار بوو بە توندی وەڵامی بداتەوە.

**ڕووداو: بەڵام پرسیارەکە بۆ سەرۆکی پەرلەمان نەبوو، بۆ دەبووایە ئەو وەڵامی بداتەوە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** هەر کەسێ لە ئوسوڵی پەرلەمان لابدات، یەکەم کەس وەڵامی هەبێ دەبێ سەرۆکی پەرلەمان بێت، کە ئەو وەڵامی نەدایەوە کاک نێچیرڤان داوای کرد قسە بکات. من دەمویست قسە بکەم، بەڵام لەبەر حەساسیەتی ئەوەی کە ئەمە لە فراکسیۆنێکی دیکەیە قسەم نەکرد و کاک نێچیرڤان قسەی کرد.

**ڕووداو: راتان چییە لەسەر ئەدای سەرۆکی پەرلەمان، لە کاری خۆیدا موەفەق بووە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** پێشبینیم دەکرد کاک یوسف لەکاری خۆیدا سەرکەوتوو بێت و بەڕاستیش هەروا دەرچوو. لەسەر ئیدارەکردنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانیش تاوەکو ئێستا ناکۆکی لە نێوان ئێمەدا دروست نەبووە.

**ڕووداو: ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتی ئێستاش پارتی و گۆڕان بڕوا ناکەن کە رێککەوتنێکیان ئیمزا کردووە، وایە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** رێککەوتنەکە زۆر گرنگ بوو، ئێستا متمانەیەکی زۆر باش لە نێوان گۆڕان و پارتی هەیە و دەتوانین زیاتر جێگیری بکەین.

■ ئێستا متمانەیەکی زۆر باش لە نێوان گۆڕان و پارتی هەیە

■ پارتی ناوی وەزیرەکانی تەواو کردووە

■ لەگەڵ یەکێتی رێککەوتووین کە وەزارەتی ناوخۆ و شەهیدان دوو ساڵ بە دوو ساڵ بێت

**ڕووداو: دوای هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسان، هەندێ لە کادیرانی پارتی رەخنەیان لە سەرکردایەتی پارتی گرت بەهۆی کەمبوونەوەی دەنگی پارتی، کەچی سەرکردایەتی سزای دان، ئەوە بە رەوا دەزانن؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** رەخنە ئەگەر بابەتی بێت و بۆ مەبەستی چاکسازی بێت ئەوا کێشە نییە، رەخنە بگرەو سوودی لێوەردەگرین، بەڵام ئەگەر میزاجی بێت و رووخێنەر بێت قبوڵ ناکەین. ئەو رەخنانەی لە فەیسبووکەوە دەنووسرێن لە جێی خۆیاندا نین. خەڵکانێک هەن رەخنە دەگرن لە پارتی، لە حاڵێکدا هیچیان بۆ باشترکردنی پارتی نەکردووە. رەخنەگرتن زانستە ئەگەر بەباشی نەبێ خزمەت ناکات. ئێستاش داوا دەکەین هەر کەسێ رەخنەی هەیە یان دیراسەتی هەیە بۆ باشتکردنی وەزعی پارتی، با رەوانەی مەکتەبی سیاسی بکات.

هەندێ جار پێویستە سزای حیزبی بەسەر هەندێ کادیردا بسەپێنرێ، چونکە ئەوانەی لە فەیسبووک دەنووسرێن هەندێکیان هەموو شتێکن بەس رەخنە نین. راستە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەدڵی ئێمە نەبووە، بەڵام پارتی شکستی نەهێناوە.

**ڕووداو: پێش هەڵبژاردن بە (ڕووداو)ت گوت پارتی لەم هەڵبژاردنە ملیۆنێک و 200 هەزار دەنگ دێنێ، کەچی 150 هەزار دەنگ کەمترتان هێنا، بۆچی پلانەکەی ئێوە سەری نەگرت؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** راستە بەباشی کارمان نەکرد و لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی پارتیش باسمکرد کە دوو گرفتی سەرەکیمان هەیە، یەکەم: زۆر بایەخ بە پلان نادەین. دووەم: لە دوای پرۆسەی هەڵبژاردنەکان زۆر بایەخ بە هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەکان نادەین وەکو پێویست و بە شێوەیەکی زانستی. ئەگەر ئەو دوو خاڵە چارەسەر کرابایە دەمانتوانی ملیۆنێک و 200 هەزار دەنگ بهێنین و کورسییەکانی ئێمەش زیاتر دەبوو. هەروەها کێشەمان هەبوو لە هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان و دابەشکردنیان. دەبێ پارتی هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ هەڵبژاردنی ئایندە ئامادە بکات. بەڵام سەرەڕای ئەوەش توانیمان پێگەی پارتی بپارێزین. هەرچی یەکێتی بوو پلانیان لە ئێمە باشتر بوو.

**ڕووداو: یەکێتی داوا دەکات لە هەولێر و دهۆک پارتی بە تەنیا حکومەتی ناوخۆیی پێکنەهێنێ و لایەنەکانی دیکەش بەشدار بن، ئێوە بەوە رازی دەبن؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** پارتی هیچ لایەنێک رەتناکاتەوە، بەڵام ئیدارەی ناوخۆیی نابێ بکرێ بە ئیدارەی سیاسی، بۆیە دەڵێین ناکرێ ئەو ئیستیقتابی سیاسی کە لە ئاستی باڵا هەیە دابەزێنی بۆ محەلی، چونکە ئاستی محەلی تەنیا ئیدارەکردنە.

**ڕووداو: رای پارتی لەسەر دروستکردنی ئیدارەی سلێمانی چییە، دەبێ چۆن پێکبهێنرێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** رای ئێمە ئەوەیە کە سەقامگیریی سیاسی تێدا جێگیر بێت و گرژیی سیاسی لەنێو ئیدارەدا خۆی نەبینێتەوە و ئەمەش بەتەوافوق دەبێ و پارتیش بۆ تەوافوق لە سلێمانی ئامادەیە. پێمان باشە هەر لایەنێک بەپێی ئیستیحقاقی خۆی پۆست لە سلێمانی وەربگرێ.

**ڕووداو: پۆستی پارێزگاری سلێمانی مافی کام لایەنە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بە تەئکید گۆڕان مافی ئەوەی هەیە دەست بە پێکهێنانی حکومەتی سلێمانی بکات و پارێزگاریش لە گۆڕان بێت، بەڵام دەبێ سازانیش لەگەڵ یەکێتی بکات وەکو هێزی دووەم و دواتر ئێمەین و دەبێ پۆست بە پارتیش بدرێ و پارتی داوا دەکات کە لە سلێمانی شەریکی راستەقینە بێت.

**ڕووداو: پێتانوایە گۆڕان لە سلێمانی پۆست بە پارتی بدات؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ئومێدەوارین گۆڕان وەکو یەکێتی نەکات و پارتی بکاتە شەریکی راستەقینە خۆی، چونکە پارتی قەبارەیەکی گەورەی هەیە لە سلێمانی و 10% کەم نییە پەراوێز بخرێ.

**ڕووداو: بارزانی رایگەیاندووە گەر مالیکی بمێنێ ئەوا راپرسی دەکەن، ئەم قسەیە جدییە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بەڵێ جددییە. هەر کەس لە بەغدا بیەوێ کورد لە شەراکەت دووربخاتەوە، ئینجا مالیکی بێت یان غەیری مالیکی قبوڵ ناکەین.

**ڕووداو: ئەوە بڕیاری کۆتایی پارتییە کە دەبێ مالیکی بگۆڕدرێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بەڵێ بڕیاری کۆتاییە و دەبێ بگۆڕدرێ و دووربخرێتەوە.

**ڕووداو: پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ یەکێتی دەبێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** نەخێر مەرج نییە بۆ یەکێتی بێت. بەڵام ئەو پۆستە بۆ کوردە.

**ڕووداو: پارتی چاوی لە پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** پارتی چاوی لێی نییە، بەڵام بۆ کوردە.

**ڕووداو: بەڵام یەکێتی دەڵێ ئەوە مافی خۆمانە و پۆستی سەرۆک کۆمار بەرامبەر بە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە.**

**جەعفەر ئیبراهیم:** نەخێر سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە هەڵبژاردن بووەو جیاوازە.

**ڕووداو: بارزانی خۆی پۆستی سەرۆکی عێراق وەردەگرێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** باوەڕناکەم ئەو پۆستە وەربگرێ.

**ڕووداو: ئەگەر لە تۆ بپرسن بارزانی ئەو پۆستە وەربگرێ یان نا، وەڵامت چی دەبێ؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ئەگەر مشاوەرە بە من بکات پێی دەڵێم بیکە باشترە، چونکە بەپێویستی دەزانم عێراق لەم قۆناغە ئینتیقالییەدا سەرۆکێکی بەهێزی هەبێ و ئەو پۆستە بەهەموو کەس پڕناکرێتەوە. ئەگەر کەسێکی دیکەی کورد بچێ و نەتوانێ ئەو پۆستە پڕبکاتەوە ئەوا بە زەرەر بۆ کورد دەشکێتەوە.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر بارزانی بووە سەرۆکی عێراق، پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چۆن پڕ دەکرێتەوە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** هەڵبژاردن دەکرێ و لە رێگەی هەڵبژاردنەوە کەسێک دادەنرێ، زۆر ئاساییە.

**ڕووداو: ئەگەر بارزانی پۆستی سەرۆکی عێراقی وەرنەگرت، پێشنیاز دەکەن نەوشیروان مستەفا ببێتە سەرۆکی عێراق؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** کاک نەوشیروان کەسێکی بەتوانا و لێهاتووە.

**ڕووداو: بەڵام لەنێو یەکێتی بەرهەم ساڵحیش چاوی لەو پۆستەیە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** لێت ناشارمەوە کاک بەرهەمیش کەسێکی لێهاتووە، بەڵام لەنێوان کاک نەوشیروان و کاک بەرهەم، کاک نەوشیروان هەڵدەبژێرین.

رووداو
راپۆرت
ژمارە (313) دووشەممە 2014/6/9

## فەتلاوی: هەولێر ناوماڵی شیعە پەرت دەکات



**رووداو- بەغدا**

حەنان فەتلاوی، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا جارێکی دیکە هێرشی کردەوە سەر هەرێمی کوردستان و گوتی "لە هەولێر پیلان لە دژی شیعە و حکومەت دەکرێت و ناو ماڵی شیعە پەرت دەکرێت". ئاماژە بەوەشدەکات هەندێک لایەنی شیعە لەگەڵ مەسعود بارزانی هاوپەیمانی دروست دەکەن. ئەو پەرلەمانتارە سەرسوڕمانی لە لێدوانەکانی کەڕار خەفاجی، سەرۆکی کوتلەی ئەحرار دەربڕی کە دەوڵەتی یاسا بەپەرتکردنی عەسای شیعی تۆمەتبار دەکات و دەڵێ "خۆیان دەچن هاوپەیمانی لەگەڵ مەسعود بارزانی و ئوسامە نوجێفی دەکەن".

# پێش یەکلابوونەوەی تانەکان یەکێتی گفتوگۆی دەستپێکرد

## گۆڕان:
## باسی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقیش لەگەڵ یەکێتی دەکەین

## یەکێتی:
## دوو کورسی هاتوونەتە پاڵ ئێمە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

هەموو لایەنە سیاسییەکان لە پارێزگای سلێمانی چاوەڕوانی کۆبوونەوەی یەکێتی و گۆڕان دەکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆی هاوپەیمانێتییەکان دەستپێبکەن، بەڵام پێناچێ ئەو گفتوگۆ چاوەڕوانکراوە ئەنجامێکی هەبێ، بەو پێیەی هەر یەکێک لەو لایەنانە بەتەمای وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری سلێمانییە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە "هەر سیناریۆیەک لە سلێمانی لەبەرچاوبگیرێ، هەر دەبێ یەکێک لەو دوولایەنە رازی ببێ بەوەی پۆستی پارێزگار بۆ ئەوی دیکە بێت".

هەڵبژاردنەکان خەریکە لە بیری خەڵک دەچنەوە، جارێکی دیکە سلێمانی بەهۆی سیناریۆ سیاسییە زۆرەکانەوە هەست بە نزیکبوونەوەی دەنگی پێی نائارامی دەکات و بەبڕوای زۆر لەوانەی کە چاودێریی پرۆسەی سیاسی دەکەن لە هەرێمی کوردستان، دەبێ سلێمانی ئارام بێت، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ئارام بێت.

د.دەرباز محەممەد، ئەندامی ژووری توێژینەوەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە پێش ئەوەی کۆبوونەوەی گۆڕان و یەکێتی ئەنجام بدرێ، دەبێ یەکێتی دان بەو راستییەدا بنێ "ئێمە براوەی هەڵبژاردنین لە سلێمانی و دەبێ پارێزگار بۆ ئێمە بێت و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاش بۆ یەکێتی".

بەپێی ئەو زانیاریانەی (تۆڕی میدیایی رووداو) لە هەندێک سەرچاوە دەستیکەوتوون، یەکێتی پێش یەکلابوونەوەی تانەی لایەنەکان لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، دەستی بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنەکان کردووە بۆ بەدەستهێنانی 50+1 و تاوەکو ئێستا توانیویەتی کورسی کۆتای مەسیحییەکان و سۆشیالیست بەدەست بهێنێ.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەبارەی یەکلابوونەوەی ئەو دوو کورسییە دەڵێ "بێگومان راستە، ئێستا ژمارەی کورسییەکانی ئێمە بوونەتە 13 کورسی، چاوەڕوانی ئەوەین یەکگرتووی ئیسلامیش هاوپەیمانێتی سلێمانی لەگەڵ ئێمە بکات".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی نەیشاردەوە کە حیزبەکەی هەوڵی خۆی لەگەڵ لایەنەکان دەستپێدەکات بۆ گفتوگۆکردن و دواتر لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕانیش کۆدەبێتەوە "بەڵام دەبێ بزووتنەوەی گۆڕان بە حیسابی براوە گفتوگۆمان لەگەڵ نەکات و دواتریش بەو شێوازە گفتوگۆکردنەش هیچی دەستناکەوێ".

بەڵام د.دەرباز محەممەد پێیوایە "یەکێتی ناتوانێ بەبێ گۆڕان ئیدارەی سلێمانی پێکبهێنێت و ئیسلامییەکان لەگەڵ یەکێتی رێکناکەون و پارتیش کاری وا ناکات" چونکە ئەو وای دەبینێ کە ئێستا لە سلێمانی هاوکێشەکە بەشێوەیەکە هیچ هێزێک ناتوانێ بەبێ گۆڕان بیر لە پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگاکە بکاتەوە.

یەکێتی ئامادەیە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و گۆڕانیش دەیەوێ دوای یەکلابوونەوەی تانەکان کۆبوونەوەکە ئەنجام بدرێ. لەتیف شێخ عومەر، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ "قسەی ئێمە بۆ گۆڕان و هەموو ئەو لایەنانەی دیکەش ئەوەیە کە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەین، دەبێ هەموو لایەنەکان تێیدا بەشداربن و دەبێ لەسەر مێزی گفتوگۆ یەکلایی بکەینەوە کێ پارێزگار وەردەگرێ".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی رەتیدەکاتەوە هیچ هێزێک براوەی سلێمانی بێت "براوە ئەوەیە 50+1ی هەبێ، بەڵام هیچ هێزێک ئەوەی نییە و بە دڵنیاییەوە باشترین چارەسەر ئەوەیە یەکێتی و گۆڕان لەناو ئیدارەکە هەبن".

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەڵێ "سیناریۆی 2 ساڵ بە 2 ساڵ پێشنیاز کرابوو، بەڵام گۆڕان بەوە رازی نابێت و ئەگەر یەکێتی هەر مل نەدات بۆ هێزی براوە کە پارێزگار وەربگرێت، بێگومان ئێمە ئەوکات پێویستمان بە کۆمەڵ و یەکگرتوو و پارتی دەبێ بۆ مسۆگەرکردنی 50+1".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان هەروەها دەڵێ "کێشەی سەرۆک کۆمار یەکلایی نەبووەتەوە و مادام ئێران مەرجی نییە کە پۆستی سەرۆک کۆمار چ لایەنێکی کوردی وەریبگرێت، پۆستەکانی بەغدا لەگەڵ پارێزگاکان دەکەینە یەک پاکێج، ئەوکات ئێمە لەگەڵ یەکێتی تەنیا باسی پارێزگاری سلێمانی ناکەین، بەڵکو باسی سەرۆک کۆماری عێراقیش دەکەین".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، باسی ئەو 4 ساڵە ئارامە دەکات کە لە سەرەتاوە بزووتنەوەی گۆڕان رایگەیاندبوو، بۆیە وای دەبینێ سەرەڕای ئەوە گۆڕان ناتوانێ بەهەندێک لەو سیناریۆیانە رازی ببێ کە وەک هێزی براوە مامەڵەی لەگەڵ ناکەن و گوتی "ئێمە ناتوانین بە 2 ساڵ چاکسازی پێشانی خەڵک بدەین، هەر بۆیە هەڤاڵ ئەبوبەکر، کاندیدی سەرەتا و کۆتایی ئێمەیە بۆ 4 ساڵی داهاتوو".

یەکێتی پێش وادە دەستی بە گفتوگۆی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکان کردووە و وەک ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتی "سۆشیالیست و کاندیدە مەسیحییەکە یەکلایی بوونەتەوە، چاومان لەوەیە یەکگرتوو و کۆمەڵیش لەگەڵ ئێمە بن".

بەڵام د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کە سەرۆکایەتی شاندی یەکگرتووی کرد بۆ لای یەکێتی، دەڵێ "هەوڵەکەی ئێمە بۆ زەمینەسازی بوو تاوەکو لایەنەکان لە بنەما گشتییەکانی بنکە فراوان و ئارامیی دوورنەکەونەوە و ئەوەندەی ئێمە تێگەیشتین، ئەوانیش کۆک بوون".

ناوبراو هەروەها دەڵێ تاوەکو تانەکان یەکلایی نەبنەوە هیچ دەرناکەوێ "بڕوام وایە ئەنجامێکی باش بێتە ئاراوە".

بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ "ئێمە و یەکگرتووش ناتوانین 50+1 بۆ هیچ لایەکیان دەستەبەر بکەین بەبێ پارتی". ئەحمەد رەشید باسی ژمارەی کورسییەکانی گۆڕان دەکات کە 12 کورسییە و دەڵێ "کورسییەکانی ئێمە و یەکگرتووش 4 کورسییە و ژمارەکە دەکاتە 16 کورسی کە نیوەی 32 کورسییەکەی ئەنجوومەنی پارێزگایە و ئەوکات دەبێ پارتی باڵانسەکە بەرز بکاتەوە "بۆیە هەر باشترە دوو زۆرینەکە بەیەکەوە رێکبکەون".




(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# هۆشیار عەبدوڵڵا و پەیامنێرەکە یەکدی بە "سیناریست" ناودەبەن

**عومەر شایان**
**رووداو- هەولێر**

هوشیار عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پێشووی کەناڵی KNN رایگەیاند ئەو کێشەیەی لە نێوان خۆی و پەیامنێرێکی KNNدا هەیە، پرسێکی میدیایی و رۆژنامەنووسی نییە و پرسێکی شەخسییە". هەروەها دەڵێت "یەکێتی لە پشت ئەو سیناریۆیەیە".

ماوەی چەند رۆژێکە تۆمارێکی دەنگی لە نێوان هۆشیار عەبدوڵڵا و ئامانج ئیسماعیل، پەیامنێری پێشووی کەناڵی KNN ئەو پەیج و ئەم پەیج دەکات. لە تۆمارەکەدا هۆشیار عەبدوڵڵا هەڕەشە لەو گەنجە دەکات گوایە پەیجێکی دروست کردووە بۆ هێرشکردنە سەری و هەروەها دەشڵێت لە هەڵبژاردن دەنگی پێنەداوە.

هوشیار عەبدوڵڵا بە (رووداو)ی گوت "ئەم برادەرە پەیجێکی لە فەیسبووک کردووەتەوە بەناوی گەندەڵییەکانی هوشیار عەبدوڵڵا و هەرچی تۆمەتی ئەخلاقی هەیە بۆ خۆم و خێزانم و دایکم کە تەمەنی 70 ساڵە و بۆ خوشکەکانم دروستکردووە." گوتیشی "دوای ئەوەی بە دۆکۆمێنێت ئاشکرام کرد کە ئەو کوڕە ئەدمینی پەیجەکەیە، زۆر لێی تووڕە بووم، بۆیە ئەو کارە تەنیا پەیوەندی بەم دوو کەسەوە هەیە نەک کاری رۆژنامەوانی."

سەبارەت بەوەی بۆ تاوەکو ئێستا سکاڵای لەسەر ئەو کەسە تۆمار نەکردووە، هوشیار عەبدوڵڵا گوتی "من بۆ خۆم باوەڕێکم هەیە و پێشتریش گوتوومە، هەرکەسێک لە بواری رۆژنامەوانیدا کار بکات تووشی ناوزڕاندنیشم بکات داوای یاسایی لەسەر تۆمار ناکەم." گوتیشی "ئەو تۆمارە دەنگییە تەلەفۆنی نییە، ئێمە رووبەڕوو قسە دەکەین، بۆیە هەستدەکەم ئەو کوڕە قوربانییە و هەست بە سێبەری حیزبێکی دیکە دەکەم لە پشت ئەم رووداوەوە".

هۆشیار عەبدوڵڵا نکۆڵی لە تۆمارە دەنگییەکەی نێوان خۆی و ئەو پەیامنێرە نەکرد، بەڵام گوتی "ئەو هەر لەسەرەتاوە هاتبوو بۆ تۆمارکردنی دەنگی من و کۆمەڵێک قسەی کرد کە منی تووڕە کرد، بەڵام بەداخەوە لە ناوەڕاستەوە قسەکانی لێداوە و ئەو قسە ناخۆشانەی خۆی کە لەسەرەتاوە دەیکات بۆ ئەوەی من تووڕە بکات لایبردووە."



### هۆشیار عەبدوڵڵا:
### یەکێتی لە پشت ئەو سیناریۆیەیە

هۆشیار عەبدوڵڵا کە لە هەڵبژاردنی 30ی نیسان لەسەر لیستی گۆڕان گەیشتە پەرلەمانی عێراق، پەنجەی تۆمەت بۆ حیزبێکی سیاسی رادەکێشێت و پێیوایە "ئەو پەیجە کە ئەو کوڕە کردوویەتییەوە بە سپۆنسەر و پشتیوانی پەیجەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان براوەبەڕێوە، ئەو گرتە ڤیدیۆیەش لە پەیجەکانی یەکێتی بڵاوکراوەتەوە و سپۆنسەر کراوە بۆ ئەوەی زۆر بڵاوبکرێتەوە، ئێستاش هەموو کەناڵەکانی یەکێتی لەسەری هاتوونەتە سەر خەت."

هەروەها دەڵێت "تارادەیەکی زۆر دڵنیام لەوەی کە ئەو پرسە سێبەری یەکێتی لە پشتە و لە سەرەتاوە سیناریۆیەکە بۆ من دانراوە."

بەڵام ئامانج ئیسماعیل پەیامنێری پێشووی ئەو کەناڵە سەبارەت بەو پرسە بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "بە پێی ئەو بەدواداچوونە وردەی کە من بۆ خۆم کردوومە، دیارە پەیجێک لە فەیسبووک دانراوە و رەنگە دەستی خۆشیانی لەپشتەوە بێت، لەوێدا من کراوم بە ئەدمین کە دەتوانرێت لە هەر پەیجێکدا چەند کەسێک بکرێت بە ئەدمین و خۆت ئاگات لێنەبێت."




### ئامانج ئیسماعیل:
### سیناریۆکەیان بە کاک هۆشیار جێبەجێ کرد

ئامانج ئیسماعیل یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو کێشەیە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "گوایە من لە کاتی هەڵبژاردندا کارم بۆ کاک هۆشیار نەکردووە و دەنگم بۆ نەداوە، کە ئەوە دوورە لە راستییەوە و ئێستاش پەشیمان نیم لەوەی دەنگم بە کاک هوشیار داوە."

هۆکارێکی دیکەش بۆ بەرپرسیارێتی نووسینگەی بتوێن، پشدەر، رانیەی کەناڵەکە دەگەڕێنێتەوە کە ئەنجوومەنی قەزای رانیەی بزووتنەوەی گۆڕان چەند جارێک داوایان لێکردووە دەست لەکار بکێشێتەوە و پێیانوابووە کەسێکی نەشیاوە و جیاوازی دەکات لە نێوان ناوچەکان و کارمەندانی ئەو کەناڵەدا کە "ئەوان پێیانوایە من لە پشتی ئەو نارەزایەتیانەم و گومانم هەیە ئەو کارانە ئەوان بۆیان هەڵبەستبم."

بە قسەی ئامانج ئیسماعیل "ئەو دەنگەی کە بڵاوکراوەتەوە لە ژووری بەڕێوەبەری KNN گیراوە کە درەنگانێکی شەوی 8-ی مانگ من ئاگادار کرامەوە لەلایەن کارمەندێکی ئەو کەناڵەوە کە سەردانی ئەوێ بکەم، دواتر لە ژووری بەڕێوەبەری ئەو کەناڵە کە ئەوکات کاک هوشیار بەڕێوەبەر نەمابوو، ئەو لێپێچینەوە توندە و ئەو هەڕەشانە بەشێوەی رووبەڕوو لە من کران."

ئامانج ئیسماعیل ئەو رووداوە بە سیناریۆ ناودەبات و دەڵێت "ئەوە سیناریۆیەکە کە داڕێژراوە و دەستێکی لە پشتە کە نازانم رقیان لە منە یان لە کاک هۆشیار و ئەو پلانەیان بە کاک هۆشیار جێبەجێ کرد."

سەبارەت بەوەی هیچ هەوڵیداوە بیسەلمێنی ئەو پەیجە پەیوەندی بەوەوە نییە، ئامانج ئیسماعیل گوتی "من چەند جارێک هەوڵمدا کە بۆی دەربخەم ئەو پەیجە دوور و نزیک پەیوەندی بە منەوە نییە، هەر ئەو رۆژەش بۆ ئەوە رۆیشتبووم و دوای ئەوەی ئەو گفتوگۆیانە لە نێوانماندا روویدا پەیوەندی تەلەفۆنیم لەگەڵی گرت کە بڵێم بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە پێویستە لێک تێگەیشتنمان هەبێت، بەڵام ئەو بە جنێوی ناشیرین منی لە ژوورەکەی کردە دەرەوە و وەڵامی پەیوەندییەکانی نەدامەوە."

ئامانج ئیسماعیل قسەکانی هۆشیار عەبدوڵڵا بیر دێنێتەوە کە گوتوویەتی "دەتکەم بە پەند و کارێکت پێدەکەم لە کوردستان جێگات نەبێتەوە" دەشڵێت "یەکەم هەنگاوی بڵاوکردنەوەی ئەو گرتە ڤیدیۆییە بوو بۆ جێبەجێکردنی ئەو هەڕەشانەی".

ئەو رۆژنامەنووسە هەروەها رەتیدەکاتەوە کە گرتە ڤیدیۆییەکە لەلایەن ئەو بڵاوکرابێتەوە "ئەو گرتە ڤیدیۆییە لەلایەن منەوە بڵاونەکراوەتەوە و گومانم هەیە کە لەلایەن ئەوانەوە بڵاوکرابێتەوە، ئەو ژوورەی کە من و ئەوی لێبووین کە ژووری بەڕێوەبەری KNN بوو کامێرای چاودێری تێدا بوو، گومانم هەیە خۆیان بڵاویانکردبێتەوە."

ئەو رۆژنامەنووسە پێیوایە گیانی لە مەترسیدایە و دەڵێت "ئێستا من بە هۆی ئەو هەڕەشانەوە شەوانە ناوێرم بڕۆمە دەرەوە و داوا لە لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و رێکخراوە رۆژنامەوانییەکان دەکەم، ژیانم بپارێزن و سەلامەتی گیان و ژیانم لە ئەستۆی ئەو بەڕێزەدایە."

ڕووداو
ژمارە (313) دووشەممە 2014/6/9



## فەلاح مستەفا: ئەمریکا وەک بەسرە سەیری کوردستان دەکات




**ڕووداو- هەولێر**

فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ ئەگەر ئەمریکاش پشتگیری فرۆشتنی نەوتی کوردستان نەکات، ئەوان لەو بڕیارە پاشگەز نابنەوە. ناوبراو کە بەشداری بەرنامەی (ڕووداو ئەمڕۆ)ی کەناڵی ڕووداوی کرد ئاماژەی بەوەشکرد، کە ئەمریکا بێلایەنیی هەڵبژاردووە لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و گوتی "ئەوەی بۆ ئەمریکا گرنگە عێراقە، ئەمریکا جیاوازیی ناکات و بەسرە و هەرێمی کوردستان وەک یەک سەیر دەکات".

**لە کۆبوونەوە داخراوەکەی نێچیرڤان بارزانی و پەرلەمانتاراندا چی لەبارەی نەوت گوترا؟**

### بەبێ ئیمزای ئەوان پارەی نەوت دەرنایەت

# تەنیا چوار کەس دەتوانن ئیمزا لەسەر خەرجکردنی داهاتی نەوتی کوردستان بکەن



کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بۆ ڕوونکردنەوەی دۆسیەی نەوت

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

فرۆشتنی نەوتی کوردستان ئیدی دەستیپێکردووە، قسە لەسەر داهاتەکەیە کە کێ دەسەڵاتی خەرجکردنی هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەلایەن سەرۆکی حکومەتی (کاربەڕێکەر)ی هەرێمی کوردستانەوە درایەوە کە تەنیا بە ئیمزای چوار کەس پارەی ئەو نەوتە خەرج دەکرێ.

ئەوە لەکاتێکدایە کە بەگوێرەی زانیاریی پشتڕاستکراو، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاندووە کە ئەوان دژی فرۆشتنی نەوتی کوردستان نین.

نێچیرڤان بارزانی کە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ڕاسپێردراوە، لە کۆبوونەوەی داخراوی ڕۆژی 4ی حوزەیران لەگەڵ پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان، وردەکاری زۆری لەبارەی داهاتی نەوت و هەڵوێستی ئەمریکا لە فرۆشتنی نەوتی کوردستان ئاشکرا کردووە.

بارزانی، پەرلەمانتارانی دڵنیاکردبووەوە کە ئەمریکا ڕێگر نییە لە فرۆشتنی نەوتی کوردستان و گوتبووی "ڕاستە لێرە و لەوێ دەڵێن با هەولێر و بەغدا بگەنە ڕێککەوتن، بەڵام ئەگەر نەگەینە ڕێککەوتنیش ئەوان ڕێگر نابن".

برێت مەکگورک، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و بەرپرسی دۆسیەی عێراق لەو وەزارەتە لەمیانەی سەردانێکیدا بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵوێستی وڵاتەکەی لە فرۆشتنی نەوت و پرسی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق ئاشکرا کردووە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەیەکی زۆر ئاگادارەوە دراونەتە (ڕووداو)، مەکگورک بە بەرپرسانی هەرێمی کوردستانی گوتووە کە وڵاتەکەی دژی فرۆشتنی نەوتی کوردستان نییەو ئەو وێنەیەی لەسەر ئەمریکا دروست بووە کە گوایە دژی فرۆشتنی نەوتە، ڕاست نییە.

مەکگورک هەروەها گوتوویەتی کە "ئەمریکا وای بە باشتر دەبینێ هەولێر و بەغدا بگەنە ڕێککەوتن".

نێچیرڤان بارزانی جگە لە ئەمریکا باسی هەڵوێستی ئێرانیشی کردووە و گوتوویەتی کە "ئەوانیش ڕێگر نین، تەنانەت ئێستا لەگەڵ ئێران لە پەیوەندی پتەودایین بۆ ئەوەی دوو بۆری نەوتی وەکو ئەوەی تورکیا بۆ ئێرانیش رابکێشین".

دەربارەی شەفافیەت لە داهاتی نەوتی کوردستان کە دەچێتە هاڵک بانک و چۆنێتی فرۆشتنی و ئەوەی کە کێ ئاگادارە، نێچیرڤان بارزانی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و لیژنەی دارایی و ئابووری و وزە گوتی "داهاتی نەوتی کوردستان لە هاڵک بانکەوە تەنیا دێتە بانکی هەرێم، بەڵام بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا دەبێ چوار کەس لە هەرێمی کوردستان ئیمزا بۆ هاڵک بانک بکەن تاوەکو پارەکە دەگوازرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان".

نێچیرڤان بارزانی پلە و پۆستی ئەو چوار کەسە ئاشکرا دەکات و دەڵێ "کاتێک هەرێمی کوردستان داوا لە هاڵک بانک دەکات بۆ گواستنەوەی پارە، دەبێ ئیمزای هەریەک لە سەرۆکی حکومەت، جێگرەکەی، وەزیری سامانە سروشتییەکان، وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر بێت. ئەگەر یەکێک لەم چوار کەسە ئیمزا نەکات پارەکە نادرێ".

عەلی حەمەساڵح، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان کە یەکێک بوو لە ئامادەبووانی ئەو کۆبوونەوە داخراوە، لەبارەی ئەم میکانیزمەوە دەڵێت "ئەمە هەنگاوێکی زۆر باشە، چونکە ئەوکات هەموو لایەک ئاگاداری داهاتی نەوت دەبن و پرۆسەکەش شەفافتر دەبێ، دەزانرێ چەند نەوت فرۆشراوە و داهاتەکەشی چەند دەبێ".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، جگە لە حەقدەستی کۆمپانیاکانی نەوت کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، تا کۆتایی ئەمساڵ 3 ملیار دۆلار لە داهاتی نەوت دێتە نێو خەزێنەی هەرێمی کوردستانەوە. بەڵام ئەو بڕە پارەیە تەواوی خەرجی و پێداویستی هەرێمی کوردستان لە پارە دابین ناکات.

نێچیرڤان بارزانی لە وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارانی ئامادەبووی ئەو کۆبوونەوە داخراوە، بێ ئومێدیی خۆی لە گەیشتنە چارەسەر لەگەڵ بەغدا دەربڕیوە و گوتوویەتی کە ئاسۆی چارەسەرکردنی کێشەی بودجە لەگەڵ بەغدا ڕوون نییە و ئەوان بێئومێدن لەوەی کە مالیکی بودجەی کوردستان ڕەوانە بکات.

**بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**خەرجی مانگانەمان لە ملیار و نیوێکەوە بۆ ملیارێک و 200 ملیۆن دۆلار کەم کردووەتەوە**

بەپێی پرۆژە بودجەی عێراق بۆ 2014، پشکی هەرێمی کوردستان دەبووایە نزیکەی 18 ملیار دۆلار بووایە، بەڵام ڕەشید تاهیر، بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری دەڵێت "بەغدا تاوەکو ئێستا تەنیا یەک تریلیۆن دینار (850 ملیۆن دۆلار)ی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کردووە لەکاتێکدا دەبووایە شەش تریلیۆنی ناردبایە".

ڕەشید تاهیر بە (ڕووداو)ی گوت "خەرجیی مانگانەی هەرێمی کوردستان بۆ هەر مانگێک زیاتر لە ملیارێک و 500 ملیۆن دۆلارە ئەگەر ساڵی 2013 بکەینە پێوەر، چونکە بودجەی 2014 مان نییە". بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری دەڵێ "لەبەر ئەوەی داهاتی بەغدامان نییە، دەستمانکردووە بە دەستگرتنەوە (تەقەشوف) و ئێستا خەرجی مانگانەمان بووە بە ملیارێک و 200 ملیۆن دۆلار".

ئەگەر بەغدا پارەی هەرێمی کوردستان نەدات، ئەوا هەرێمی کوردستان تەنیا لە داهاتی نەوت بۆ ساڵی داهاتوو "9 ملیار دۆلاری دەستدەکەوێ". ئەمە قسەی نێچیرڤان بارزانی بوو لەو کۆبوونەوە داخراوەدا بۆ پەرلەمانتاران.

بەپێی پلانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، تاوەکو کۆتایی ساڵی 2015 هەرێمی کوردستان توانای هەناردەکردنی 500 هەزار بەرمیل نەوتی دەبێ لە ڕۆژێکدا، ئێستاش بەپێی لێدوانەکانی تانەر یلدز، وەزیری وزەی تورکیا، هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 100 بۆ 120 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی تورکیا دەکات و پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتیش بۆ بازاڕەکانی جیهان بەردەوامە.

پەرلەمانتارانی کوردستان داوایان کردبوو کە پێویستە هەرێمی کوردستان خەرجی خۆی کەم بکاتەوە. عەلی حەمەساڵح، دەڵێ "هەرێمی کوردستان ناتوانێ تەنیا پشت بە داهاتی نەوت ببەستێ و خەرجیی هەرێمی کوردستانیش بەپێی هەندێ ئامار 16 ملیار دۆلارە، ئەو پارەیەی لە داهاتی نەوت دەگاتە دەست هەرێمی کوردستان دوای دەرهێنانی حەقدەستی کۆمپانیاکان زۆر کەمترە لە 16 ملیار دۆلار. بۆیە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لە داهاتی نەوت داهاتی ناوخۆ زیاد بکات و پلانێکی ورد دابنێ بۆ پێداچوونەوە بە خەرجییەکانی حکومەت کە زیادەڕەوی نەکرێ".

دەربارەی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان چۆن خەرجی و مووچەی فەرمانبەران دابین دەکات لەسایەی ئەو بارودۆخەدا، ڕەشید تاهیر گوتی "لە داهاتی نەوت، ناوخۆ و هەندێ قەرزی ناوخۆ خەرجییەکان دابین دەکرێ". گوتیشی "تاوەکو ئێستا هیچ قەرزێکمان لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان نەکردووە".

# (ڕووداو) ناوی وەزیرەکانی حکومەتی داهاتوو بڵاودەکاتەوە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

تەنیا هەفتەیەک لەبەردەم نێچیرڤان بارزانی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ماوە تاوەکو پێکهاتەی حکومەتەکەی پێشکەشی پەرلەمان بکات بۆ بەدەستهێنانی متمانە. لەکاتێکدا پارتی زۆربەی وەزیرەکانی کابینەی پێشوو لەشوێنی خۆیان دەهێڵێتەوە، یەکێتی نیشتمانی تەنیا یەک وەزیری کۆنی هێشتووەتەوە و ئەمجارە لە "بادینان"یش وەزیری دەبێت.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی 9 مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، لایەنەکان گەیشتنە قۆناغی کۆتایی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم.

### یەکێتی ناوی نوێی هەیە

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەزیرەکانی خۆی یەکلایی کردووەتەوە، بەشێوەیەک هەر پێنج وەزیرەکانی لەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و کەرکووک دابەش کردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە لیژنەی دەستنیشانکردنی وەزیرەکانی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "یەکێتی بڕیاری داوە وەزیرەکان بەسەر هەریەک لە پارێزگای سلێمانی، هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە و کەرکووک دابەش بکرێ".

گوتیشی "وەزیری تەندروستی بۆ سلێمانی، خوێندنی باڵا بۆ کەرکووک، ڕۆشنبیری بۆ دهۆک، ئاوەدانکردنەوە بۆ هەولێر، شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بۆ هەڵەبجە دەبێ".

دەربارەی ناوی وەزیرەکان، سەرچاوەکەی یەکێتی گوتی "لە وەزیرە کۆنەکان تەنیا وەزیری تەندروستی دەمێنێتەوە کە دکتۆر ڕێکەوت حەمە ڕەشیدە. خالید دۆسکی دەبێتە وەزیری ڕۆشنبیری و دەرباز کۆسرەتیش دەبێتە وەزیری ئاوەدانکردنەوە".

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەربارەی دیاریکردنی وەزیرەکان گوتی "یەکێتی سێ پێوەری دانا بۆ هەڵبژاردنی وەزیرەکان، ئەوانیش: پسپۆڕی، گەنجی، ناوچەی جوگرافی".

گوتیشی "لەم ڕۆژانەدا کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی دەکرێ و ناوی وەزیرەکان پەسەند دەکرێ، ئینجا ڕادەستی سەرۆکی حکومەتی داهاتوو دەکرێ".

### گۆڕان لیستەکەی ئامادەیە

بزووتنەوەی گۆڕانیش دوای تاوتوێکردنێکی زۆر لەسەر ناوی وەزیرەکان کە کێ بکرێ بە وەزیر، لیستی خۆی ئامادەکردووە و لەماوەی چەند کاژێری داهاتوودا پێشکەشی نێچیرڤان بارزانی، ڕاسپێردراوی حکومەتی داهاتووی دەکات.

(ڕووداو) لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە زانیویەتی کە لیستەکەی گۆڕان پێکدێ لە مستەفا سەید قادر، وەزیری پێشمەرگە. ڕێباز محەممەد، وەزیری دارایی.

ئاراس وەلی، وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و دکتۆر هاشم، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی. هەروەها ساماڵ سەردار کە بە (ساماڵی محامی) ناسراوە، دەکرێ بە سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان.

### پارتی تەنیا یەک وەزیر دەگۆڕێت

پارتی دیموکراتی کوردستان جگە لە وەزیری شارەوانی، تاقمەکەی کابینەی پێشوو وەکو خۆی دەهێڵێتەوە، بەوجۆرەش عیسمەت خالید لە وەزارەتی پەروەردە.

کەریم شنگالی لە وەزارەتی ناوخۆ. د.ئاشتی هەورامی، لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و عەلی سندی لە وەزارەتی پلاندانان دەمێننەوە و پارتی تەنیا دڵشاد شەهاب، وەزیری شارەوانی دەگۆڕێ.

بەرپرسێکی باڵای پارتی لەبارەی دەستنیشانکردنی وەزیرەکانی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "پارتی بۆیە وەزیری شارەوانی دەگۆڕێ، چونکە جگە لە ئاشتی هەورامی هەموو وەزیرەکانی دیکە دەبنە بادینی و پارتیش زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە دەکات".

### کۆمەڵ وەزیرەکانی ناگۆڕێ

کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێش سێ لایەنەکەی دیکە وەزیرەکانی خۆیان یەکلایی کردەوە، بەڵام لەبارەی دیاریکردنی بەربژێرەکانی کۆمەڵ هەندێ نیگەرانی لە ڕیزی کادیرانی ئەو حیزبە پەیدابوو.

بیلال سلێمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی گوتی "ڕاستە نیگەرانی هەیە، بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی کاندیدەکانی خۆی ناگۆڕێ و تاوەکو ئێستا هەر وەکو خۆیەتی".

بەپێی بڕیاری سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، هەریەک لە عەبدولستار مەجید، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم بۆ وەزیری ژینگە دانراون.

بیلال سلێمان دەڵێ تاوەکو ئێستا "ناوی کاندیدەکانی خۆمان پێشکەش نەکردووە، چونکە بەفەرمی داوا لە ئێمە نەکراوە ناوەکان پێشکەش بکەین".

**سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:**

**سێ پێوەرمان بۆ هەڵبژاردنی وەزیرەکان هەیە**

**بیلال سلێمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی:**

**وەزیرەکانمان ناگۆڕین**

### یەکگرتوو خەریکی شوێنی مەلائیکەیە

هەرچی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە یەکەم لایەن بووە وەزیرەکانی خۆی یەکلایی کردووەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکێک لە وەزیرەکانی (عومەر مەلائیکە) دەستی لەکارکێشایەوە، ئێستا سەرقاڵی ئەوەن کێ لە شوێنی ئەو بکەن بە سەرۆکی دەستەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

هەر کەسێک لە نێو یەکگرتوو هەر پۆستێکی حکومی وەربگرێ دەبێ OKی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ئەو حیزبە وەربگرێ.

محەممەد ڕەئوف، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ وەزیرەکانی ئێمە "تەواو بوون".

تەنیا یەک وەزیر ماوە و داوایان لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو کردووە لە سلێمانی کە سێ ناویان بۆ بنێرن تاوەکو یەکێکیان هەڵبژێرن.

یەکگرتووی ئیسلامی لە حکومەتی داهاتوودا چوار وەزیریان دەبێ. نەسرەدین سەعید، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، سەلاحەدین بابەکر، وەزارەتی کارەبا، محەممەد هاودیانی، ڕێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەت کە پلەکەی وەزیرە، ئەکرەم محەممەدیش دەکرێتە بەرپرسی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان.



## لایەنگرانی PKK ئاڵای تورکیا دادەگرن

**ڕووداو- ئامەد**

دوای بە خاکسپاردنی ئەو هاووڵاتییەی ڕۆژی 2014/6/7 لە پێکدادانەکانی ناوچەی لیجەی باکووری کوردستان گیانی لە دەستدا، گرووپێک لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستان هێرشیان کردە سەر بنکەی ژمارە 2 ی هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا و ئاڵای تورکیایان لەو بنکەیە هێنایە خوارەوە. هاوکات گرووپەکە بە مەبەستی نارەزایی دەربڕین بەرامبەر ڕووداوەکانی لیجە شەقامێکی سەرەکییان داخست و ئاگریان کردەوە. پۆلیسیش بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران ئاو و گازی فرمێسکڕێژی بەکارهێنا.

### موگەنس بژەرەگارد، سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی ئەوروپا:

# ئەو دووڕوویەی PKK و PYD زۆر سەیرە



**دەنیز سەرینجی**
**ڕووداو- دانیمارک**

موگەنس بژەرەگارد، سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی ئەوروپا EFJ نیگەرانی خۆی بەرامبەر بارودۆخی پەیامنێران لە ڕۆژئاوای کوردستان دەردەبڕێت.

ڕۆژی 2014/5/21 لە شاری قامشلۆ پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD سکاڵای لەسەر چەند سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووسێک تۆمار کرد گوایە هێرشیان کردووەتە سەر دەستکەوتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان.

موگەنس بژەرەگارد، ئیدانەی ئەم سکاڵایەی کرد و دەربارەی گرنگیی کاری ڕۆژنامەوانیی ئازاد گوتی "ئەم سکاڵایە هێرشێکە لە دژی ڕاگەیاندنی ئازاد و قەبوڵ ناکرێت. دەبێت PYD ڕێ بە کارکردنی ڕۆژنامەنووسان بدات و ڕێیان لێ نەگرێت و مۆڵەتی کارکردنیان بدات، لەبەر ئەوەی ئازادیی ڕۆژنامەنووسان زۆر گرنگە بۆ ڕاگەیاندنێکی ئازاد".

ناوبراو هەروەها بە (ڕووداو)ی گوت "بەرپرسان مافی ئەوەیان نییە دەست لە کاری ڕۆژنامەنووسان وەربدەن. ڕەخنەگرتن بەشێکی سروشتی کاری ڕۆژنامەنووسانە".

پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان لەلایەن دەسەڵاتدارانی PYD لە ڕۆژئاوای کوردستان، ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنووریشی هێنایە دەنگ و لە سەرەتای مانگی ڕابردوودا لەوبارەیەوە ڕاپۆرتێکیان بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو "PYD و نزیکەکانیان هەر ڕۆژنامەنووسێک کە ڕەخنەیان لێ بگرێت دەستگیری دەکەن و لەهەندێک حاڵەتیشدا دەیرفێنن، بۆ ترساندن و بێدەنگکردنیان". ڕاپۆرتەکە بۆ نموونە باسی گرتنی محەممەد مەحموود بەشار، پەیامنێری (تۆڕی میدیایی ڕووداو) دەکات کە لەلایەن ئاسایشی PYD وە دەستبەسەر کرا و 5 ڕۆژ لە گرتووخانەدا بەندکرا.

بەرپرسانی PYD ئامادە نەبوون وەڵامی (ڕووداو) بدەنەوە لەسەر ڕاپۆرتەکەی پەیامنێرانی بێسنوور. کارلۆس زوروتوزا کە ڕۆژنامەنووسێکی هەرێمی باسکی ئیسپانیایە، دەڵێت لە ڕۆژئاوای کوردستان بەبێ هیچ ئاستەنگێک کاری خۆی دەکات و پێیوایە ئەو ڕەخنانەی لە PYD دەگیرێن ڕاست نین. زوروتوزا بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژنامەنووس هەن کە ئازادانە کار دەکەن، بەبێ هیچ کێشەیەک و مافەکانیشیان پارێزراوە، بۆیە هەموو ئەو پڕوپاگەندانەی باسی گرتنی ڕۆژنامەوانان دەکەن ڕاست نین".

بەڵام فەهمی مەجید کە خەڵکی قامشلۆیە و نزیکەی 40 ساڵ لە تەلەفزیۆنی فەرمیی دەوڵەتی دانیمارک و ڕادیۆی دانیمارک کاری کردووە، دەڵێت "زوروتوزا تووشی کێشە نابێت، چونکە ئەو ڕۆژنامەنووسێکی کورد نییە،PYD هێرش ناکاتە سەر ڕۆژنامەنووسانی بیانی، لەبەرئەوەی بەباشی دەزانن بەرەڕووی ڕەخنەی نێودەوڵەتی نەبنەوە، لەبەرئەوەیە کە PYD کێشە بۆ ڕۆژنامەوانانی بیانی دروست ناکات". گریستین سنجلایر، سەرۆکی ناوەندی بەشی ڕۆژئاوا لە زانکۆی ئەریزۆنای ئەمریکیش هەمان تێڕوانینی هەیە کە تەنیا ڕۆژنامەنووسانی کورد دەردەکرێن و دەستەبەسەر دەکرێن "فشارەکان زیاتر لەسەر ڕۆژنامەنووسانی دەزگا میدیاییەکانی هەرێمی کوردستانە. ئەمە لە ئەنجامی ناکۆکییەکی گەورەترە لەنێوان PYD لە ڕۆژئاوای کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان PDK لە کوردستانی عێراق".

ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور کۆتایی هەفتەی ڕابردوو ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا ڕەخنەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان گرتبوو، بەهۆی ئەوەی فشاری خستووەتە سەر ئەو دەزگا و ڕۆژنامەنووسانەی لە هەرێمی کوردستان کار بۆ PKK دەکەن. پێش چەند ساڵێک لە دانیمارک، سکاڵای بەناوبانگی دژی کەناڵی کوردی Roj-TV سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا، دوای ئەوەی بە بڕیاری دادگای باڵای دانیمارک ئەو کەناڵە کوردییە داخرا. پارتی کرێکارانی کوردستان ئەوکات ڕەخنەی توندی لە حکومەتی دانیمارک گرت کە "مافی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن پێشێل دەکات". موراد قەرەیلان، سەرۆکی پێشووتری KCK ئەوکات ڕەخنەی لە بڕیارەکەی دادگای باڵای دانیمارک گرت. دواتریش کە ساڵح موسلیم سەرۆکی PYD سەردانی دانیمارکی کرد، ئەویش ڕەخنەی لە بڕیاری دادگا گرت و گوتی کە لە دژی مافی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی ڕاگەیاندنە. موگەنس بژەرەگارد، سەرسوڕمانی خۆی لە PKK و PYD دەربڕی کە ڕەخنە لە دانیمارک دەگرن "بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێرانی بێسنوور ئەوان پێشێلی مافی ئازادیی ڕادەربڕین دەکەن، بەڕاستی ئەو دوو ڕوویەی ئەوان زۆر سەیرە".

## جەنگیز چاندار بۆ (ڕووداو)

# شەرمەزارییە زمانی کوردی نەزانم



نووسەری بەناوبانگی تورک جەنگیز چاندار لەو ڕۆژانەدا چووە پەرتووکخانەی مەدیا لە ئیستانبوڵ و لەوێ بە زمانی کوردی لەگەڵ خاوەنی پەرتووکخانەکە قسەی کرد. چاندار ماوەی سێ ساڵە لەلایەن مامۆستایەکی کورد بە ناوی شەریف دەرینجە، وانەی زمانی کوردی دەخوێنێت.

بەڵام کاتێک وەک پەیامنێری (ڕووداو) بۆ پرسیاری ئەو بابەتە پەیوەندیم پێوە کرد، ئەو پرسیاری کرد کە "ئایا ئەو مەسەلەیە هیچ بەهایەکی هەواڵی تێدا هەیە". وەڵامی من ئەوە بوو کە ئەگەر ماوەی چەندین ساڵ بێت سیاسەتمەدارانی کورد نەیانتوانیبێ خۆیان فێری زمانی کوردی بکەن و نووسەرێکی تورک دەستیپێکردبێت، پێموایە بەڵێ بەهای هەواڵی تێدایە. بەوجۆرە چاندار ڕازی بوو لە ڕێگەی ئیمەیلەوە ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ بکرێت.

هەڤپەیڤین: یادۆ جوان

### ئێستا پەرتووکی (بیرەوەری)ی نورەدین زازا دەخوێنمەوە

### فێربوونی زمانی کوردی وەکو پێویستییەکی ئەخلاقی دەبینم

**ڕووداو: بیرۆکەی فێربوونی زمانی کوردی چۆن لای تۆ پەیدابوو؟ مەبەستت ئەوەبوو کە بەهۆی فێربوونی زمانەوە کاری نووسین و ڕۆژنامەنووسی فراوانتر بکەی؟**

**جەنگیز چاندار:** بیرۆکەی فێربوونی زمانی کوردی چەند ساڵێک لەمەوبەر دروستبوو. ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە کاری ڕۆژنامەنووسی و نووسینەوە نییە. تەنیا یەک هۆکاری هەیە، ئەویش ئەوەیە کە من وەکو کەسێکی ئاگاداری کێشەی کورد و وەکو دۆست سەیری کورد دەکەم، فێربوونی زمانی کوردی وەکو پێویستییەکی ئەخلاقی دەبینم. کورد زمانی من دەزانن. هەروەها ئەگەر حیسابی ئەوەش بکەین کە ئەوان هاونەژادی ئیمەی سەردەمی عوسمانین، ئەوکاتە فێربوونی زمانی کوردی بە مانای پاراستنی کەلتووری خۆمان دێت. من زمانی عەرەبی دەزانم و پێویست بوو زمانی کوردیش بزانم و قسەی پێبکەم. چونکە ئەگەر وا نەبێت، شەرمەزار دەبم بەرامبەر هەموو کورد کە هەموویان زمانی تورکی دەزانن.

**ڕووداو: دەتەوێ تەنیا لە کوردی تێبگەیت، یان بەشێوەیەکی باش فێری زمانەکە ببی؟**

**جەنگیز چاندار:** مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ باش لە زمانێک تێبگات، پێویستە فێری نووسین و خوێندنیشی ببێت. من بێجگە لە زمانی تورکی، سێ زمانی دیکە دەزانم. بەڵام بەبێ خوێندن و نووسین ناتوانیت تێبگەیت، هەرگیز فێریش نابیت. من ئێستا گەیشتوومەتە ئاستێک کە دەتوانم بخوێنمەوە و بنووسم.

**ڕووداو: واتە دەتوانن ئەو وتارانەی بە کوردی دەنووسرێن، بخوێننەوە و تێیبگەن؟**

**جەنگیز چاندار:** بەڵێ دەتوانم بخوێنمەوە و تا ڕادەیەکیش تێیدەگەم. هەڵبەت من هێشتا لە سەرەتادام، بەڕاستی دەبووایە زۆر باشتر بوومایە. من ئێستا پەرتووکی (بیرئانین/ بیرەوەری)ی نورەدین زازا دەخوێنمەوە.

**ڕووداو: زمانی کوردی ئاسانە بۆ فێربوون؟**

**جەنگیز چاندار:** ئەگەر مەبەستت بێت فێری زمانێک ببی، ئەوکاتە هیچ زەحمەتی تێیدا نییە. بۆ من ئەوەی زەحمەتە ئەوەیە کە من دوای 60 ساڵی دەستمکرد بە فێربوونی زمانی کوردی. هەڵبەت لە تەمەنێکی کەمتردا زۆر ئاسانتر و خێراتر فێردەبووم.

ڕووداو: ئێستا لەگەڵ کێ بە کوردی قسە **دەکەی؟**

**جەنگیز چاندار:** کاتێک لەگەڵ کوردێک دادەنیشم. هەروەها لە کۆرسی زمانیشدا هەفتانە ماوەی سێ کاژێر بە کوردی لەگەڵ مامۆستا دەدوێم.

**ڕووداو: کاردانەوەی خەڵکی کورد و تورک بەرامبەر ئەو کارەتان چی بووە؟**

**جەنگیز چاندار:** بەگشتی کاردانەوەی ئەرێنی هەبووە. برادەرانی تورک حەسوودیم پێدەبەن و کوردیش زۆری پێ خۆشە.

**ڕووداو: پێتانوایە چ هۆکار و پێویستی هەن کە کەسێکی تورک هانبدەن بۆ فێربوونی زمانی کوردی؟**

**جەنگیز چاندار:** تورکەکان دەبێ خۆیان فێری زمانی کوردی بکەن. ئەوە وەکو ڕێزگرتنێکە لە گەلی کورد. هەروەها بۆ تێگەیشتن و ئاگاداربوون لەسەر مەسەلەی یەکسانیش پێویستە. ئەگەر یەکسانی دروست نەبێت، ئەوکاتە کێشەی کوردیش بە تەواوی چارەسەر ناکرێت.

**ڕووداو: ئەگەر داوای ڕستەیەکی کوردیتان لێ بکەین، چی دەڵێن؟**

**جەنگیز چاندار:** ئەو پرسیارە وەڵامنادەمەوە. ئەوە ساڵانی منداڵیم بەبیردێنێتەوە کاتێک لە قوتابخانە دەگەڕامەوە ماڵ، داوایان لێدەکردم بە ئینگلیزی قسە بکەم. منیش هەرگیز حەزم لەو پرسیار و داواکارییانە نەبوو کە بەهۆیانەوە خۆم بهێنمە پێشەوە و قسە بکەم. ئەوجا ئێوەش ئەگەر بتانەوێ بەزمانی کوردی قسە بکەم، مەڵێن "قسە بکە". من بۆ خۆم قسە دەکەم. هەڵبەت ئێوە داواتان لە من نەکردووە کە فێری زمان ببم، من بۆ خۆم خۆم فێردەکەم.

**ڕووداو: حەزدەکەن زیاتر لەگەڵ کام سیاسەتمەداری کورد بە کوردی بدوێن؟**

**جەنگیز چاندار:** هیچ نیازێکم نییە کە سەرەتا لەگەڵ سیاسەتمەدارێکی دیاریکراو قسە بکەم، بەڵام ئەگەر کەسێکم دەستنیشان بکردایە، ئەوە لەیلا زانا دەبوو. چونکە بە زمانێکی کوردی پاک قسە دەکات و ئەوەش یارمەتیم دەدات بۆ قسەکردن. بۆ زانین چەندینجار بە کوردی قسەم لەگەڵ کردووە.

**جەنگیز چاندار دوا ڕستەی خۆی بە کوردی نووسیوە و دەڵێ "سڵاوی گەرمم بۆ ئێوە و هەموو برادەرانی کورد".**

# ئەڵمانیا ئامادە نییە لەگەڵ شاندی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا کۆببێتەوە

**ڕووداو- بەرلین**

حکومەتی ئەڵمانیا ئامادە نییە لەگەڵ شاندێکی کانتۆنی جزیرەی ڕۆژئاوای کوردستان کۆببێتەوە کە سێ هەفتە زیاترە لەو وڵاتەن.

شاندەکە ڕۆژی 2014/5/16 سەردانی ئەڵمانیای کرد، سەرەڕای ئەوەی چەند جارێک داوایان لە بەرپرسانی ئەڵمانیا و لەوانەش وەزیری دەرەوە کرد کە لەگەڵیان دابنیشن، بەڵام کاربەدەستانی ئەڵمانیا داواکارییەکەیان ڕەتکردەوە.

سیامەند حاجۆ، نوێنەری ڕەوتی ئایندە لە ئەڵمانیا کە ئاگاداری چالاکییەکانی شاندەکەی کانتۆنی جزیرەیە لە ئەڵمانیا، بە (ڕووداو)ی گوت "بەرپرسانی ئەڵمانیا ڕەتیانکردووەتەوە لەگەڵ شاندەکەی کانتۆنی جزیرە کۆببنەوە".

ناوبراو سەبارەت بە هۆکاری ڕەتکردنەوەی داواکاریی شاندەکە گوتی "کاربەدەستانی ئەڵمانیا بە شاندەکەیان گوتووە کە حکومەتی ئەڵمانیا مامەڵە لەگەڵ هاوپەیمانیی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دەکات".

ساڵح گەدۆ کە ئەندامێکی شاندەکەیە، پشتڕاستیکردەوە کە حکومەتی ئەڵمانیا لەگەڵیان دانەنیشتووە و بە (ڕووداو)ی گوت "لەوەتای گەیشتووینەتە ئەڵمانیا داوای کۆبوونەوەمان کردووە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، بەڵام بە داخەوە تاوەکو ئێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە".

شاندەکەی کانتۆنی جزیرە پێکهاتوون لە سینەم محەممەد، هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی گەلی ڕۆژئاوا، د.عەبدولکەریم عومەر، گوتەبێژی کانتۆنی جزیرە، کاودا محەممەد، وەزیری دەرەوەی کانتۆنی جزیرە و بەسام ئیسحاق گوتەبێژی ئەنجوومەنی گەلی مەسیحییەکان.

ئەوان کە بێهیوا بوون لە دیتنی بەرپرسانی ئەڵمانیا، لە (ماڵی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ)دا کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانییان ساز کرد. کاودا محەممەد ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان وەکو شاند بەناوی هەرسێ کانتۆنەکەی ڕۆژئاوا: جزیرە، عەفرین و کۆبانێ داوادەکەن پەیوەندییان هەبێت لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا. هەروەها دانوستاندن بکەن و دەرگا بۆ دروستبوونی پەیوەندی سیاسی بکەنەوە.

کاودا ڕایگەیاند کە ئێستا 90%ی خاکی ڕۆژئاوای کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئەواندایە. لە سەرانسەری سووریاش ئارامترین ناوچە ڕۆژئاوای کوردستانە، بۆیە عەرەبەکانیش هەوڵدەدەن بێن لەو هەرێمە نیشتەجێ بن.

کاودا گوتیشی کە هۆکاری هاتنیان بۆ ئەوروپا ئەوەیە بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر مەسەلەی خۆسەری دیموکراتیک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەوروپییەکان تاوتوێ بکەن "هەندێک کەس دەڵێن ئەم خۆسەرییە یەکلایەنەیە. لە کاتێکدا 57 پارت و ڕێکخراو تێیدا بەشدارن کە پارتی یەکێتی دیموکرات PYD لە هەموویان گەورەترە. لەنێو ئیدارەی ئێمەدا 3-4 وەزیری سریانیش هەن و هەروەها عەرەبێکیش سەرۆک وەزیرە. دەمانەوێ بڵێین کە ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە نوێنەرایەتی هەموو ڕۆژئاوا دەکات".

هەروەها د.عەبدولکەریم عومەر ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان بەشێکن لە ئۆپۆزیسیۆن و دەیانەوێ هەموو گەلی سووریا لەم قۆناغەدا هاوکاری یەکدی بکەن.

کە قسە هاتە سەر باسی ڕەوشی ژنان لە ڕۆژئاوای کوردستان سینەم محەممەد باسی ڕۆڵی ژنانی لەنێو شۆڕشەکەدا کرد و گوتی کە ژنان ڕۆڵێکی چالاک و گرنگیان هەیە لەنێو شۆڕش و لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیشدا. ئەوان زۆرجار دەبنە ئامانجی هێرشەکان، هێرشی سەرێکانیێ نموونەیەکە لەسەر ئەو ڕووداوانە.

### "شۆڕشەکە جۆش و خرۆشی لەدەستداوە"

لەبارەی ئەوەی کە هەندێک کەس لە دامەزراندنی کانتۆنەکان نارازین، کاودا محەممەد گوتی ئەوەی گرنگە داواکاری خەڵکی ئەوێیە. هەروەها گوتی دوای ئەوەی شۆڕشەکە هەڵگەڕایەوە بۆ شۆڕشێکی چەکداری، بەهۆی کێشەی ئاینییەوە شۆڕشەکە ئەو جۆش و خرۆشەی نەما.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بۆچی کانتۆن دروستکران، نەک فیدراسیۆن. کاودا گوتی "چونکە ئەو ناوچانەی کورد لێی دەژین، خەڵکی دیکەشی لێ هەیە، بۆیە ئەم سیستەمە بەگونجاو زانرا.

یەکێک لەو پرسانەی ڕۆژنامەنووسان وروژاندیان ڕێگە نەدان بوو بە گەڕانەوەی سعود مەلا، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان – سووریا بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام کاودا ڕەتیکردەوە کە ڕێگرییان لە سعود مەلا کردبێ و گوتی "مەسەلەکە ئەوەیە کە لە مێردین تەلەفۆنێکی بۆ هاتووە و پێیانگوتووە ئەگەر بچیتە ئەوێ دەستبەسەرت دەکەن و ئەویش دەستبەجێ گەڕاوەتەوە".



رووداو
کاروباری سیاسی
ژمارە (313) دووشەممە 2014/6/9



## ئەمریکییەکان گفتوگۆ لەگەڵ کورد دەکەن

**رووداو- هەولێر**

شاندێکی باڵای ئەمریکی گەیشتە هەولێر و بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پرسی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان. برێت مکگوێرک، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سەرۆکایەتی شاندێکی باڵای وڵاتەکەی رۆژی 2014/6/8 گەیشتە هەولێر. فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند کە "سەردانەکە ئاساییە و بۆ گفتوگۆکردنە لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان".

# کوردی ئەمریکا داوا لە ئۆباما دەکەن F16 نەداتە عێراق

**یەریڤان سەعید**
**رووداو – ئەمریکا**

سەرەرای نیگەرانیی کورد و سوننە، رۆژی پێنجشەممەی رابردوو ئەمریکا یەکەم فڕۆکەی جەنگیی (F16) ی رادەستی عێراق کرد. ئەوە یەکەم فڕۆکەیە لە 36 فڕۆکە کە بڕیارە رادەستی عێراق بکرێت، ئەمەش نیگەرانی لای کەمینەکانی عێراق دروست کردووە، لەوەی کە رەنگە لە داهاتوودا ئەم چەکانە لە دژی ئەوان بەکاربهێنرێ.

لوقمان فەیلی، باڵیۆزی عێراق لە واشنتن شەوی چوارشەممەی رابردوو سەردانی بارەگای سەرەکی کۆمپانیای لۆکید مارتنی دروستکەری فڕۆکەکەی کرد لە فۆرت وۆرز لە تەکساس بۆ ئەوەی ئامادەی بۆنەی بە فەرمی رادەستکردنی یەکەم فڕۆکەی جەنگی بێت بە عێراق. بڕیارە تا کۆتایی ئەمساڵ بەغدا 3 تاوەکو 4 فڕۆکەی دیکەی جەنگی وەربگرێت.

بەماوەیەکی کەم دوای گەیشتنی بە تەکساس، فەیلی لە تویتەر نووسی "گەیشتمە فۆرت وۆرز تەکساس بۆ ئامادەبوون لە بۆنەی رادەستکردنی فڕۆکە F16کەی عێراق. پێشوازی لە رۆژێکی لەو جۆرە دەکەم. رۆژێکی پڕ لە ئاهەنگ دەبێت بۆ عێراق".

نزیکەی پێنج ملیۆن کوردی دانیشتووی هەرێمی کوردستان لەدوای رووخانی سەدام حوسێنەوە لە2003 خەمی ئەوەیانە کە حکومەتێکی سەربازیی بەهێز جارێکی دیکە لە بەغدا دابمەزرێتەوە، ئەم نیگەرانییەش دوای چەندین دەیە لە سەرکوتکردن و چەوسانەوەی کورد دێت لەسەر دەستی رژێمی دیکتاتۆری پێشوو.

بەڵام بە وتەی فەیلی "ناکرێت عێراق هێزێکی ئاسمانیی بەهێزی نەبێت بۆ بەرگریکردن لە سنوورەکانی".

لە وەڵامی پرسیاری (رووداو)دا، باڵیۆزی عێراق لە واشنتن لە رێگەی تویتەرەوە گوتی "ناکرێت هێزی ئاسمانیمان نەبێت. بەهیچ شێوەیەک ناکرێت، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە ناتوانین پارێزگاری لە سنوورەکانمان بکەین لەگەڵ سووریا".

## باڵیۆزی عێراق لە واشنتن بۆ (رووداو): ناکرێ هێزی ئاسمانیمان نەبێت

دەربارەی نیگەرانییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە فڕۆکە جەنگییەکان، فەیلی کوردی لە عێراق وەکو "هاوبەش" وەسف کرد "کورد بەشێکی گرنگ و هاوبەشێکی سەرەکین لە عێراق. ئەم وتەیە تەنیا دروشم نییە". فەیلی ئەمەی گوت وەکو ئاماژەیەک بۆ چەند کوردێک کە ئێستا لە هێزی ئاسمانیی عێراقدا پلەدارن.

بەغدا چەندین کۆنتراکتی چەند ملیار دۆلاری لەگەڵ رووسیا، ئەمریکا، چیک و چەند وڵاتێکی دیکە مۆر کردووە بۆ کڕینی چەک و دروستکردنی سوپایەکی بەهێز کە بە وتەی بەغدا پێویستە بۆ "پاراستنی سنوورەکان و ئاسمانی عێراق و شکستهێنان بە تیرۆریزم".

سوپای عێراق لە کاتی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە 2003 لەناوبرا و ئێستا لە پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەدایە.

زۆرجار سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی نیگەرانی لەمەڕ دووبارە پڕچەککردنەوەی عێراق، بەبێ دانانی مەرج لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی چەکەکان، دەربڕیوە.

لە ساڵی 2012دا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا، بارزانی ئاشکرای کرد کە بەغدا بیری لە بەکارهێنانی رێگەی سەربازی کردووەتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ هەولێر. لە چاوپێکەوتنەکەدا بارزانی ئاماژەی بە وتەی سەرکردەیەکی سەربازی کرد کە داوای لە سەرۆک وەزیرانی عێراقی نوری مالیکی کردبوو رێگەیان بدات هێرش بکەنە سەر هەولێر "ئەوان پێیان گوتبوو (بە مالیکیان گوتبوو) قوربان رێگەمان بدە با کورد لە هەولێر دەرکەینە دەرەوە".

بارزانی لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی ئەلحورە کە بارەگاکەی لە ئەمریکایە، ئەمەی راگەیاند. ئەو هەروەها بە تەلەڤزیۆنەکەی راگەیاند کە مالیکی لە وەڵامدا گوتوویەتی "چاوەڕێ بکەن تا فڕۆکەی F16 دەگات".

ئەو فڕۆکە جەنگییە لە بنکەی ئاسمانیی بەلەد دادەنرێت کە دەکەوێتە 64 کیلۆمەتر باکووری بەغدا، فڕۆکەکە تەنیا پێویستی بە 10 خولەک دەبێت بۆ ئەوەی بگاتە هەولێر.

بە وتەی فەیلی، لە نێو فڕۆکەوانە مەشق پێکراوەکاندا بۆ فڕۆکە جەنگییەکان کوردیش هەیە "یەکەم دەرچووی مەشقی فڕۆکەوانی F16 کوردێکی عێراقە. لە رابردوودا پێکەوە کارمان کردووە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە سنوورەکانمان بکەین لە دژی ئەلقاعیدە و ئەوانی دیکە، ئێستاش دەبێت بەردەوام بین لە کارکردن پێکەوە". فەیلی وایگوت.



حکومەتە شیعیەکەی مالیکی کورد و سوننەی پەراوێز خستووە. سوننەکان کە لە پەراوێزخستنیان نارازین و پارێزگای ئەنباریان بە شەڕێکی دژە هێزەکانی حکومەتەوە ئاڵاوە، ئەوانیش نیگەرانییان لە کڕینی چەکە نوێیەکانی عێراق دەربڕیوە و پێیانوایە کە پێویست نین و ئەوە بەفیڕۆدانی سامانی گشتییە.

"عێراق پێویستی بە فڕۆکەی جەنگی F16 نییە، مەگەر بۆ ئەوە نەبێت کە هێرشی پێ بکاتە سەر پارێزگای ئەنبار و پارێزگاکانی دیکە" لیقا دووری، ئەندام پەرلەمانێکی سوننی بەگومانەوە پرسیبووی "ئەرێ بۆ شەڕی دژە تیرۆر عێراق پێویستی بە فڕۆکەی جەنگییە؟".

### کەمپینێکی کوردی دژی F16

لە هەمان کاتدا گرووپێکی کوردی لە ئەمریکا داواکارییەکیان دەستپێکردووە کە تێیدا داوا لە باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا دەکەن بە "زووترین کات رادەستکردنی فڕۆکەی F16 بۆ عێراق هەڵوەشێنێتەوە".

داواکارییەکە کە لەسەر ئینتەرنێتەوە پێشکەش کراوە، تێیدا هاتووە "رادەستکردنی فڕۆکەی جەنگی بە حکومەتێک لە بەغدا کە پاڵی داوە بە پاڵی بەشار ئەسەدی سووریا و رژێمی ئێرانەوە ئەنجامی خراپی بۆ سەر بەرژەوەندییە نەتەوەییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا دەبێت". هەروەها دەڵێن "ئەم جۆرە فڕۆکانە هانی حکومەتی عێراق دەدەن کە زیاتر کورد، سوننە و کریستیانەکان بچەوسێنێتەوە، ئەگەری ئەوەش هەیە کە کۆمەڵکوژی بەرامبەر ئەو خەڵکە بێ بەرگرییە بکات".

لینکی داواکارییەکە:
https://petitions.whitehouse.gov/petition/please-immediately-cancel-delivery-f-16s-fighter-jets-unpredictable-iraqi-government-baghdad/c4nm456v

## پارێزەری دۆسیەکە: تۆمەتبارەکان بێتاوان دەرچوون

# قەرەبووەی بارەگاکانی یەکگرتوو هێندەی قەرەبووی سەنتەرێکی مەساجە




**کاروان عەلی**
**رووداو- دهۆک**

بێتاوان دەرچوونی گومانلێکراوانی دۆسیەی سووتاندنی بارەگای یەکگرتووی ئیسلامی لە ناحیەی قەسرۆک، جارێکی دیکە دۆسیەی سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتووی لە بادینان زیندووکردەوە و پارێزەری دۆسیەکەش رەخنە لە بڕیاری دادگا دەگرێت و دەڵێت "ئەو جۆرە بڕیارانە تەنیا لە دادگاکانی ئەفریقا و نەیجیریا دەدرێن".

دوای ئەوەی رۆژی 2/12/2012 چەند کەسێکی خەڵکی زاخۆ هێرشیان کردە سەر سەنتەرەکانی مەساج و چەند دووکانێکی مەیفرۆشی و ئاگریان تێبەردان، دواتر چەند کەسێک هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی یەکگرتوو لە چەند ناوچەیەکی بادینان و ئاگریان تێبەردان.

دوای ئەو رووداوە شاندێکی پەرلەمان سەردانی دەڤەری بادینانی کرد و پاشان بڕیار درا لیژنەیەک پێبکهێنرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی شوێنە سووتاوەکان، لە نێویشیاندا بارەگاکانی یەکگرتوو لە دهۆک و سێمێل و قەسرۆک.

### "پارەکە کەمە"

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک و دوو مانگ بەسەر ئەو رووداوانە، رۆژی 6/2/2013 یەکگرتوو بە 3 ملیار و 918 ملیۆن دینار قەرەبوو کرایەوە.

بەڵام حەمید زوبێر کە پارێزەری دۆسیەی سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتووە، لەو قەرەبووە نارازییە و دەڵێت "ئەو قەرەبووە زۆر کەمە و هەر بە قەد قەرەبووی هەندێک دووکانی مەی و سەنتەری مەساج بوو".

هەروەها دەڵێت "ئێمە لە قەزای زاخۆ گومانمان لە 34 کەس هەبوو، بەڵام دادگا بە تەنیا سزای پێنج کەسی بە ساڵێک و شەش مانگ بەندکردن دا، کەچی ئەو پێنج کەسەش تەنیا 43 رۆژ گیران و دواتر ئازاد کران".

بەپێی قسەی ئەو پارێزەرە، هێشتا دۆسیەی ئەو پێنج کەسە دانەخراوە و ئەوان بڕیارەکەی دادگایان تەمیز کردووەتەوە "بەڵام تاوەکو ئێستا دادگای تەمیز وەڵامی داواکارییەکەی ئێمەیان نەداوەتەوە".

هەرچەندە لە قەزای سێمێلیش بارەگای یەکگرتوو سووتێنرا، بەڵام یەکگرتوو هیچ سکاڵایەکی لەسەر سووتاندنی ئەو بارەگایە تۆمار نەکرد. حەمید زوبێر دەڵێت "ئەوەی سەرنجراکێشە ئێمە لەسەر سووتاندنی بارەگای یەکگرتوو لە دهۆک، سکاڵامان لەسەر پێنج کەس تۆمار کرد، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ دانیشتنێک بۆ دادگایی ئەو پێنج کەسە نەکراوە، لە کاتێکدا ئێمە بەڵگەمان هەیە کە دوو لەو گومانلێکراوانە بە کلاشینکۆف هێرش دەکەنە سەر مەڵبەندی یەکگرتوو لە دهۆک".

لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی 2005ی پەرلەمانی عێراقدا، رۆژی 6/12/2005 هێرش کرایە سەر بارەگای مەڵبەندی یەکگرتوو لە شاری دهۆک، لە ئەنجامدا چەند کەسێک کوژران کە یەکێکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بوو.

هەفتەی رابردوو جارێکی دیکە سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو لە دهۆک کە خەریک بوو لە بیری خەڵک دەچووەوە، بووەوە رۆژەڤ، کاتێک رۆژی 4/6/2014 دادگا بڕیاری بێتاوانیی 13 کەسی دەرکرد کە تۆمەتبار کرابوون بە سووتاندنی بارەگای یەکگرتوو لە ناحیەی قەسرۆکی سەر بە شاری دهۆک.

عەبدولخالق سەلمان، پارێزەری ئەو 13 گومانلێکراوە بە (رووداو)ی گوت "دادگا بڕیارێکی زۆر دروستی دا لەبارەی دۆسیەی ئەو 13 کەسە، چونکە وتەی شایەتحاڵانی یەکگرتوو لەسەر دۆسیەکە تێکینەدەکردەوە، هەر یەکەیان چیرۆکەکەی بە جۆرێک دەگێڕایەوە".

بەڵام پارێزەرەکەی یەکگرتوو رەخنەی لە بڕیارەکەی دادگا هەیە "ئەو بڕیارە زۆر ناڕەوایە، تەنیا لە ئەفریقا و نەیجیریا دادگا بەو شێوەیە بەڕێوەدەچێت، چونکە ئەو گومانلێکراوانە دەبووایە بەپێی ماددەی 342 لە یاسای سزادانی عێراقی تۆمەتبار کرابان کە ئەگەر تۆمەتەکەیان بەسەردا ساخ ببایەوە سزای زۆر توند دەدران، بەڵام ماددە یاساییەکەیان گۆڕدراوە بۆ 477، بۆیە سزاکەیان زۆر سووک بوو".

بەپێی ماددە 342 کە باس لە سووتاندن دەکات، لە سزای ئەو ماددەیەدا هاتووە هەر کەسێک ئاگر بەر بداتەماڵی گواستراوە و نەگواستراوە بە 5 ساڵ زیندانی سزا دەدرێت.

بەڵام لە بڕگەی دووەمی ماددەکەدا هاتووە ئەو کەسە سزا دەدرێت بە زیندانی هەتا هەتایی ئەگەر ئاگر بەربداتە کارگە، بیری نەوت، کۆگای خۆراک یان چەک، کۆگای سەربازی، مستەودەعی سووتەمەنی، وێستگەی کارەبا، وێستگەی شەمەندەفەر، باڵەخانەی نیشتەجێبوون یان شوێنی نیشتەجێبوونی کۆمەڵێک خەڵک و.. هتد.

دەربارەی تۆمەتبارانی ناحیەی قەسرۆک، پارێزەرەکەی یەکگرتوو زیاتر گوتی "مەعقول نییە 16 شایەتحاڵت لەسەر کەیسێک هەبێت، دادگا یەکیان بە شەرعی نەزانێت، بەڵگە لەوە زیاتر چی!، بەڕاستی ئەو بڕیارەی دادگا کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر پاشەڕۆژی دادوەری لە هەرێمی کوردستان".

ژمارە (313) دووشەممە 2014/6/9

## ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەولێر و قاهیرە 100 ملیۆن دۆلارە



**رووداو- هەولێر**

سلێمان عوسمان، کونسوڵی گشتی میسر لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و میسر لە ساڵی رابردوودا 70 تاوەکو 100 ملیۆن دۆلار بووە. گوتیشی بەردەوام هانی بازرگان و کۆمپانیاکانی وڵاتەکەیان دەدەن بێنە هەرێمی کوردستان بۆ کاری وەبەرهێنان.

سلێمان عوسمان ئاماژەی بەوەشکرد کە تاوەکو ئێستا نزیکەی حەوت تاوەکو دە هەزار ڤیزایان داوەتە بازرگانانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی سەردانی میسر بکەن.

ماریۆ ئەلجبووری، سەرۆکی کۆمپانیای IKG Propertyبۆ (رووداو):

# لە ئایندەدا کوردستان دەتوانێت 30 ملیۆن عێراقی بەخێو بکات



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

ماریۆ ئەلجبووری، سەرۆکی کۆمپانیای IKG Property کە کۆمپانیاکەی بەشێکە لە گرووپی کۆمپانیاکانی IKG، کار لە بواری خانووبەرە و زەویوزار، نەوت و گاز، وەبەرهێنان لە بانک و بازرگانیی کاڵای نێو ماڵدا دەکات. ئەلجبووری لە لەندەن بەڕێوەبەری سندوقی پشکی تایبەت (Private Equity Fund) بووە لە بانکەکانی Arthur Anderson ، Barclays و Lazard Investment و پێشتریش راوێژکاری ئابووریی جێگری سەرۆکی حکومەتی بولگاریا بووە ئەوکاتەی غاتی ئەلجبووریی برای جێگری وەزیری دارایی ئەو وڵاتە بوو. ماریۆ پێیوایە کە ئابووریی کوردستان بە نەوت و گاز گەشە دەکات، بەڵام کەرتەکانی دیکەی ئابووری لە کوردستان لە بوژانەوەدان. ناوبراو لەبارەی بانکەکانی کوردستانیش دەڵێت "بوونەتە قاسەی هەڵگرتن و ئاڵوگۆڕی دراو".

هەڤپەیڤین: ئەلێکساندەر ویتکەمب

### کوردستان دەتوانێت ببێتە ئەکتەرێکی زۆر گرنگی ئابووری

### بانکەکانی کوردستان قاسەی پارە دانانن و تەنیا کاری حەواڵەکردنی پارە دەکەن

### مەرج نییە تەنیا بە نەوت بگەیە بازاڕەکانی جیهان

**رووداو: ئابووری کوردستان بە کوێ گەیشتووە؟**

**ماریۆ ئەلجبووری:** کوردستان لەسەر رێچکەی بیناکردنی دەوڵەتە کە تەنیا ئابووری نییە، بەڵکو دانانی ستراکچەری دروست و دەزگای حکومیی دروست، یاسا و پەیوەندی دروستکردن و بنیاتنانی شوناسێکی کەلتوورییە، هەموو ئەمانەش بەشێکن لە هەوڵێکی گەورەتر. ئەو گەشەکردنەی لە داهاتوودا دەیبینین، بە زۆری بەهۆی نەوت و گازەوە دەبێت. بەڵام لە سێ ساڵی رابردوودا گۆڕانکاری لە کەرتەکانی دیکەش دروست بووە؟

**رووداو: کوردستان هەوڵی جۆراوجۆرکردنی ئابوورییەکەی دەدات؟**

**ماریۆ ئەلجبووری:** زۆر شتی دیکە هەیە لە کەرتەکانی دیکەدا کە دەتوانن ببنە هاوکاری بەهێزی ئابووریی کوردستان. بەڵام ئەم کەرتانەی دیکەش پێویستە پرۆگرامێکی رێکخراوی وەبەرهێنانیان بۆ دابنرێت.

ستراتیژەکان دەبێت بەرجەستە بن. بۆ نموونە دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە لە 3 تاوەکو 5 ساڵی داهاتوودا چۆن جێبەجێ دەکرێن؟ نەوت و گازیش دەبێت بەشێک بن لەم جۆراوجۆرکردنە. زۆر کەس پێیانوایە بۆ ئەوەی بە بازاڕەکانی جیهان بگەیت تەنیا پێویستت بەوەیە بۆری نەوت رابکێشیت. بەڵام رێگەی دیکە هەیە، مەرج نییە بەو شێوەیە گاز بکرێت بە پارە. بۆ نموونە دەتوانرێت سەرنجی کۆمپانیاکانی دروستکردنی پەیین رابکێشرێت. زیاتر لە 85%ی ماددە خاوەکانی کە ئەو کۆمپانیایانە پێویستیان پێیە گازە. لەبەرئەوە ئەو گازەی کە ئێستا لە ژێر زەویدا قەتیس بووە، دەکرێت لە رێگەی دامەزراندن و گەشەپێدانی پیشەسازی پێترۆکیمیاویەوە بیکەیت بە سەرمایە.

**رووداو: پێتوایە کەرتی پیشەسازی لە کوردستان بەم زووانە گەورە ببێت؟**

**ماریۆ ئەلجبووری:** هیچ نەبێت پێویستە ئەو هەوڵانەی کە بۆ گەورەبوونی پیشەسازی پێویستن، لە ئارادابن. چەند وەبەرهێن و گرووپی کۆمپانیایی هەن کە چاویان بڕیوەتە گەشەسەندنی کارگە لە کوردستان. دەبێت ئەمە پشتگیری لێبکرێت. ئیدی ئەو پشتگیریکردنە لە رێگەی هاندان بێت، یان پاراستن و ئەولەویەتدان بەو کەس و کۆمپانیایانە بێت کە ئێستا لە هەرێمی کوردستانن.

ئەگەر دووربینانە سەیری کوردستان بکەیت، دەبێت بیر لەوە بکەیتەوە کە کوردستان لە مەوقیعێکدایە دەتوانێت ببێتە ئەکتەرێکی ئابووریی زۆر گرنگ لە ناوچەکەدا. کوردستان دەتوانێت پێداویستی نزیکەی 30 ملیۆن عێراقی لە باشووری عێراق دابین بکات. ئەمە بازاڕێکی زۆر گەورەیە کە لەبەر دەرگای کوردستاندایە.

کوردستان هەروەها دەبێت تەماشای رووداوەکانی 3 تاوەکو 5 ساڵی داهاتووی ئێران بکات. ئەگەری زۆر هەیە کە لە پێنج ساڵی داهاتوودا ئێران جارێکی دیکە تێکەڵی بازاڕی جیهان ببێتەوە. ئەگەر گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران هەڵبگیرێت، ئەوە هەلی وەبەرهێنان لەو وڵاتەدا زۆر زۆر دەبێت. کوردستان دەتوانێت ببێتە بەشێک لە پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی سووریاش.

ئێمە نابێت پێمانوابێت کە دەتوانین بازرگانی لەگەڵ نیویۆرکدا بکەین. دەبێت وڵات و ئابووری و بزنس ئامادە بکەین بۆ ئەوەی سوود لە هەلەکانی داهاتووی ئەم ناوچەیە وەربگرین.

**رووداو: باری دارایی کوردستان ئێستا لە چ ئاستێکدایە؟**

**ماریۆ ئەلجبووری:** کەرتی دارایی لێرە بەهەمان ئەو قۆناغی گەشەسەندنەدا دەچێت کە من لە بازاڕەکانی زۆر وڵاتی تازە پێگەیشتوودا بینیومە. دەبینی زۆر بانک دەکرێنەوە، ئیدی ئەو بانکانە تورکی بن، لوبنانی بن، یان نێودەوڵەتی بن وەکو بانکی ئینتەرناشناڵ چارتەرد. بەڵام زۆر لەوانەی بانک بەکاردێنن وریای ریسکن، بۆیە ئەوەی کە ئێستا لە بازاڕدا دەیبینین شێوەیەکن لە شێوەکانی قاسەی پارە. بانکەکان زیاتر مامەڵە لەگەڵ گواستنەوەی کاش دەکەن. ئەمەش شتێکی ئاساییە بۆ چەند ساڵی سەرەتای دروستبوونی سیستەمی بانکی. چونکە دەیانەوێت زیاتر لە بازاڕ و داینامیکی بازاڕەکە و ئەکتەر و یاساکانی بازاڕەکە تێبگەن. بەڵام وردە وردە خزمەتگوزاریی بانکی زیاتر دێتە ئاراوە. قەرز پێدان و سەرمایە دابینکردن (بە قەرز) بۆ پرۆژەکان وا لە سیستەمی بانکی دەکەن کە ببێتە بەشێکی دانەبڕاوی ئابووری وڵات و پشتگیری پرۆژە بازرگانییە مام ناوەندییەکان دەکەن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەم پرۆژانە وەکو ئابووریی هەر وڵاتێکی دیکەی جیهان دەبنە بزوێنەری ئابووریی کوردستان.

ئەو پرۆژە مام ناوەندیانە (لە رووی قەبارەوە) پێویستیان بە ئاستێکی نوێی شەفافیەت، بەرپرسیارێتی، پرۆسەی کۆنترۆڵکردن، ئیجرائات و ستراکتۆر دەبێت وەکو پێش مەرجێک بۆ دابینکردنی سەرمایە بۆیان. لە ئەنجامدا، داواکارییەکانی سیستەمی بانکی وا دەکات کە کۆمپانیاکان زۆرتر شەفاف بن و بەرپرسیار بن و باشتر سەرچاوەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن.

**رووداو: پێدانی قەرز چ کاریگەرییەکی لەسەر بازاڕی زەویزار و خانووبەرە دەبێت؟**

**ماریۆ ئەلجبووری:** کاریگەری یەکسەری ئەوە دەبێت ئەگەر بانکەکان قەرزی خانووبەرە و بەرهەمەکانی دیکەی تایبەت بە خانووبەرە بدەنە هاووڵاتیان، ئەوکات ژمارەیەکی زۆرتری هاووڵاتیان دەتوانن بارودۆخی خانووبەرەی خۆیان باشتر بکەن. ئەمەش رێگە بۆ ئەوە دەکاتەوە کە ئەوانەی لە بواری خانووبەرەدا کاردەکەن بازاڕێکیان بۆ دروست ببێت. بەڵام ئەمەش بەبێ مەترسی (ریسک) نابێت. چونکە هەندێک لەو کەسانەی قەرزی خانووبەرە وەردەگرن بۆیان نادرێتەوە. ئینجا کێشەی ئەوە دروست دەبێت کە لە رووی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەوە چۆن لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا هەڵسوکەوت دەکەیت.

کاتێک کە بە ئاسانی قەرز بدرێت بەوانەی کار دەستپێدەکەن، ئەگەر ئەو قەرز پێدانە بە پلان و ستراتیژی تۆکمەی بزنس رێکنەخرابێت، ئەوا ئەوانەی کە قەرز وەردەگرن دەکەونە کێشەوە. لەوانەیە ئەو حاڵەتە دروست بکەیت کە لە زۆر وڵاتی دیکەدا دەبینرێت، ئەویش ئەوەیە کە قەرزارەکان ناتوانن قەرزەکەیان بدەنەوە، ئەمەش کار دەکاتە سەر بانکەکان و تەواوی ئابووریی وڵات. لەبەرئەوە پێویستە قۆناغ بە قۆناغ ئەمە بێتە ئاراوە. دەبێت وریا بیت. بۆ ئەوەی ریسکی قەرزی خراپ لەسەر سیستەمی دارایی وڵات کەم بکەیتەوە.

دەبێت قەرز بدرێت، بەڵام قەرزدان دەبێت بە لۆجیکێکی گونجاو رێکبخرێت. واتە پێویستە پلانی بزنسی گونجاو و رێکوپێک هەبێت و شرۆڤە بۆ جوڵەی پارەی کاش بکرێت، شرۆڤەیەک کە لەسەر راستییەکان بنیاتنرابێت نەک خەیاڵی بێت.

**رووداو: پلانی بزنسی سەرکەوتوو چۆنە؟**

**ماریۆ ئەلجبووری:** زۆر سادەیە. هەموو شتێک ژمارەیە. ئەگەر نەتوانی فیکرەیەکی بزنس، یان پلانێکی بزنس بە ژمارە و جوڵەی کاش شی بکەیتەوە، کەوا بێت پلانەکەت یان فیکرەکەت کێشەی هەیە. ئەم چەمکە هێشتا لە کوردستاندا نەناسراوە، دەبێت بە کوردستان بناسێنرێت. فیکرەی زۆر باش هەیە لێرە. بەڵام هیچ کەس دانانیشێت شرۆڤەی بکات. لێکدانەوەی ئەوە ناکەن کە ئەم فیکرەیە، یان ئەم پلانە لە رووی تێچوو، داهات و بودجەوە بۆ سێ تا پێنج ساڵی دیکە چۆن دەبێت؟ پێویستە ئەمە بکرێت.

زۆر زۆر ئاسانە بڵێیت "من پرۆژەیەکی خانووبەرەی گەورە دەستپێدەکەم و دواتر دەیانفرۆشمەوە". کەم کەس دادەنیشێ و بڵێت "باشە، بڕی تێچووی بیناکردن بۆ سێ ساڵی دادێ ئەوەندەیە". هەروەها بودجەیەک تەرخان دەکەم بۆ ریسکی هەڵکشانی نرخ (لەو ماوەیەدا)، کاتێک کە کاتی فرۆشتن دێت دەبێت من هانی کڕیاران بدەم، بۆ نموونە بە فەرشکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوونەکە و هتد.

**رووداو: چی وا دەکات هەڵسوکەوتی بزنسی بگۆڕدرێت؟**

**ماریۆ ئەلجبووری:** بە یەک رۆژ ناگۆڕێت. دەبێت هەنگاوی زۆر سەرەتایی هەڵبنرێت. لە سیستەمی خوێندنەوە دەستپێدەکات و بە راهێنانی بەڕێوەبردن و (vocational) کۆتایی دێت. ئەستەمە بە یەک رۆژ مەنهەج یان سیستەمی پەروەردە بگۆڕیت، بەڵام دەبێت سیستەم و مەنهەجی پەروەردەیی زیاتر پەیوەست بکرێت بە بزنسەوە.

عێراق لە پەروەردەکردنی ئەندازیار و دکتۆردا زۆر سەرکەوتوو بووە و هیوادارم بەردەوام بێت. بەڵام پێویستە شارەزای دارایی و بانکەوان و ژمێریاری لێهاتووش بەرهەم بهێنێت.

ئەمە تەنها بەو مانایە نایەت کە ژمێریاری بخوێنرێت. دەبێت ئەوە بخوێنرێت کە چۆن شرۆڤە بۆ بایەخ و سوودی پرۆژەکان بکرێت. خوێندکاران دەبێت فێر بکرێن کە بڕواننە سیناریۆ جیاوازەکانی جوڵەی پارەی نەخت و بودجە. لە 25 ساڵی رابردوودا ئەم شتانە بە خوێندکارانی وڵاتە پێشکەوتووەکان گوتراوەتەوە، بەڵام هێشتا لە کوردستاندا نەناسێنراوە.

ئاسان دەبێت، بەڵام دەبێت لە هەموو شوێنێکەوە دەستپێبکەیت بۆ ئەوەی بیری خەڵکی لەم رووەوە بگۆڕیت. کاتێک کە خەڵک لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا باسی فیکرە و پرۆژەی بزنس دەکەن، تەنانەت ئەگەر لە پشتی پاکێتی جگەرەش بێت، یەکسەر دەست دەکەن بە ژمارە و لێکدانەوە. زۆر سەرنجڕاکێشە کە دەبینی لە کوردستان ئەم روحی وەبەرهێنانە هەیە، بەڵام لێکدانەوەی ژمارەکانیش پێویستە لە کوردستاندا هەبێت.

---

# ئەمساڵ کوردستان بێ گوێزە

**رەهەند محەممەدئەمین**
**رووداو- سۆران**

جوتیارانی دەڤەری باڵەکایەتی دەڵێن ئەمساڵ بەهۆی سەرما و سۆڵەوە دارگوێزەکانیان بێ بەرە، فرۆشیارانی گوێزیش دەڵێن نەبوونی بەرهەمی خۆماڵی کاریگەری لەسەر گرانبوونی نرخی گوێزی دەرەکی دەبێت لە بازاڕەکانی کوردستاندا.

هاتنی سرپوسایەقەی نەورۆزی ئەمساڵ کە زۆربەی ناوچە شاخاوییەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە، بەروبومی هەموو ئەو رەزوباخانەی لەنێوبرد کە لەوکاتەدا شکۆفەیان کردبوو، لەنێویشیاندا بەرهەمی گوێز لە دەڤەری باڵەکایەتی بەتەواوەتی لەنێوچووە و وەک گوندنشینانی دەڤەرەکە دەڵێن، لەناو هەموو ئەو باخە گوێزانەدا ئەستەمە تاقە گوێزێکت دەستبکەوێ.

جوتیارێکی دەڤەری باڵەکایەتی دەڵێت ئەمساڵ شەختە و سەرما هەموو بەری دارگوێزەکانی فەوتاند. گوتیشی "ئەمساڵ هیچ جوتیارێک بە تەمای گوێز نییە".

کاتێک دارگوێزەکان شکۆفەیان کرد، جوتیاران لەو باوەڕەدابوون ئەمساڵ ساڵی گوێز بێت. جوتیارێکی دەڤەری باڵەکایەتی دەڵێت "ئەمساڵ ساڵە گوێز بوو، بەڵام بەداخەوە سەرما هیچی نەهێشت".

وەک فرۆشیارانی گوێز باسی لێوەدەکەن، ئەوەی لەبازاڕ هەیە بەرهەمی پارساڵە یاخود ئەوانەن کە لە وڵاتانی ئۆزبەکستان و ئەفغانستان و ئەمریکا و ئەرجەنتینەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون، ئەمانەش لەنرخدا گرانترن و تامیشیان بە ئەندازەی گوێزی خۆماڵی خۆش نییە.

لە بازاڕەکانی کوردستاندا گوێز بە کیلۆ دەفرۆشرێت، بەڵام فرۆشیاران بە دانە گوێز لە جوتیاران دەکڕنەوە، نرخەکەشی بەپێی باشی و خراپی گوێزەکە دەگۆڕێت کە لە نێوان 25 تاوەکو 50 هەزار دیناردایە بۆ هەر هەزار دانە گوێز.

فرۆشیارێکی گوێز لە شارۆچکەی سۆران دەڵێت "ئەگەر گوێزی خۆماڵی هەبێت کەس گوێزی بیانی ناکڕێت، بەهۆی نەبوونی گوێزی خۆماڵی گوێزی بیانی گران دەبێت".

دەڤەری باڵەکایەتی و ناوچەی هەورامان لە باشووری کوردستان بە بەرهەمترین دەڤەری بەرهەمهێنانی گوێز هەژماردەکرێن، بەڵام سەرەڕای پووکانەوە و لە نێوچوونی گوێزی باڵەکایەتی، لە ناوچەی هەوارمان بەدرێژایی چوار ساڵی رابردوو بەرهەمی گوێز رووی لە کەمی کردووە و دەگوترێ ئەمساڵیش جگە لەکەمیی بەرهەمەکەی، جۆری کاکڵیشی لەتام و چێژ جیاوازی هەیە بەراورد بە ساڵانی رابردوو.



## تۆماس فریدمان:

# مالیکی یەکێکە لە سەرۆکە فاشیلەکانی جیهان



(فۆتۆ: ڕووداو)

ئەمریکا لە مێشکی خۆتان دەربکەن

بۆ هەر بەشدارییەک و وتارێک 100 هەزار دۆلار وەردەگرێت، بەڵام بەبێ پارە لە هەرێمی کوردستان وتارێک پێشکەش دەکات و دەڵێت ئەمریکا لەبیر بکەن و خۆتان ئایندە بنیات بنێن. فریدمان یەکێکە لە نووسەرە هەرە بەناوبانگەکانی جیهان. هەرچەندە پێیگوتین کە ئەو هاتووە بۆ ئەوەی بنووسێت و زۆر قسە نەکات، بەڵام 24 خولەک لە سلێمانی و لەناو زانکۆی ئەمریکی هەڤپەیڤینێکی تایبەتی لەگەڵ (ڕووداو) کرد.

بەگوتەی فریدمان، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرکەوتوو نابن ئەگەر پەیڕەوی سیاسەتی گشتگیر نەکەن، نموونەی سەرکەوتووش بۆ ئەو هەرێمی کوردستانە کە ئێستا ئۆپۆزیسیۆن بڕیاریداوە بەشدار بێت لە کابینەی داهاتوودا.

هەڤپەیڤین: هێمن لهۆنی
ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: چەند ساڵێک لەمەوبەر هاتیتە کوردستان و باسی نهێنییەکانی کوردت کرد، ئێستا جارێکی دیکە لێرەیت، هەرێمی کوردستان لە کوێدایە؟**

**تۆماس فریدمان:** بەشێوەیەکی گشتی سەرسامم. لەڕووی ئابوورییەوە پێشکەوتنی گەورەم بینیوە. لەڕووی فیزیکییەوە پێشکەوتنی گەورەم بینیوە. سلێمانی بەتەواوی شارێکی جیاوازە لەچاو حەوت ساڵ لەمەوبەر. لەڕووی سیاسیشەوە پێشکەوتنم بینیوە. ئێستا ئۆپۆزیسیۆن لەنێو حکومەتدایە، نزیکەی یەک لەسەر چواری کورسییەکانی پەرلەمانی بردەوە، لە بەرەی دژایەتی گەندەڵی و حوکمڕانیی خاوێن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کار دەکات. من لێرە وەک کەسێکم کە لەسەر زەویە و تەماشای بەرزبوونەوەی فڕۆکەیەک دەکات و پێموایە بەرەو ئاراستەیەکی باش دەڕوات، بۆ تۆ کە لەنێو فڕۆکەکەدای هەست بە بەرزی و نزمی دەکەیت، بەڵام بۆ من کە لەسەر زەویم، فڕۆکەکە بە ئاقارێکی ئەرێنیدا دەڕوات. من هەمیشە باسی پێشکەوتنی کوردستان دەکەم. پێشتر باسم کردووە و ئەمڕۆش باسی دەکەم و دەڵێم دوورگەیەکە لە ئارامی و پێشکەوتن. ئایا دیموکراسییەکی کامڵە؟ نەخێر. ئایا ئێمە خاوەنی دیموکراسییەکی کامڵین؟ نەخێر. کامڵ نییە، بەڵام دوورگەیەکی ئارامە و ئەوەش گرنگە.

**ڕووداو: هۆکاری ئەم پێشکەوتنە چییە؟ ئایا ئەو سیاسەتە گشتگیرەیە؟**

**تۆماس فریدمان:** پێموایە گەورەترین و گرنگترین شت کە بۆ کورد بێتەدی ئەوە بوو کە کۆتایی بە شەڕی نێوخۆ بێت و پەیڕەوی لە سیاسەتی نە براوە و نە دۆڕاو و فرەیی بکرێت، چونکە لە مێژووەوە ئەوە فێربووین ئەو وڵاتانە سەرکەوتوون کە خاوەنی سیاسەت و ئابوورییەکی گشتگیر و پێکەوە هەڵکردن بوون. ئەو وڵاتانەش شکستیان هێناوە کە خاوەنی سیاسەت و ئابوورییەکی لەو جۆرە نەبوون. ئەوەش شتێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی کوردستان.

**ڕووداو: ئەم سەرکەوتنەی تۆ باسی دەکەیت لە کوردستان، خەڵک هەیە دەڵێت هۆکار چییە بەردەوام بێت لەگەڵ وڵاتێک کە پڕە لە کێشە؟**

**تۆماس فریدمان:** من تەنیا ئەوە دەزانم کە بەرپرسانی کورد پێمدەڵێن. ئەویش ئەوەیە کە سنوورەکانی عێراق پارێزەری کوردستانن. ئێوە لە ناوچەیەکی زۆر ترسناکدا دەژین. بە دەوڵەتی زۆر بەهێز دەورەدراون، وەکو تورکیا، ئێران و سووریا کە ئێستا لە فەوزادایە. هەموویان خاوەنی دانیشتووانی کوردن. هەستیان چۆن دەبێت بەرامبەر کوردسانێکی سەربەخۆ، کوردستانێک کە هێشتا بەشێکە لە عێراق. بۆ من وا دەردەکەوێت کە سنوورەکانی عێراق کوردستان لە دراوسێکانی دەپارێزن، بەجۆرێک کە ڕەنگە گەر سەربەخۆ بێت بەوجۆرە نەپارێزرێت.

**ڕووداو: بەڵام ئێستا هەرێمی کوردستان پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ تورکیا و ئێران و لە زۆر وڵاتی دیکە باشترە؟**

**تۆماس فریدمان:** بەباشی لەو مەسەلەیە نازانم، بۆچوونی من بێلایەنانەیە. باوەڕم وایە کە دەبووایە کورد لە زۆر لەمەوبەرەوە دەوڵەتی هەبووایە. بەلای منەوە باشە ئەگەر بۆ ئێوە سەربگرێت.

**ڕووداو: لێرەدا جیاواز لە ئیدارەی واشنتن بیردەکەیتەوە؟**

**تۆماس فریدمان:** بەڵێ، باوەڕم وایە کورد گەلێکە کە وەک هەر گەلێکی دیکە شایەنی شوێنی خۆیانن، بەڵام چۆن بەدەستی دێنن و کەی بەدەستی دێنن، ئەوە دەبێ خۆتان بڕیاری لێبدەن. خۆتان باشتر لە من شارەزای جیۆپۆلەتیکن.

**ڕووداو: ئێستا هەرێمی کوردستان نەوت دەفرۆشێت، ئەوە هەنگاوێکی گەورە نییە بۆ سەربەخۆیی؟**

**تۆماس فریدمان:** پێموایە دەبێ هاوسەنگی ڕاگرن لەنێوان فرۆشتنی نەوت و ئەوەی لە بەغدا ڕوودەدات، چونکە ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئێستا عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووە، بەڵام دەتوانێ باش ببێتەوە. ئەگەریش عێراق چاک بێتەوەو ببێت بەوەی کە دەکرێ ببێت، کە یەکێک لەگەورەترین هەناردەکارانی نەوتە لە جیهاندا و کوردستان ڕێژەیەکی لە یەکێک لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی نەوتی جیهان پێ ببڕێت، لە کوردستان سەدا سەدی ڕێژەیەکی کەمتان دەبێت، پێموایە دەبێ بەراوردی بکەن. وەک خۆم نازانم، بەڵام پێموایە دەبێ بەراوردیان بکەن. ئایا سەرچاوەی پێویستتان هەن بۆ سەربەخۆیی؟ ئەی چی لەدەست دەدەن ئەگەر عێراق بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە و ببێتە ئەوەی کە دەکرێ ببێت.

**ڕووداو: کێشەکە لەوەدایە کورد لەگەڵ کێ**

> ## عێراق پێویستی بە کەبابەکەی تاڵەبانییە بۆ ئەوەی سیاسییەکان کۆبکاتەوە

**مامەڵە بکات لە بەغدا؟ ئەوان ئێستا سزای مووچە و سزای دارایی هاونیشتمانیانی کوردستان دەدەن؟**

**تۆماس فریدمان:** من سۆزێکی گەورەم هەیە بۆ ئەو نیگەرانییەی کوردستان خۆی تێدا دەبینێتەوە، بەڵام من هەمیشە سەرسام بووم بەو ڕۆڵەی سەرۆک تاڵەبانی لە سیاسەتی عێراقدا دەیگێڕا. پێشموایە یەکێک لە تراژیدیاکانی ئەم ساتە نەخۆشکەوتنی سەرۆکە، ڕێک لەم کاتەدا کە لە بەغدا گواستنەوە و هەڵبژاردن و مالیکی هەیە، پێموایە کورد دەتوانێ ناوبژیوانی ڕاستەقینە بێت لەنێوان سوننە و شیعە لە بەغدا. هەروەها لەنێوان تورکمان و مەسیحی و ئەوانی دی. دەبێ ئێوە بڕیار بدەن، ئایا یارییەکەتان کۆدەکەنەوە و دەچنە ماڵەوە، یان خۆتان وا دەبینن کە بڵێن دەتوانن ئێوە پێگەیشتووەکان بن و چاودێریی و نێوبژیوانی لەنێوان ئەو گرووپانەدا بکەن. بە تێڕوانینی من هەلەکانی سەرکەوتنی عێراق زۆر زیاد دەکەن ئەگەر کورد لە سیاسەتی بەغدا ڕۆڵ بگێڕێت و نەگەڕێنەوە ماڵی خۆتان.

**ڕووداو: ئەمریکا بۆ پشتیوانی مالیکی دەکات، لەکاتێکدا دژی سیاسەتی گشتگیرە و لەگەڵ هەمووان شەڕ دەکات؟**

**تۆماس فریدمان:** بەڕای من یەکێک لە تراژیدییە ڕاستەقینەکانی ئەمڕۆی عێراق و یەکێک لە هەلە گەورە لەدەستچووەکان شێوازی حوکمڕانی

> ## عێراق پێویستی بە کەبابەکەی تاڵەبانییە بۆ ئەوەی سیاسییەکان کۆبکاتەوە

مالیکییە. نەدەبوو بەمجۆرە بێت، دەیتوانی کار بۆ فرەیی بکات، دەیتوانی لایەنەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، پێکهاتەکان کۆبکاتەوە، بەڵام وای نەکردووە و تراژیدیایەکی بۆ عێراق دروستکردووە. بۆیە ئەو یەکێک لە گەورەترین و بێئومێدکەرترین سەرۆکەکانی جیهانە و نەدەبوو بەمجۆرە بێت.

**ڕووداو: بەڵام لە هەڵبژاردن هەر مالیکی دەیباتەوە؟**

**تۆماس فریدمان:** بۆ ماوەیەکی کورت بەڵێ هەڵبژاردن دەبەیەوە، بەڵام دواتر حوکمڕانییەکی شکستخواردووت هەیە. کەواتە چی؟ ئەوە کێشەیەکی ڕاستەقینەیە. هیوام ئەوەیە شیعە و سوننە و کورد لە بەغدا یەکبگرن و هاوڕابن لەسەر ئەوەی مالیکی خانەنشین بکرێت و کەسایەتییەکی دیکە شوێنی بگرێتەوە، بەڵام ئەوە بڕیاری عێراقییەکانە. تەنیا ئەوە دەزانم چوار ساڵی دیکەی ئەم مالیکییە، مالیکییەک کە بەمجۆرە ڕەفتار بکات، دڵنیانیم لەوەی تاوەکو چوار ساڵی دیکە عێراقێک بمێنێتەوە.

**ڕووداو: لە ستوونی کۆتاییدا باسی کشانەوەی ئەمریکا دەکەیت لەم ناوچەیە؟ ئایا لەگەڵ کشانەوەیت لە عێراق؟**

**تۆماس فریدمان:** لەو ستوونەدا باسی ئەمەم نەکرد، بەڵام دوو بۆچوونم هەن، لەلایەک دەکرا ئامادەکاریمان کردبا بۆئەوەی ئەمریکا هەندێک سەرباز لە عێرق بهێڵێتەوە و ڕۆڵی ناوبژیوان ببینێت، کێشەم لەگەڵ ئەوە نەدەبوو. بەڵام لەلایەکی دیکەوە و لەکۆتاییدا هەر دەبێ خۆتان چارەسەر بدۆزنەوە. پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە، پێکهاتە سەرەکییەکانی کورد، سوننە، شیعە، دەبێ ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ نووسینەوەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی لەبارەی چۆنێتی پێکەوەژیان وەکو هاونیشتمانیی یەکسان. ئەگەر نەتوانن ئەوە بکەن، هەزار سەربازی ئەمریکی، 10 هەزار، 150 هەزار ناتوانن ئەوە بکەن. ئەوە بە تەواوی بڕیاری خۆتانە. دەبێ خۆتان بیکەن و پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، پەیوەندی بە زلهێزەکانەوە نییەو پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە.

**ڕووداو: ڕەنگە خۆمان بڕیارمان دابێ بۆیە هەندێک دەڵێن بەهاری کوردی؟**

**تۆماس فریدمان:** ئەوە پرسیارێکی باشە. جارێکی دیکە دەڵێم کە دوو بۆچوونم هەن، لەلایەک، ئەوە ڕوونە کە هەرچییەک ڕوویداوە هەلی داوەتە کورد بۆئەوەی خاوەنی سەربەخۆیی بن، بەڵام سەربەخۆیی لەنێو دارستانێکی ئاگراویدا، ئەوە چ داهاتوویەکە.

**ڕووداو: بەڵام بیرت نەچێت تورکیا نەوتمان بۆ دەفرۆشێت؟**

**تۆماس فریدمان:** بەڵێ بێگومان، بەڵام سووریا دەسووتێ، عێراق دەسووتێ، ئێران سەقامگیر نییە. دڵخۆشم بۆ خەڵکی کورد کە بەر لە هەر شتێک بەشێوەیەکی ئارام کوردستان بنیات دەنێن و ئەمە زۆر گرنگە، شانازی دەکەم بەوەی کە بۆ چەندین ساڵ پشتگیریم لەوە کردووە و داوای پاداشتیش ناکەم. هەست دەکەم پاداشتی خۆمم وەرگرتووە بەرامبەر ئەوەی لێرە ڕوودەدات. ڕاستە کامڵ نییە، بەڵام ڕووە و ئاراستەیەکی ئەرێنییە. لەهەمان کاتدا، ئەگەر دوورگە ئارامەکەتان تەنیا دوورگەیەک بێت کە بە زەریایەک ئاژاوە دەورەدرابێت، ئەوە شتێکی دڵخۆشکەر نابێت، پێموایە بەرژەوەندی خۆتان لە سەقامگیربوونی هەموو ناوچەکەدا دەبینن.

**ڕووداو: ئەوەی هاونیشتمانیانی کوردستان دەیانەوێت ئەوەیە ئایا دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان توانای ژیانی هەیە؟**

**تۆماس فریدمان:** نازانم، هێندە لێرە نەماومەتەوە بۆئەوەی بتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە.

**ڕووداو: لە نووسینەکانتدا سەرسامیت بە تونس و کوردستان، جیاوازیی ئەم دوو شوێنە چییە؟**

**تۆماس فریدمان:** ئایا سەرنجڕاکێش نییە کە دوو لە سەرکەوتووترین قەوارە سیاسییەکانی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانی ئیسلامی تونس و کوردستانن. دوو وڵات کە ئێمە وەک ئەمریکا هیچمان بۆ نەکردن. بەڵێ ساڵانی نەوەتەکان هاوکاری دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین بووین، بەڵام بۆ تونس هیچمان نەکرد، کەواتە ئەوە چیمان پێدەڵێ؟ دەڵێ خۆتان بەبێ ئەمریکا کردتان. بڕیاری خۆتانە. کاتێک خۆتان بڕیاردەدەن خاوەنی سیاسەتی پێکەوە هەڵکردن بن وەک تونسییەکان، دوای شەڕی زۆر وەک کوردستان. ئێوە بڕیاردەدەن لێک نزیکببنەوە. ئێوە بڕیاردەدەن زانکۆیەکی ئەمریکی بنیاتبنێن. ئێمە بەسەرماندا نەسەپاندن، ئەوە بەرهەم ساڵح و خەڵکانی خۆتان بوون گوتتان با زانکۆی ئەمریکی و چەندین زانکۆی دیکەتان هەبن. ئێوە بڕیارتاندا هەولێر و سلێمانی بنیاتبنێنەوە، لەگەڵ جیهان بازرگانی بکەن و وەبەرهێنان بکەن، وەبەرهێنان لە پەروەردەدا بکەن، ئێمە بەسەرماندا نەسەپاندن. زۆرمان لێنەکردن بۆئەوەی لێک نزیکببنەوە. خۆتان بڕیارتاندا ئەوە بکەن. کاتێک خۆتان ئەو شتانە دەکەن، 90%ی هۆکارەکە خۆتانن، 10%ی هۆکارەکە ئێمەین.

**ڕووداو: ئایا بەبێ پشتیوانی ئەمریکا ئەوەی کوردستان هەیەتی نایدۆڕێنێ؟**

**تۆماس فریدمان:** نازانم، من ناتوانم خەیاڵ بکەم ئەمریکا بەنیاز بێت سەرباز بنێرێ بۆ پاراستنی کوردستان.

**ڕووداو: بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە ئەمریکا بۆچی پشتیوانی مۆدێلێکی فاشیلی وەک عێراق و ئەفغانستان دەکات، بەڵام ئامادە نییە پشتگیریی کوردستان بکات؟**

**تۆماس فریدمان:** پرسیارەکەت حەقە، تەحەدییەکە بۆ دیپلۆماسی ئەمریکا، چونکە ناتوانین چالاکانە کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی عێراق بکەین، پێموانییە ئەمە لە بەرژەوەندی کوردیش بێت. جا ئەگەر لێرەوە کار بکەین بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان و وەبەرهێنان لە جۆری ئەم زانکۆیە، ئەوە من لەگەڵیدام، بەڵام ئامۆژگاری من ئەوەیە ئەمریکا لە مێشکی خۆتان دەربکەن. خۆتان ئەوەتان کردووەو گەیشتوونەتە ئێرە. ئەوە ئێمە نین ئەو کارە دەکەین، خۆتان کارەکە دەکەن و بنیات دەنێن، بۆیە تا ئێرە هاتوون. دەگەڕێمەوە سەر قسەیەک کە پێشتر کردم، پێموایە زۆر گرنگە کە نەتانەوێ تەنیا دوورگەیەک بن، دوورگەیەک لەنێو زەریایەک ئاژاوەدا. کورد ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت بۆ پێکەوە کۆکردنەوەی عێراق. ئەگەر عێراق بەنیاز بێت یەکبگرێتەوە ئەوە پێویستی بە نێوبژیوانی کورد دەبێت لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا. نابێ واز لەوە بێنن. ڕەنگە شکست بێنن و ڕەنگە مەحاڵ بێت، یان هەرچییەک، بەڵام نێوبژیوانی ئێوە بە تێڕوانینی من گرنگترە لە نێوبژیوانیی ئەمریکا. دەزانی کە سەرۆک تاڵەبانی هەموو لایەنەکانی دەعوەتی کەباب دەکرد بەو جۆرە بوو. دەزانی مەبەستم چییە، واز لە عێراق مەهێنن ناتانەوێ ببنە دوورگەیەک لەنێو زەریایەک ئاژاوەدا.

**ڕووداو: بەڵام ڕەنگە ئەوان ناوبژیوانیی کوردیان نەوێت؟**

**تۆماس فریدمان:** باوەڕم پێبکە وەک پێشتر گوتم، ئەمە بێهیواکەرترین شتی مالیکییە، سەرۆک وەزیرێکی شکستخواردوو دەبێت، ڕاستە هەڵبژاردنی بردەوە، بەڵام دواتر وەک سەرکردە شکستی هێنا.

**ڕووداو: ئەگەر مالیکی بەردەوام بێت هەقی خۆمان نییە جیاببینەوە؟**

**تۆماس فریدمان:** نازانم، بەڵام با سەرەتا هەوڵبدەین بیگۆڕین، دواتر بزانین ئێمە لەکوێین.

**ڕووداو: پرۆسەی چارەسەری لە تورکیا بەباشی دەڕوات؟ تۆ ئەو هەنگاوانە چۆن دەبینی؟**

**تۆماس فریدمان:** من خۆشحاڵم، دەگەڕێمەوە سەر پرەنسیپە سەرەکییەکەم کە سیاسەتی گشتگیرە، ئەو وڵاتانەی خاوەنی سیاسەتی گشتگیرن، جا ئەگەر کوردستان ڕێگەیەک بدۆزێتەوە لەنێوان ئۆپۆزیسیۆن و پارتی و یەکێتی بۆئەوەی هەموویان پێکەوە کار بکەن. یان تورکیا بڵێت خوشک و برا کوردەکانیشمان هاونیشتمانی ئەم وڵاتەن و پێویستە ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ پێکەوە کارکردن، سەیرکە ئەوە چەند سوودی بە تورکیا گەیاندووە.

**ڕووداو: ئەوانیش بەبێ پشتیوانی ئەمریکا کردیان؟**

**تۆماس فریدمان:** بەبێ ئەمریکا کردیان، سوپاس هێمن باش لە وانەکانم تێگەیشتووی، شتەکە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، ئێمە کێشەی خۆمان هەن. ئایا لە داینامیکەکانی پەیوەندی نێوان تورکیا و کوردستان تێدەگەین؟ ڕەنگە لە ئەمریکا سێ پرۆفیسۆر هەبن تێبگەن. ئێمە تێناگەین. ئێوە خۆتان زیاتر لە ئێمە دەزانن چی باشە، کەواتە کاری خۆتانە.

**ڕووداو: لە نووسینەکانتدا بێ هیوا دیاریت لە دۆخی سووریا؟**

**تۆماس فریدمان:** سووریا ڕێک پێچەوانەی ئەوەیە کە باسمان کرد. سیاسەتی ناگشتگیر، لەبری گوتنی نە براوە و نە دۆڕاو، شتێک بۆ هەموو لایەنەکان، ئێمە پێیدەڵێین گەمەی سفر دەستکەوت، هەموو ئەوەی هی منە هی تۆشە. سەیرکە چییان بەسەر وڵاتەکەیان هێنا. سەیری وێنەکانی حەلەب و حومس بکە، لە شاری درێسدنی دوای جەنگی جیهانی دەچن. کێ ئەو شارانە بنیاتدەنێتەوە؟ ئێستا جەنگی سارد نەماوە، ڕووسیا نایەت پارەت بداتێ و هەموو کێشەکانت چارەسەر بکات. کێ بنیاتی دەنێتەوە؟ ئەسەد بردییەوە، چی بردەوە؟ وڵاتێکی وێران؟ بەوجۆرە لە سیاسەتی گشتگیر دووردەکەویتەوە و دەرەنجامەکە دەبینی.

**ڕووداو: ئەی چارەسەر چییە بۆ سووریا؟**

**تۆماس فریدمان:** وا نازانم چارەسەری سەربازی هەبێت. باوەڕم وایە تەنیا چارەسەری دیپلۆماسی

> ## دەبێ هاوسەنگی ڕاگرن لەنێوان فرۆشتنی نەوت و ئەوەی لە بەغدا ڕوودەدات

هەیە. پێشموایە ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە ئێمەی ئەمریکی ببیبنین ئەوەیە لەگەڵ ڕووسیا دابنیشین، هەرچەندە پێموایە زۆر سەختە لەگەڵ ڕووسیا، سعودیە و ئێران دانیشین کە گەمەکەری سەرەکین بۆئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێکی بەشکردنی دەسەڵات وەکو لە بۆسنە. ئەوە تاکە ڕێگایە و چارەسەری سەربازی بوونی نییە. ئایا عەلەویەکان دەستبەردار دەبن؟ ئەوە ڕوونادات. ئایا سوننەکان وازدێنن؟ ئەوەش ڕوونادات. تاکە چارەسەری سەربازی ئەوەیە هەمووان هەمووان بکوژن. ئەوە تاکە چارەسەری سەربازییە.

**ڕووداو: دوای سووریا دەگوترێ بەهاری عەرەبی شکستی هێنا؟ هۆکار چییە بەڕای تۆ؟**

**تۆماس فریدمان:** پێموایە هۆکاری سەرەکی بۆ بەهاری عەرەبی لاوانی عەرەب و موسڵمان بوون لەو بەشەی جیهان. لەسەر سەکۆیەکی تەخت دەژین، دەبینن کە هەموو جیهان چۆن دەژی، دوو شتیان دەوێت: یەکەم وەک هاونیشتمانی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، لەگەڵ ئەرک و ماف. نەک بەوجۆرە بێت کە بۆنموونە منی سەرۆک موبارەک دەسەڵات ڕادەستی کوڕەکەم بکەم. یەکەم ئەوەیە کە وەک هاونیشتمانی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. دووەم لە سیاقێکدا بژین کە بتوانن لە گرنگیی پێگەی خۆیان تێبگەن. ئەوە کە منیش کەسێکم دەمەوێ ڕێگای بەردەمم چۆڵ بکەن، چیدی بەربەست نەخەنە بەردەم تێگەیشتن لە پێگەی خۆم. ئەمانە ئەو دوو شتە بوون کە گەنجانی کوڕ و کچی عەرەب و موسڵمان دەیانویست. بێزاربوون لە ژیان لەنێو بارودۆخێکدا کە وەک هاونیشتمانی ڕەفتاریان لەگەڵ نەکرێت و لە پێگەی تەواوی ئەوان تێنەگەن.

**ڕووداو: کەواتە بەهاری عەرەبی بۆ ئازادی بوو نەک نان؟**

**تۆماس فریدمان:** پێموایە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەو دوو شتە بوو.

**ڕووداو: لە میسر هوتافەکە ئازادی، نان و شەرەف بوو. نانیش کێشەیەک بوو.**

**تۆماس فریدمان:** بەڵێ پێموایە لەلایەن ئەو کەسانەوە پێشڕەوی دەکرا کە بەڕاستی دەیانویست پێگەی تەواوەتییان لەبەرچاو بگیرێت و وەک هاونیشتیمانی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، نەک وەک شت.

**ڕووداو: بەهاری عەرەبی بۆ لە سووریا وەستا و نەچووە وڵاتانی کەنداو؟**

**تۆماس فریدمان:** ئەسەد بەمەبەست کردی بە جەنگێکی تائیفی و وڵاتانی کەنداو زۆر بچووکن، ملیۆنێک کەس لێرە، ملیۆنێک لەوێ، ناڵێم کە وڵاتی ڕاستەقینە نین، بەڵام وەک میسر دانیشتووانیان 80 بۆ 90 ملیۆن کەس نییە. هۆکار زۆرن، بەڵام هۆکاری سەرەکی شکستەکە ئەوە بوو کە خۆپیشاندەرانی گەنج، نەیانتوانی ناڕەزاییەکەیان هەڵگرن و ببیەنە نێو حیزبە سیاسییەکان کە بتوانن هەڵبژاردن ببەنەوە، دواتر دەستوور بنووسنەوە و چاکسازی بکەن. ئەوە شکستێک بوو بۆ هەموو شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی. زۆر ئاسانترە لە تویتەر بنووسیت یان لە فەیسبووک شتێک پۆست بکەی لەچاو دروستکردنی حیزبێکی سیاسی. ئەوە ئاستەنگی سەرەکی هەموو ئەو خەڵکە بوو، خەڵکی مەیدانەکانی خۆپیشاندانەکان.

**ڕووداو: ئێستا دوای شکستی بەهاری عەرەبی هەندێک دەڵێن چەند چەمکێکیش دووبارە پێناسەکرانەوە. لەوانە بۆ ئەمریکا دیموکراسی ئەوکاتەیە کە ئیسلامییەکان تێیدا براوە نابن؟ تۆ ڕات چییە؟**

**تۆماس فریدمان:** تێدەگەم چی دەڵێی، وەکو میسر بۆ نموونە. لەڕاستیدا ئەوە میسرییەکان خۆیان بوون کە مورسی و حوکمڕانی ئیخوان موسلیمینیان وەستاند. هۆکارەکەش ئەوە بوو کە مورسی پەیڕەوی لە سیاسەتی گشتگیر نەدەکرد، ئەویش بێ مێشک بوو لەوەی چۆن ڕەفتار بکات. پێموانییە سیسیش سەرکەوتوو بێت. باشە. من بڕوام بە نە براوەو نە دۆڕاو هەیە. ئەگەر سیاسەتی گشتگیرت نەبێت و عەلمانیش بیت شکست دێنیت، ئەگەر سیاسەتی گشتگیرت نەبێت و ئیسلامیش بیت هەر شکست دێنیت.

**ڕووداو: ئەی خەڵک چی بکات لەم دۆخەدا؟**

**تۆماس فریدمان:** چارەسەر ئەوەیە کە بە ڕێگای سەخت فێری بیت. کوردستان بە ڕێگای سەخت فێری بووە، بەشەڕی نێوخۆدا تێپەڕی. من هەموو شتێکم دەوێ، نە پارتی و نە یەکێتی، خۆم هەموو شتێکم دەوێ. کوردستان بەو سەختییەدا تێپەڕی. ئێستا هەندێک بۆ تۆ، هەندێک بۆ من. ئەنجامەکەش ئەوەیە کە چێشتێکی گەورەتر دروستدەکەین، لەبری ئەوەی پارچە پارچەی بکەین بۆ بەشی بچووک بچووک.

**ڕووداو: کەواتە کوردستان دەکرێت ببێتە مۆدێلێک بۆ ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

**تۆماس فریدمان:** بەڵێ، حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنتان هەیە کە لەدژی گەندەڵی بوو، لەدژی حوکمڕانی خراپ، ئێستا لە حکومەتدان. با ببینین ئەدایان چۆن دەبێت، بەڵام دەبێ شانازی بەوەوە بکەن، شتێکی جوانە، وەک ئێمە دەڵێین بەوە بەلەمەکەمان لەنگەر دەگرێ.

**ڕووداو: لەم ماوەیەدا زۆر حەزت لە چ شتێکی کوردستان کردووە؟**

**تۆماس فریدمان:** زۆر ئاسانە، یەکەم خەڵکەکەی، دووەم چێشت و خواردنەکەی، لێرە کێشم زیادی کردووە بەهۆی زۆر خواردنەوە.

**ڕووداو: دۆڵمەت خوارد، یان وەک باستکرد کەبابەکەمان کە هۆکاری سیاسەتی گشتگیرە لە عێراق؟**

**تۆماس فریدمان:** ناوی هەموو چێشتەکان نازانم، تەنیا ئەوە دەزانم کە هەمیشە چێژی لێ دەبینم. هەمیشە حەزم لێیە کە لە شوێنێکم تەنیا بۆ خۆی ڕێگای خۆی دۆزیوەتەوە، کامڵ نییە، هێشتا کێشەی زۆر هەن، بەڵام ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە بەرەو پێشکەوتن بۆ داهاتووی خەڵکەکەی. دەبێ شانازی بەوەوە بکەن.

## ئالین گەنجان هاندەدات



**میوا سەلاح – هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی رۆژئاوای کوردستان ئالین گۆرانییەکی نیشتیمانی بۆ هاندانی گەنجانی کوردستان کلیپ دەکات. خەلیل بلەیی بەڕێوەبەری کارەکانی ئالین بە (رووداو)ی راگەیاند "لە ماوەیەکی نزیکدا کلیپێکی هونەرمەند ئالین بەناوی چیا بەفرو دومانە بڵاو دەکرێتەوە،کە بەشێوازێکی تازە دابەشکردنی بۆ کراوەو پێشتر لەلایەن شڤان پەروەرەو گوتراوە، پەیامی ئەم گۆرانییەش بۆ بەرزکردنەوەی گیانی نیشتیمانی گەنجانی کوردستانە بەرامبەر هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانە".

# فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەمای هەولێر رەخنەباران دەکرێت



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

● دەرهێنەرێک: هەڵەکانی ئەم فێستیڤاڵە ریکۆردیان شکاند

● ئەنوەر شێخانی: بەخوای فێستیڤاڵ ئەوها نابێت

**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

لەکافتیریای هوتێلەکە دانیشتبوو، لەگەڵ هەر فڕە چیایەک مژێکی قووڵیشی لە جگەرەکەی دەدا، سەری دەخستە بن گوێی پیاوێک و دەیگوت "پارەکەم نادەنێ؟ ئاخر ئەمڕۆ دەڕۆمەوە، نابێت بە دەست و دیارییەکی باشەوە بگەڕێمەوە شام؟". پیاوەکەش سەری بۆ دەلەقاندو دەیگوت "پێمگوتووە خەمت نەبێت". ئەمە گفتوگۆی نێوان مونا واسف، ئەکتەری سووری و یەکێک لە میوانەکانی یەکەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەما بوو کە رۆژی 2014/5/30 لەشاری هەولێر دەستی بەکارەکانی کرد و پێنج رۆژی خایاند.

ئەم فێستیڤاڵە رووبەڕووی زۆرترین رەخنە بووەوە لەلایەن هونەرمەندان و رۆشنبیران، تەنانەت بەشێک لە میوانانیش دەنگی ناڕەزاییان هەڵبڕی.

وەزارەتی رۆشنبیری هەر لەسەرەتاوە بایکۆتی ئەم فێستیڤاڵەی کرد، بەڵام وەک باسدەکرێت لە ژێر گوشاردا وەکو میوان بەشدارییان کرد. شاخەوان مستەفا، بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "دەبووایە وەزارەتی رۆشنبیری ئەم فێستیڤاڵەی بەڕێوەبردبا، بەڵام بەهۆی نەبوونی بودجە نەکرا، بۆیە کەرتی تایبەت فێستیڤاڵەکەی بەڕێوەبرد". گوتیشی "فێستیڤاڵەکە کەموکوڕیی زۆری هەبوو".

فەرشی سوور راخرا و بڕیار بوو لە سەعات 5ی ئێوارە میوانان بەسەر فەرشی سووردا بڕۆن، بەڵام بووە سەعات شەش و هەر نەگەیشتن، دوای سەعات 7 هێدی هێدی میوانەکان بە ئۆتۆمبێلی مارسیدسی رەش گەیشتنە هۆڵی سەعد عەبدوڵلا، زۆربەی پەیامنێران و ئامادەبووان چاوەڕێی ڤاندام و ئەمیتاب و ئیلهام شاهینیان دەکرد، بەڵام ئەوان هەر دەرنەکەوتن.

### نەچوونە هۆڵی سینەما

ئەوانەی داوەت دەکرێن لەو جۆرە فێستیڤاڵانە زۆربەیان ئەکتەر و دەرهێنەرن بۆ ئەوەی سەیری فیلمەکان بکەن و دواتر سەرنج و تێبینی خۆیان لەسەر فیلمەکان بدەن. بەڵام بەشێکی زۆر لە میوانەکان تەنانەت سەیری یەک فیلمیشیان نەکرد، ئەوە جگە لەوەی فێستیڤاڵەکە هیچ پەراوێزێکی نەبوو بۆ کۆڕ و سەمینار.

لالە ئەسکەندەری ئەکتەری بەناوبانگی فارس کە یەکێک بوو لە میوانەکانی فێستیڤاڵەکە، رۆژێک پێش تەواوبوونی فێستیڤاڵ گوتی "بەداخەوە فیلمەکانم نەبینیوە تا هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەم، لەبەر ئەوەی بوارم نەبووە سەیری فیلمەکان بکەم، بۆیە نازانم ئاستی فیلمە بەشداربووەکانی فێستیڤاڵ چۆنە".

فیلمەکان لە 12 هۆڵدا نمایش دەکران، بەڵام هەندێک لە هۆڵەکان یەک کەسی تێدابوو، لە هۆڵەکانی دیکەش ژمارەی بینەران نەدەگەیشتنە 20 کەس. تەنیا فیلمی کوردی "من سامیم" ریکۆردی بینەرانی شکاند و هۆڵەکە تەژی بوو لە بینەر.

دەرهێنەر عەدنان عوسمان، گلەیی لە نەبوونی پرۆگرامی نیشاندانی فیلمەکانی فێستیڤاڵ هەبوو، گوتی "ئێمە سەرمان لێ شێوابوو، نەماندەزانی بۆ کام هۆڵ و چ فیلمێک بچین، لەبەر ئەوەی پرۆگرامێکی روون نەبوو".

### "هەڵەکان ریکۆردیان شکاند"

بەشێکی زۆر لە بەشداربووانی فێستیڤاڵ پێیانوابوو ئەم فێستیڤاڵە ئامانجەکانی ناڕوونە، مەسعود عارف دەرهێنەرێکی شاری دهۆکە گوتی "زۆر هەڵەی گەورە لەم فێستیڤاڵە هەبوون کە هەموو پێوەرەکانی جیهانی شکاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا سێرچێکی باشی بۆ فیلمە کوردییەکان نەکردووە، فیلمی سێ چوار ساڵ پێش ئێستا نمایش کران".

ئەو دەرهێنەرە پێیوابوو ئامانجی فێستیڤاڵەکە ناڕوون بوو "ئامانجی سەرەکی فێستیڤاڵەکە ئاشکرا نەبوو، بۆیە مرۆڤ گومانی هەیە، ئایا تەنیا بۆ پارە کۆکردنەوە بووە؟ جگە لەوەش ئەم فێستیڤاڵە هیچ مۆرکێکی کوردی پێوە دیار نەبوو".

### مونا واسف: من کوردم

ئەکتەری سووری مونا واسف، ئەستێرەی فێستیڤاڵەکە بوو، خەڵکێکی زۆر سەردانیان دەکرد و وێنەیان لەگەڵ دەگرت، ئەگەرچی بەهۆی پیربوونییەوە نەیدەتوانی بەباشی رێ بکات، بەڵام گرۆتینێکی باشی بە فێستیڤاڵەکە دابوو. لە پرێس کۆنفرانسێکدا کوردبوونی خۆی راگەیاند و گوتی "من بەرەچەڵەک کوردم و شانازیش بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم".

### شاجوانی تورکیا سەوزایی دەوێت

شاجوان و کچە نمایشکاری تورکی توبا ئۆزەی یەکێک بوو لە بەشداربووانی فێستیڤاڵی سینەمای نێودەوڵەتی هەولێر، ئەو بەپێچەوانەی هاوڕێیەکانی دیکەی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە کوردستان دەربڕی و گوتی "کوردستان زۆرخۆشە، بەڵام بەڕاستی ئێوە پێویستیتان بە سەوزایی زیاترە، چونکە ئەم چەند رۆژەی لە کوردستانم زۆر بەکەمی سەوزایی دەبینم".

توبا لە فیلمی "سەربازەکانی سەددام" رۆڵی کچە پێشمەرگەیەکی بینیوە و دەڵێت بەهۆی ئەو فیلمەوە کوردی ناسیوە.

### نابینە هۆلیوود

دەرهێنەری کورد کەی بەهار کە بە فیلمی (من سامیم) بەشداری فێستیڤاڵەکەی کردبوو، گوتی "خەڵک دەیەوێت یەکەمین فێستیڤاڵی هەولێر وەک هۆلیوود بێت، ئەوەش ناکرێت. ئەمریکاش یەکەمجار کە دەستی بە فێستیڤاڵ کرد هەر ئەوها بوو".

هەروەها هونەرمەندی میوزیکژەن هەژار زەهاوی کە یەکێک بوو لە دادوەرانی فێستیڤاڵ، گوتی "ئەمە یەکەمین فێستیڤاڵە و هەڵبەتە بەرز و نزمیشی دەبێت، رەنگە وەک ئەوەی پلان و بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو جێبەجێ نەکرابێ، بەڵام هیوادارم ساڵانی ئایندە باشتر بەڕێوەبچێ".

### کاتەکەی گونجاو نەبوو

حوسێن سێودین دەرهێنەری کورد پێیوایە کاتی کردنەوەی فێستیڤاڵ گونجاو نەبووە، ئەو دەڵێت "لەبەر ئەوەی قوتابیانی زانکۆ و پۆلی شەشی ئامادەیی لە کاتی تاقیکردنەوەی ئەزموونی سەری ساڵدابوون، بۆیە جەماوەرێکی کەم سەردانی هۆڵەکانی سینەمای کرد، ئەمەش کاریگەری لەسەر فێستیڤاڵ هەبوو".

### فیلمەکەی نمایش نەکرا و خەڵاتیشی وەرگرت

سۆران ئیبراهیم، دەرهێنەری گەنج خەڵاتی نێودەوڵەتی فێستیڤاڵەکەی وەرگرت، بەڵام فیلمەکەی نمایش نەکرا، سۆران دەڵێت "خەڵاتەکە بۆ من گرنگ نەبوو، هێندەی نمایشکردنی فیلمەکەم گرنگ بوو، چونکە ماندووبوونێکی زۆرم پێوە بینیوەو لە ئێران وێنەم گرتووە، کەچی فیلمەکەی کەی بەهار لە شوێنی فیلمەکەی من نمایش کرا". گوتیشی "ناسر حەسەن بەڕێوەبەری فێستیڤاڵەکە خەڵکی بۆ فیلمەکەی خۆی بانگ کرد و فیلمەکەی منیش نمایش نەکرا"

هونەرمەند ئەنوەر شێخانی رەخنەیەکی توند لە رێکخەرانی فێستیڤاڵ دەگرێت و دەڵێت "بابە ئەگەر لە فێستیڤاڵ نازانن بۆ سەرپەرشتی دەکەن، ئەی بۆ راوێژ بە شارەزایان ناکەن، باشە ناسر حەسەن تۆ قەت فێستیڤاڵێکت نەبینیوە چۆن سەرپەرشتی فێستیڤاڵ دەکەی، بیست وێنەی خۆی و فیلمەکەی لە گۆڤاری فێستیڤاڵەکە داوە، بەخوای فێستیڤاڵ ئەوها نابێت".

### دانی پێدا دەنێن

لە کاتی دابەشکردنی خەڵاتەکان، بێ سەروبەرییەکی زۆر هەبوو، شاشەی سەر ستێج لەکار کەوت و نەتوانرا خەڵاتەکان لە رێگای شاشەکەوە رابگەیەنرێت، بۆیە هەموو خەڵاتەکان بەدوای یەکدیدا راگەیێندران و تەواوی لیژنەی دادوەری هاتنە سەر شانۆ و لە کۆنترۆڵ دەرچوو، زۆربەی خەڵاتەکانیش بەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی خوێندرانەوە و زمانی کوردی فەرامۆش کرا، ئەمەش نیگەرانی لای بەشێک لە ئامادەبووان دروستکرد.

شڤان جەمیل، رێکخەری فێستیڤاڵ دان بەوەدا دەنێت کە فێستیڤاڵەکە هەندێک کەموکوڕیی هەبوو، بەڵام بەڵێن دەدات ساڵی ئایندە دووبارە نەبنەوە "ساڵی ئایندەش لە مانگی چوار گەورەترین فێستیڤاڵی سینەما سازدەکەین، ئەوکات بە ستافێکی پرۆفیشناڵ فێستیڤاڵەکە بەڕێوە دەبەین".

---

### حاتەم عێراقی بۆ (رووداو):

# هیچ کێشەیەکم لەگەڵ کازم ساهیردا نییە



**رێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

هونەرمەند حاتەم عێراقی کە 12 ساڵە بەغدای بەجێهێشتووە، خۆزگە دەخوازێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ئەو شارە و لەوێ ئاهەنگ سازبکات، بەڵام دەڵێت "ئەوە بەم زووانە نابێ".

حاتەم عێراقی، لە 20ی مارسی 1969 لە شاری سەورەی بەغدا (شاری سەدری ئێستا) لەدایکبووە، ئەو زیاتر بە مەوالی عێراقی بەناوبانگ بوو کە جۆرێکە لە هونەری گۆرانی لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق. حاتەم خاوەنی زیاتر لە 20 ئەلبوومی گۆرانییە لەوانەش: ( کوکتیل، مهاجر، یا طیر، الدنیا ما تسوی، ذکرناکم ) و چەندین ئەلبوومی دیکە.

دوای نیشتەجێبوونی لە تاراوگە، تاوەکو ئێستا دوو جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و دوایین جار لە 30ی ئاداری ئەمساڵ بوو کە لەگەڵ هەیفا وەهبی کۆنسێرتێکی گۆرانییان ساز کرد، هەروەها جارێکیش سەردانی بەسرەی کردووە.

بەڵام ئەو زۆر بیری بەغدا دەکات و دەڵێت "بیری هەموو کۆچە و کۆڵانەکانی ئەو شارە دەکەم، بەردەوام بەغدام لەبەرچاوە".

ئێستا قوسەی حاتەم عێراقی کە تەمەنی 19 ساڵانە، کێبڕکێی باوکی دەکات و هەوادارێکی زۆری هەیە بە تایبەتی لە وڵاتانی کەنداو. حاتەم عێراقی لەبارەی کوڕەکەی دەڵێت کە پێیوانییە لەخۆی باشتر بێت، بەڵام گوتی لە داهاتوودا مۆسیقا دەخوێنێ و شتی نوێتر پێشکەشی خەڵک دەکات.

حاتەم، لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (رووداو) بۆچوونی خۆی لەبارەی ژنە گۆرانیبێژی کورد پەرواز حوسێن دەربڕی کە لەبەرنامەی عەرەب ئایدڵ چەند گۆرانییەکی هونەرمەندانی عەرەبی گوتەوە. حاتەم دەڵێت "پەرواز هونەرمەندە، بەڵام پێویستە بەشێوەیەکی باش سەرپەرشتی بکرێت، تاوەکو بتوانێت گۆرانی باش پێشکەش بکات".

تاوەکو ئێستا چەند جارێک لە میدیاکانەوە بڵاوکراوەتەوە کە کێشە لە نێوان کازم ساهیر و حاتەم عێراقیدا هەیە، بەڵام حاتەم رەتیکردەوە کێشەی لەگەڵ کازم هەبێت و گوتی "من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ کازم ساهیردا نییە، کازم هونەرمەندێکی گەورەیە و پێشەنگی هەموومانە".

حاتەم عێراقی تاوەکو ئێستا تەنیا لە شاری هەولێر کۆنسێرتی کردووە، بەڵام بەڵێنی دا کە لە داهاتوودا لە شاری سلێمانی و دهۆکیش کۆنسێرت بکات. ئەو زۆر دڵخۆش بوو بەو دوو سەردانەی بۆ شاری هەولێر و گوتی "هەموو شتێکی هەولێرم خۆشدەوێ، کوچە و کۆڵانەکانی زۆر خۆشن. لە هەولێر هەست دەکەیت لە نێو کەسوکاری خۆتی".

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (313) دووشەممە 2014/6/9

## "کورد تووتنی قاچاخ دێننە ئەڵمانیا"



**ڕووداو – دویلسدۆرف**

(گۆڤاری FOCUS)ی ئەڵمانی بڵاوی کردەوە چەندین خێزانی کورد کە "بازرگانی" بە چەک، مادەی هۆشبەر و لەشفرۆشی دەکەن "بە هەزاران تۆن تووتنیشیان بە قاچاخی هێناوەتە ئەڵمانیا کە ماددەی مەترسیداری وەکو (گلیسیرین)یشی تێدایە و مرۆڤ تووشی شێرپەنجە دەکات". راپۆرتی گۆڤارە باسی لەوەش کردووە کە " قاچاخی کردن بە تووتنی نێرگەلە بۆ ژمارەیەکی زۆری کورد وەکو نان و ئاوە، ئەوان پەنا بۆ شتی زۆر مەترسیدار دەبەن، وەکو تێکەڵکردنی ماددەی گلیسێرین، کە یارمەتی تووتنی نێرگەلەکە دەدات بۆ ماوەیەکی زیاتر بسووتێت".

### لە 100 هەزار کورد 3 هەزار دەنگیان پێداوە

# بەربژێرە کوردەکەی هۆڵەندا گلەیی هەیە



**ئاشتی عومەر سندی**
**ڕووداو– هۆڵەندا**

تاکە بەربژێرە کوردەکەی هۆڵەندا کە شکستی هێنا لە گەیشتن بە پەرلەمانی ئەورووپا، گلەیی لە کوردی ئەو وڵاتە هەیە و دەڵێت سەرەڕای ئەوەی بەڵێنیان پێدابوو، بەڵام دەنگیان پێنەدا.

ڕۆژی 2014/5/25 لە 28 وڵاتی ئەورووپا، خولی هەشتەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بەڕێوەچوو. لەو هەڵبژاردنەدا 350 حیزب و لایەن بەشدارییان کرد و 8 هەزار بەربژێر لە کێبڕکێدابوون لەسەر 751 کورسییەکەی پەرلەمانی ئەورووپا.

لە سوید شەش بەربژێری کورد هەبوون بۆ ئەم هەڵبژاردنە و هیچیان نەگەیشتنە پەرلەمان، بەڵام دوو لەوان (ئەڤین ئیفنجەر و کوردۆ باکسی) وەکو پەرلەمانتاری یەدەگ ناویان دەهێندرێت. لە هۆڵەنداش تاکە بەربژێرە کوردەکە نەیتوانی بگاتە پەرلەمان.

یونس لوتفوڵڵا کە خەڵکی باشووری کوردستانە، کاندیدی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی (SP) بوو. بەڵام نەیتوانی دەنگی پێویست کۆبکاتەوە، بۆیە دەڵێت "کورد دەرفەتێکی مێژوویی لەدەست دا".

نرخی کورسییەک لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاواز بوو، لە وڵاتێکی وەک هۆڵەندا نرخی کورسییەک 15 هەزار دەنگ بوو، بەڵام بەربژێرە کوردەکە توانی تەنیا 20%ی نرخی کورسییەک بەدەستبهێنێ کە 3342 دەنگ بوو.

بەپێی قسەی یونس لوتفوڵڵا گۆران، لە هۆڵەندا نزیکەی 100 هەزار کورد دەژین، زۆر لەوانیش بەڵێنیان دابوو دەنگی بدەنێ.

یونس لوتفوڵڵا گۆران بە (ڕووداو)ی گوت "کورد دەرفەتێکی مێژوویی لە دەستدا، بەڕاستی من هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد. زۆربەی کوردی هۆڵەندا بەڵێنیان دا کە دەنگ دەدەن و متمانە بە من دەدەن وەکو تاکە کاندیدی کورد بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی کە پێشکەشم کردبوو".

یونس سەری سوڕماوە لەو دەنگە کەمەی هێناویەتی و دەڵێت "بەشی هەرەزۆری بەرنامەی من تایبەت بوو بە پرسە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بەڵام بەداخەوە کورد دەنگیان نەدامێ، دیارە بەشێکی زۆری کورد هێشتا نرخی بوونی کەسێکی کورد لە پەرلەمانی ئەورووپا نازانن." ناوبراو یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دەرنەچوونی باس دەکات و دەڵێت "هەندێک کەسی کورد کە سەر بە پارتی دیکە بوون، پروپاگەندەیان لەدژی من دەکرد، بۆ ئەوەی دەرنەچم".

وەک یونس لوتفوڵڵا ئاماژەی پێدا، زۆربەی پارتە کوردییەکان ئامادەیی خۆیان نیشاندابوو کە داوا لە لایەنگرانیان بکەن دەنگی بدەنێ، بەڵام نەیانتوانی لوتفوڵڵا بگەیەننە پەرلەمانی ئەورووپا.

---

### هێندەی ساڵەکانی تەمەنی وڵاتی بینیون

# گەشتیارێکی کورد دەیەوێت هەموو جیهان ببینێ

**یادۆ جوان**
**ڕووداو– ئامەد**

عیسمەت چاچان، تەمەن 44 ساڵ، گەشتیارێکی کوردە، تاوەکو ئێستا هێندەی ساڵانی تەمەنی خۆی وڵاتانی کیشوەرە جیا جیاکانی دونیا گەڕاوە. عیسمەت کە خەڵکی شاری ئامەدە، شەیدای سەیر و سەمەرەکانە و ئامانجی ئەوەیە هەموو وڵاتانی جیهان بگەڕێت.

عیسمەت، ئێستا کاری بەڵێندەری دەکات و پێشتریش نوێنەری کۆمپانیایەکی گەورەی شاری ئیزمیر بووە. سەرەتای ساڵانی نەوەتەکان لەگەڵ خێزانەکەی لە شاری ئامەدەوە ڕوودەکەنە شاری ئیزمیر و لەوێ نیشتەجێ دەبن. گەشتوگوزار ئارەزوویەکی سەرەکیی عیسمەتە. لە هەر دەرفەتێکدا ڕوودەکاتە وڵاتێکی دونیا. تاوەکو ئێستا 44 وڵاتی بینیوە لە نیپال و ڤێتنامەوە بگرە تاوەکو تانزانیا و تونس. عیسمەت دەڵێ ئەوەندە شەیدای گەشت بووە کە یەکەمجار سەفەری دەرەوەی وڵاتی کردووە و چووەتە ئیتاڵیا لە خۆشیاندا تاوەکو بەیانی نەخەوتووە.

عیسمەت دەیەوێ بەردەوام وڵاتی تازە ببینێ، ئاشنایەتی لەگەڵ کەلتووری نوێ پەیدا بکات و فێرە شتی نوێ ببێت. دوای گەشتکردنی بۆ وڵاتانی ئەورووپا، ئەمجارە ڕوودەکاتە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا، بەڵام دەڵێ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دوور لە هەموویان سەرنجڕاکێشترن. چونکە بیروبۆچوونی ئاینی و شێوازی ژیانیان سەرنجی عیسمەت رادەکێشن.

عیسمەت زۆر یادەوەری هەیە لەو وڵاتانەی سەردانی کردوون و دەڵێ "لەکاتی سەردانی بانکۆکدا، بەشداریم لە مەراسیمێکی بەخاکسپاردندا کرد. بنەماڵەی کەسی کۆچکردوو سەرەتا خزمی خۆیان سووتاند و دواتر کە بووە خۆڵەمێش کردیانە ملوانکە و بە ملی خۆیانەوە بەست. ئەو شێوەی ڕێزگرتنەیان لە مردوو کاری لە من کرد. هەروەها کاتێک لە کامبۆچیا دەسووڕامەوە، ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەم دەبینی کە بەهۆی مینەوە دەست و قاچیان لەدەستداوە".

عیسمەت لە هەمانکاتدا خۆی وەکو دۆستێکی ئاژەڵ دەبینێ و دەڵێت "لە ئەفریقا چوومە دارستانەکان و لەوێ ئاژەڵم بینین، بەڵام نەک بۆ مەبەستی ڕاوکردن. مارم بەدەست گرتووە، دەستم لە تیمساح، فیل و زۆر ئاژەڵی دیکەی کێوی داوە. لەگەڵ سەگی دەریا مەلەم کردووە. سەگەماسی ئەگەر هەست بە مەترسی تۆ نەکات پەلامارت نادات."

عیسمەت ساڵانێکی درێژ لەگەڵ خێزانەکەی لە ناوچەی ئەگەی تورکیا ژیاوە کە ماوە ماوە نەژادپەرستی تورک پەلاماری خەڵکی کورد دەدەن لەوێ. ئەو دەڵێ "ساڵانی ڕابردوو میدیا و سیستەمی پەروەردە لێرە کاریگەری زۆریان هەبووە. لەژێر ئەو کاریگەرییەدا لە دژی خەڵکی کورد دەجوڵانەوە و حوکمێکی پێشوەختەیان لەسەر کورد هەبوو. بەڵام بەهۆی لەیەکترنزیکبوون و دروستبوونی پەیوەندی ئەو بۆچوونە نیگەتیڤانە وردە وردە دەگۆڕدرێن. بێگومان ئەمەش پرۆسەیەکە و من پێموایە و مسۆگەر دەزانم کە ئەوەش نامێنێت".

#### بە پارەی جگەرە گەشت بکەن

عیسمەت کە ئێستا خۆی بۆ گەشتی نیوزیلاند و ئوسترالیا ئامادە دەکات، ئامۆژگاری دەداتە ئەو لاوانەی دەیانەوێ وڵاتانی دونیا ببینن و دەڵێ "ڕۆژانە ئەگەر پاکێتێکی جگەرە نەکێشن، پارەی ئەو پاکێتە کۆبکەنەوە دەتوانن لە ماوەی یەک ساڵدا بەو پارەیە سەردانی وڵاتێک بکەن. گەشتکردن تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان و جیهان دەگۆڕێت، ئاسۆی مرۆڤ دەکاتەوە و خودی مرۆڤیش دەگۆڕێت."



---



# شیعر و ڕۆمانی کوردی بۆ ئیسپانییەکان دەخوێننەوە

**ئەلێکساندرا دی ستیفانۆ**
**ڕووداو– مەدرید**

لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی ڕابردوودا لە کتێبخانەیەکی شاری مەدرید ئێوارە کۆڕێک بۆ نووسەرێکی کوردی دانیشتووی ئیسپانیا و هۆنراوە وەرگێڕدراوەکانی شاعیری بەناوبانگی کورد ئەحمەد عارف سازکرا.

کەمیی ژمارەی کورد لەو وڵاتەو نەبوونی زانیارییەکی ئەوتۆ لای ئیسپانییەکان لەسەر گەلی کورد، وادەکات کۆڕێکی لەو جۆرە بۆ شاری مەدرید دەگمەن بێت.

بەڵام خاوەنی کتێبخانەکە فاتمە کەیهان کە کوردێکی باکووری کوردستانە، لەگەڵ مێردەکەی مارک نێسفیڵد کەشوهەوایەکی گونجاویان بۆ ئەو ئێوارە کۆڕە خولقاند و تێیدا نووسەر یەشمینا شەوقی باسی لە ڕۆمانەکەی کرد کە بەزمانی ئیسپانی نووسراوە، بەڵام بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ لەسەر ڕاستییەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان.

ژمارەیەکی زۆری خەڵک ئامادەی کۆڕەکە بوون. نێسفیڵد گوتی "بەیارمەتی خەڵکی کورد و هاوڕێیانمان توانیمان خەڵکی لە کۆڕەکە ئاگادار بکەینەوە".

یەشمینا شەوقی نووسەر و مێژوونووس و توێژەرێکی لێهاتووە، لەسەر کورد و کێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەنووسێت. نێسفیڵد گوتی گوێگرتن لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە "کورد: چارەنووسیان بۆ ئازادی" چێژێکی تایبەتی هەبوو.

هەر لەو کۆڕەدا بەشێک لە شیعرەکانی ئەحمەد عارف لە دیوانی "لە حەسرەتی تۆ زنجیرەکانم کۆن کردن" بە زمانی ئیسپانی لەلایەن هەردوو وەرگێڕ پاپا بامۆندێ و عیرفان گولەر خوێندرانەوە.

کتێبخانەکە شەش مانگ لەمەوبەر کرایەوە، بەهیوای بوونە وێستگەیەک بۆ کتێبە نێودەوڵەتییەکان، ئەو شوێنەی کە کەیهان توانی کتێبی بەزمانی کوردی تێدا لەبارەی کوردستانەوە دابنێ.

کەیهان کە خەڵکی ماردینی باکووری کوردستانە، بە (ڕووداو)ی گوت "نامەوێت کلتوورەکەمان بە گۆشەگیری بمێنێتەوە". شەوقی بە خوێندنەوەیەک کە لە خەیاڵەوە سەرچاوەی گرتووە ئەو هەنگاوەی نا.

"ئەو ڕۆمانەی لە کتێبخانەکە خوێندمەوە و قسەم لەسەری کرد لە ساڵی 2007 بڵاومکردەوە. پاڵنەری سەرەکیم لە نووسینی ئەو کتێبە ئامۆزایەکم بوو کاتێک هاتە ئیسپانیا لەگەڵمان ژیا و باسی هەموو ئەو مەترسیانەی کرد کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە کاتێک لە عێراق هەڵاتووە".

شەوقی لە ڤیگۆی هەرێمی گالیسیا لە دایکێکی ئیسپانی و باوکێکی کوردی خەڵکی سلێمانی لەدایک بووە. هەتا تەمەنی هەژدە ساڵی لە نێوان باشووری کوردستان و ئیسپانیا ژیاوە.

"ژیان لە کوردستان ئەزموونێکی زۆر گرنگ بوو بۆ من، خەڵکانێکی زۆرم ناسین، زۆریش تامەزرۆی کلتوورەکەم بووم. هێندەی کە خۆم بە ئیسپانی دەزانم، خۆم بە کوردیش دەزانم". شەوقی کە بە زمانی گالسیش دەنووسێ وایگوت.

"حەزدەکەم خەڵکی ئیسپانیا زانیاری زیاتر لەسەر کورد پەیدا بکەن بەهۆی ڕۆمانەکانم، لەبەر ئەوەی زۆربەی جار لەگەڵ عەرەب و تورک و فارسەکان تێکەڵی دەکەن. هەروەها دەمەوێت باس لە ناڕەحەتییەکانی ژیان لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی پێشووی عێراق بکەم".

شەوقی لە یەکەم ڕۆمانیدا کە بە زمانی ئیسپانی نووسراوە ئاماژەی بەو بابەتە کردبوو.

#### ئەحمەد عارف ئیسپانییەکان سەرسام دەکات

بە هۆنراوەکانی ئەحمەد عارف، ئێوارە کۆڕەکە گەرموگوڕتر بوو.

کاتێک مامۆستایەکی سەرەتایی بەناوی پێپا بامۆندێ چەند ساڵێک لەمەوبەر سەردانی باکووری کوردستان دەکات، زۆر تامەزرۆی کتێبێک دەبێت کە لەلایەن گەنجێکەوە وەک دیاری دەیدرێتێ.

"ئەو کوڕە گەنجە کتێبەکەی ئەحمەد عارفی پێدام و پێیگوتم ئەم کتێبە نیشانی دەدات کورد چین!". بامۆندێ داوا لە عیرفان گولەر، پارێزەر و چالاکوانی مافی مرۆڤ دەکات، شیعرەکانی بۆ وەرگێڕێتە سەر زمانی ئیسپانی.


"ئەحمەد عارف شاعیرێکی گرنگە بۆ کورد. دیوانەکەی بە ناوی لە حەسرەتی تۆ زنجیرەکانم کۆن کردن تاوەکو ئێستا 60 جار چاپ کراوە". گولەر وایگوت.

عارف کە لەشاری ئامەدی باکووری کوردستان لەدایکبووە، هەرچەندە شیعرەکانی بە تورکی نووسیون، بەڵام باس لە ئازارەکانی کورد دەکەن. ناوبراو تەکنیکێکی زۆرباشی هەیە لە نووسیندا، زۆر جیاوازە لە نووسینی شاعیرەکانی سەردەمی خۆی. "هەموو کوردێک بە دڵ هۆنراوەکانی ئەو دەزانن" گولەر وایگوت، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە عارف لەساڵی پەنجاکاندا پێشبینی کردووە تەنیا هیوای کورد چیاکانیانە، ئەوە بوو پاش 30 ساڵ گەریلاکانی کورد چوونە شاخەکان بۆ خەباتکردن.

عارف کە لەساڵی 1991 کۆچی دوایی کردووە، فەلسەفەی لە زانکۆی ئەنقەرە خوێندووە. لەماوەی ژیانیدا بەهۆی بیروڕای سیاسییەوە ڕووبەڕووی بەندکردن بووەتەوە. بۆیە زیندان لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.


تاوەرە بازرگانییەکانی ئیمپایر
نووسینگەی نایاب
ئێستا ئامادەیە
بۆ فرۆشتن
Empire
Building the Future World
Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com


SSANGYONG
Korean Made
msn otomotiv
تەنها بە 30٪ پێشەکی
ببە بە خاوەنی ئۆتۆمبێلەکانی سانگ یونگ
بە قیستی مانگانە بۆ ماوەی 3 ساڵ بێ بانک سانگ یونگ بکڕە چەندین مۆدێل و ڕەنگی جۆراوجۆر لە مارکەکانی
سانگ یونگ ببینە جگە لە خزمەتگوزاری دوای کڕین بە گرێنتی ( 2 ) ساڵ یا 100.000 کم پارچەی یەدەگی ئەسڵی
ڕۆن و فلتەر بە خۆڕایی ڕۆژانە بە 24 کاتژمێر خزمەتگوزاری لە بەشی چاککردنەوە
هەولێر چوار ڕیانی ڕاستی تەنیشت گراج بەغدا.
NEW korando
korando SPORTS
REXTON
هەولێر 0750 3442601 0750 3442602 0750 3442603
سلێمانی 0771 157 4639 0770 6847483
دهۆک 0750 3869652 0750 1976202
کرکوک 0750 1442027 0750 3442605


FALCON GROUP
Falcon Group is a wholly owned and operated Iraq corporation focused on the reconstrction of the Kurdistan region and maintenance of critical infrastructures.
Falcon Group is comprised of several companies, including
Falcon Security
Falcon Construction
Falcon Agriculture
Falcon Oil & Gas
Falcon Batch Plant
Falcon Demining
Falcon German Trading
Falcon Transportation
Falcon Logistics
Full Service
Brayati Construction
Quesco Turbo Machinery Services
Tel: 00964 66 258 6008 - 00964 6 258 6009
Email: info@falconiraq.com
Contct us:
Iraq-Erbil Empire World
Empire Busines Complex C3

ڕووداو
ژنان
ژمارە (313) دووشەممە 2014/6/9

## دایکی سێ منداڵ خۆی خنکاند

**ڕووداو-هەولێر**

کاژێر 11ی پێش نیوەڕۆی 2014/6/8 لە شارۆچکەی بنەسڵاوەی شاری هەولێر ژنێک خۆی خنکاند، ئەو ژنە ناوی (ئا.چ.ق)ە تەمەنی 23 ساڵە و دایکی سێ منداڵ. لە نهۆمی دووەمی خانووەکەیان خۆی خنکاندووە. بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی هەولێر "ئەو ژنە بە شوێنی پانکە بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە، پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە، بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە پۆلیس دۆسیەی تایبەتی بۆ کردەوە و لێکۆڵینەوە بەردەوامە".



### 10 ژن مارە دەکرێن و ژنێک تەڵاق دەدرێت

# ڕێژەی جیابوونەوە لە 4 ساڵی ڕابردوودا 50% زیادی کردووە





**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

(ە.ع) ژنێکی تەمەن 24 ساڵانە و دەڵێت "بە زۆر" درایە ئامۆزاکەی، بەڵام تەمەنی هاوسەرگیرییەکەیان هەر سێ ساڵ درێژەی کێشا و تەڵاقی لێوەرگرت. ئەو دەڵێت "ئەو کوڕەم بە دڵ نەبوو، بەڵام باوکم زۆری لێکردم شووی پێبکەم".

جیابوونەوەکەی (ە) و ئامۆزاکەی، ئەنجامی دیاردەیەکە کە لە کوردەواریدا پێیدەگوترێ بە زۆر بەشوودان. کە بە بڕوای کۆمەڵناسان یەکێکە لە هۆکارەکانی تەڵاق.

(ە) جگە لەوەی هەر لە سەرەتاوە ئەو کوڕەی بە دڵ نەبووە، هەروەها دەڵێت مێردەکەی "خیانەت"یشی لێکردووە "بۆم دەرکەوت پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە هەیە، بۆیە بڕیاری جیابوونەوەم دا و تەڵاقم لێوەرگرت".

خیانەتیش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە زۆرجار ژنان و پیاوان دەباتە بەردەم دادگا و لە یەکدییان جیادەکاتەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پلان و ئاماری ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە سەرەتای ساڵی 2010ەوە تاوەکو 31ی ئاداری ئەمساڵ 21948 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە لە دادگاکانی کوردستان تۆمار کراون.

لە ئامارەکەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی جیابوونەوە لە ماوەی 4 ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 50% زیادی کردووە، چونکە لە ساڵی 2010دا 3728 حاڵەتی تەڵاق لە دادگاکان تۆمار کراوە، بەڵام لە ساڵی 2013 ئەو ژمارەیە نزیکەی دوو ئەوەندە بووە و گەیشتووەتە 6417 حاڵەت.

هەروەها تەنیا لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 1244 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە.

سەبارەت بە شارەکانیش زۆرترین حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە لە دادگاکانی سنووری پارێزگای هەولێر تۆمار کراوە کە 9398 حاڵەت بووە، دوای ئەویش سلێمانی 6064 حاڵەت، دهۆک 3338 حاڵەت و گەرمیان 1940 حاڵەتی تەڵاقی لێ تۆمار کراوە.

لەگەڵ هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق، ڕێژەی هاوسەرگیریش ڕوو لە هەڵکشانە، بە جۆرێک لەو ماوەیەی کە 21948 حاڵەتی تەڵاقی تێدا تۆمار کراوە، 212194 حاڵەتی هاوسەرگیریشی تێدا تۆمار کراوە.

### 10 ژن مارە دەکرێن و ژنێک تەڵاق دەدرێت

ئەگەر ڕێژەی تەڵاق و هاوسەرگیری لە ماوەی چوار ساڵ و سێ مانگی ڕابردوودا بەراورد بکەین، دەردەکەوێت تاوەکو 10 ژن لە دادگاکانی کوردستان مامەڵەی مارە بڕینیان بۆ کراوە، ژنێک تەڵاق دراوە.

بە بڕوای کۆمەڵناسان چەندین هۆکار لە پشت زیادبوونی ڕێژەی تەڵاقەوەن کە هەندێکیان پەیوەندییان بە پێشکەوتن و کرانەوەی ئەمڕۆی کۆمەڵگاوە هەیە.

کارزان حەسەن، توێژەری کۆمەڵایەتی ئاماژە بە هەندێک لە هۆکارەکانی پشت زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق دەکات و دەڵێت "کۆمەڵێک هۆکار هەن کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق، لەوانەش گرفتی ئابووری و تەکنەلۆژیا".

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کۆمەڵناسە ئاماژە بە هۆکارگەلێکی دیکە دەدات لەوانەش: لێکحاڵینەبوونی ژن و مێرد، ئاستی ڕۆشنبیرییان، بە زۆر بەشوودان، جیاوازیی تەمەن، خیانەتی هاوسەرگیری و.. هتد.

### گرفتی نیشتەجێبوون ڕێگەی لە هاوسەرگیری نەگرتووە

سەرەڕای گرفتی نیشتەجێبوون لە کوردستان، کە بەپێی ئاماری کۆمەڵەی کرێنشینانی کوردستان زیاتر لە 50 هەزار خێزانی کرێچی لە کوردستان هەن، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی هاوسەرگیری لە بەرزبوونەوەدایە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پلان و ئاماری ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2010دا 39 هەزار و 414 حاڵەتی مارەبڕین لە دادگاکانی کوردستان تۆمار کراون، بەڵام لە ساڵی 2013 ئەو ژمارەیە زیادی کردووە بۆ 52 هەزار و 479 حاڵەت.

هەروەها لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 13 هەزار و 548 حاڵەتی مارە بڕین تۆمار کراون، ئەگەر ژمارەکە بەو ڕێژەیەی ئێستا زیاد بکات، ئەوا لە کۆتایی ئەمساڵدا دەگاتە 54 هەزار و 192 حاڵەت.

زۆر لەوانەی تازە دەچنە ژیانی هاوسەرگیرییەوە، سەرەڕای ئەوەی دەزانن یەکەم گرفت ڕووبەڕوویان دەبێتەوە گرفتی نیشتەجێبوونە، بەڵام سوورن لەسەر هاوسەرگیری.

هەرێم محەممەد ئەمین، کە تازە ژنی مارە کردووە، لە جیاتی بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ دەستگیرانەکەی، زۆربەی کاتەکانی دوای دەوامی فەرمی، گەڕانە بە دوای خانوویەک بۆ کرێ.

هەرێم گوتی "لەوەتەی ژنم مارە کردووە بە دوای خانوودا دەگەڕێم و خانوویەکی گونجاو دەستناکەوێت، ئەگەر هەشبێت گرانە و کرێی مانگانەکەی 700 هەزار دینارە، من چۆن دەتوانم لە مانگێکدا ئەو پارەیە بدەم وخەرجی ماڵیش بکەم لە کاتێکدا مووچەکەم ئەوەندەی ئەو کرێیەیە کە داوای دەکەن". بە بڕوای ئەو گەنجە کێشەی هەرە سەرەکی هاوسەران لەو سەردەمەدا گرفتی نیشتەجێبوونە.

ئابووریناسێک پێیوایە زیادبوونی ڕێژەی هاوسەرگیری نیشانەیە بۆ باشبوونی باری ئابووریی خەڵک. ئەیوب ئەنوەر مامۆستای ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین بە (ڕووداو)ی گوت "باشبوونی باری ئابووری هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروستکردنی خێزان، بۆیە کە ڕێژەی هاوسەرگیری زۆربووە نیشانەی ئەوەیە کە باری ئابووریی خەڵک باش بووە".

ئەو ئابووریناسە لەبارەی زیادبوونی ڕێژەی تەڵاقیش دەڵێت "یەکێک لە هۆکارەکانی خراپیی باری ئابووری هەندێک خێزانە".

**هۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوە:**

- خراپیی باری ئابووری
- بەزۆر بەشوودان
- گرفتی نیشتەجێبوون
- جیاوازیی تەمەن
- جیاوازیی ئاستی ڕۆشنبیریی ژن و مێرد
- لێکحاڵینەبوونی ژن و مێرد
- خیانەتی هاوسەرگیری

### ئاماری مارە بڕین لە چوار ساڵ و سێ مانگی ڕابردوودا

| پارێزگا / ساڵ | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 (سێ مانگ) | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 15022 | 18565 | 20275 | 18354 | 4993 | 77209 |
| سلێمانی | 12759 | 14642 | 15917 | 14911 | 3722 | 61951 |
| دهۆک | 8841 | 11446 | 13849 | 13370 | 3324 | 50830 |
| گەرمیان | 2792 | 5828 | 5961 | 6114 | 1509 | 22204 |
| کۆی گشتی | 39414 | 50481 | 56002 | 52749 | 13548 | 212194 |

### ئاماری تەڵاق و جیابوونەوە لە چوار ساڵ و سێ مانگی ڕابردوودا:

| پارێزگا/ ساڵ | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 (سێ مانگ) | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 1918 | 1910 | 2810 | 2760 | 514 | 9912 |
| سلێمانی | 506 | 1339 | 2035 | 2184 | 297 | 6361 |
| دهۆک | 659 | 712 | 914 | 1053 | 205 | 3543 |
| گەرمیان | 645 | 555 | 320 | 420 | 228 | 2168 |
| کۆی گشتی | 3728 | 4516 | 6079 | 6417 | 1244 | 21984 |

### چیرۆکی تراژیدی ژنێک لەگەڵ ئاگر

# "ئەگەر خراپ بن لەگەڵم دووبارە خۆم دەسووتێنمەوە"

**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەو کاتانەی لە بەردەمی ئاوێنەدا دادەنیشێت، هەمیشە بە فرمێسکەوە پرچەکانی دادەهێنێ. ئەو کاتەی بڕیاری خۆسووتاندنی دا، بەوهیوایە بوو کۆتایی بە ژیانی بهێنێت، بەڵام ئێستا جگە لە روخسارێکی شێواو هیچی دیکەی بۆ نەماوەتەوە.

ئاگر 65%ی جەستەی بەهار عیزەدینی سووتاندووە. ئەو ژنە تەمەن 33 ساڵە بە قسەی خۆی سێ جار هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام نەمرد، بۆیە دوایین جار بڕیار دەدات بە ئاگر کۆتایی بە ژیانی بهێنێت، کەچی ئاگریش لەناوی نەبرد.

بەهار دەڵێت "زۆر دەمبیست فڵانە کەس خۆی سووتاند و مرد، منیش بڕیارمدا خۆم بسووتێنم". خەندەیەکی کرد و تەماشای نینۆکەکانی کرد و گوتی "من نەخۆشی دەروونیم نییە، بەڵام کەسێکی نەخوێندەواری وەک من هەر بۆ مردن باشە، ئینجا نە باوک لەگەڵت باش بێت و هەموو نیوەڕۆیەکیش شەقی برا بخۆیت، ئیدی بۆ نەمرم".

بەهار لە تەمەنی 18 ساڵیدا بە شوودراوە، بەڵام تەنیا 5 مانگ لای مێردەکەی ماوەتەوە "نە من بە دڵی خۆم شووم پێکرد، نە ئەویش حەزی لێبوو لەگەڵ من بژی".

بەیانییەک شەڕ لە نێوان ئەو ژن و مێردە ڕوودەدات و ئیدی بەهار بۆ دواجار گەڕایەوە ماڵی باوکی "مێردەکەم نەهات بەدوامدا و لە جیاتی ئەوە تەڵاقنامەکەی بۆ ناردم".

بەهار بەو خەیاڵە گەڕایەوە کە ئیدی لەگەڵ باوک و براکانی ژیانێکی نوێ دەستپێدەکاتەوە، بەڵام دەڵێت "کاتێک گەڕامەوە هەمیشە باوکم و براکانم قسەیان پێدەگوتم و دەیانگوت کەس تۆی ناوێت و دەبێت هەروا بمێنیتەوە، دوو خوشکەکەم شوویان کرد و برایەکم ژنی هێنا و ئەوەی مایەوە برا بچکۆلەکەم بوو کە بەقەد هەموو تەمەنم ئازاری داوم، هەرگیز گەردنی ئازاد ناکەم".

وەک بەهار باسی کرد، تاکە کەس کە لە ماڵەوە پشتی گرتووە تەنیا باوەژنەکەی بووە "زۆر باش بوو لەگەڵم و هەمیشە پشتی دەگرتم".

### لە داخی شووکردن خۆی سووتاند

بەهار چیرۆکی خۆسووتاندنەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "ساڵی پار هاوڕێیەکی باوکم کە تەمەنی 78 ساڵ بوو، ژنەکەی مرد، ئیدی باوکم و براکەم هەر دەیانگوت دەبێت شووی پێبکەیت، منیش هەر دەمگوت شووی پێناکەم، دواجار هەڕەشەیان لێکردم ئەگەر شووی پێنەکەم لە ماڵەوە دەرمبکەن".

بەهار دەڵێت دوو ڕێگەی لەبەردەم بوو، یان شوو بەو پیاوە بکات، یان ڕێگەیەکی هەڵە هەڵبژێرێت کە خۆسووتاندنە، دواجار ڕێگە چەوت و هەڵەکە هەڵدەبژێرێت و خۆی دەسووتێنێت.

بەهار دەڵێت "ئێوارەیەک لەسەر نانخواردن بووین، باوکم گوتی ها چ بڕیارێکت دا، منیش گوتم: نایکەم. براکەم یەکسەر کەوتە گیانم، بۆیە منیش سەعات 11ی شەو خۆم سووتاند.

فرمێسک بە گۆناکانی بەهاردا هاتنە خوارەوە و گوتی "ئێستاش جارێکی دیکە لەگەڵم خراپ بن و پێمبڵێن شوو بکە بە کەسێک خۆم دەسووتێنمەوە، هەرچەندە زۆر بەئازاریشە".



بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە سلێمانی، لە ماوەی 4 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا تەنیا لە شاری سلێمانی 405 حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان تۆمارکراوە، لەوانەش 4 ژن خۆیان سووتاندووە، 18 ژن سووتاون. هەروەها 358 ژنیش سکاڵایان تۆمار کردووە.

### باوکی پەشیمانە

ڕەعنا ئەحمەد، باوەژنی بەهار بە نیگایەکی پڕ لە خەمەوە تەماشای روخسار و پەنجە سووتاوەکانی بەهاری دەکرد و بە دەنگێکی لەسەرخۆ دەیگوت "هەر کاتێک بەهار بەمشێوەیە دەبینم حەز دەکەم بمرم، چی بکەم هیچم لە دەست نایەت بۆی بکەم".

وەک ڕەعنا گوتی، باوکی بەهار کە ئێستا نەخۆشە و لە نێو جێگە کەوتووە، زۆر پەشیمانە لەوەی بەرامبەر کچەکەی کردوویەتی "ئەو ڕۆژە لە نەخۆشخانە پێیگوتم کە تەماشای سەری بەهارم کردووە هەندێک لە پێستی سەری سووتاوە، زۆرم خەفەت خوارد".

## جام شکێنەکانی هەولێر دەستگیر کران



**ڕووداو-هەولێر**

لە هەولێر دوو کەس دەستگیر کران، کە جامی ئۆتۆمبێلیان شکاندووە و کەلوپەلی ناویان دزیوە. پۆلیسی هەولێر بڵاویکردەوە، دوو تۆمەتباریان بە ناوەکانی (ب.ئـ.ج) 24 ساڵ و (د.ج.ئـ) 27 ساڵ، دەستگیر کردووە "بە دەرنافیز جامی ئۆتۆمبێلیان شکاندووە، لە شوێنە گشتییەکان و کەلوپەلی ناویان دزیوە، بە تایبەتی مۆبایل، پارە و دەمانچە. نزیکەی 40 ملیۆن دیناریان دزیوە، هەردووکیان دانیان بە تاوانەکەیان نا". ئەو دوو تۆمەتبارە بەپێی ماددەی 443 لە یاسای سزادانی عێراقی بەند کراون.

### دایکی سێ منداڵ بوو

# باوکێک کچەکەی خۆی دەکوژێت



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

لە شارۆچکەی بنەسڵاوەی سەر بە شاری هەولێر، ژنێک بەناوی (کوردستان.ع.س) کە دایکی سێ منداڵە کوژرا. بەپێی قسەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، ئەو ژنە لەلایەن باوکییەوە کوژراوە. باوکەکە بەر لەوەی کچەکەی بکوژێت، سکاڵای لە دژی مێردی کچەکەی تۆمار کردووە و بە گرتنی داوە.

ئەو ڕووداوە لە 2014/6/5 لە شارۆچکەی بنەسڵاوە ڕوویدا و فەرمانی گرتنی باوکی دەرچووە وەک تۆمەتباری سەرەکی، برایەکی ئەو ژنە دەستگیرکراوە و ئێستا لە زیندانی گرتن و گواستنەوەی هەولێرە.

کوشتنی ژنان لە هەرێمی کوردستان بە پاساوی شەرەف ڕوو لە هەڵکشانە. هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆئەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دابمەزرێت. ئەوان ساڵانە ئامار بڵاودەکەنەوە و دەڵێن کوشتنی ژن کەمبووەتەوە، بەڵام ڕووداوەکان دەریدەخەن هێشتا کوشتنی ژنان کەمی نەکردووە.

بەپێی ئاماری سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵ 11 ژن لە هەرێمی کوردستان کوژراون کە 7یان لە هەولێرن، 2 لە دهۆک و دوو ژنیش لە سۆران کوژراون.

ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، باوکی ئەو ژنە سکاڵای لە دژی مێردی کچەکەی تۆمار کرد و دەستگیر کرا، دوای چەند ڕۆژێک هەر ئەو پیاوە کچەکەی خۆی کوشت، دوای ڕووداوەکە پۆلیس برایەکی کوردستانی دەستگیر کرد، بەپێی مادەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی فەرمانی گرتنی باوکیشی دەرچووەو هێشتا نەگیراوە و هەڵاتووە".

بەپێی قسەکانی ڕائید ژیلەمۆ، نازانن هۆکاری ڕووداوەکە چییە، تەنیا ئەوەندە دەڵێت "بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە بووە، بەڵام هێشتا وردەکاری تەواو لەسەر هۆکاری کوشتنی دیار نییە، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە، تا گیرانی بکوژی سەرەکی ڕووداوەکە تەواو دەرناکەوێت".

ڕائید ژیلەمۆ زانیاری لەبارەی ژنە کوژراوەکان ئاشکرا کردو گوتی "دوو لەو ژنانە لە ڕێگەی هەنارە کوژران، دیار نییە لەسەر چی کوژران، ژنێکی کەرکووکی و ژنێکی عەرەبی خەڵکی بەغدا لە دوو ڕووداوی جیاوازدا لە هەولێر کوژران، بکوژی هەردووکیان نەگیراون و هەڵاتوون، لە بنەسڵاوەش ژنێک کوژراوە".

### ئێسک و پروسکی ژنێک دەدۆزرێتەوە

بەپێی زانیارییەکانی ڕائید ژیلەمۆ، لە کوشتنی ئەو 8 ژنەدا "تۆمەتباری کوشتنی سێ ژنیان دەستگیر کراون، ئەوانەی دیکە فەرمانی گرتنیان دەرچووە، بەڵام کوشتنەکان مافی گشتییان تێدایە و بەهیچ شێوەیەک دۆسیەکان داناخرێن".

هەر لەو هەفتەیەدا تەرمی ژنێک لە دەڤەری هەریر دۆزرایەوە، بەڵام تەرمەکە تەنیا ئێسک و پروسکی مابوو، نەدەناسرایەوە، وەک کوشتنی ئەو ژنانە بووە کە دەکوژرێن و لە چۆڵەوانییەک فڕێ دەدرێن، ڕائید ژیلەمۆ گوتی "ئەو تەرمەی لە هەریر دۆزرایەوە تا ئێستا دیار نییە تەرمی کێیە و بکوژ کێیە".

# گومان لە خنکانی ژنێکی دووگیان دەکرێت

## "بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی خۆی خنکاندووە"



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

ژنێکی دووگیان کە قوتابی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوو، بە خنکاوی لە نێو ماڵەکەی خۆیدا دۆزرایەوە. بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر دەڵێت "دەرکەوتووە خۆی خنکاندووە". بەڵام کەسوکاری دەڵێن "گومانمان هەیە خنکێنرابێت، چونکە ئەو دژی خۆکوشتن بوو، دەیگوت دەچمە کۆلێژ، ناکرێت ئاوا کۆتایی بە ژیانی خۆی و منداڵەکەی بێنێت".

ڕۆژی 2014/5/28 لە گەڕەکی فەرمانبەرانی هەولێر، ژنێک بەناوی پەریشا فاروق ئیسماعیل، تەمەن 20 ساڵ، بە هەڵواسراوی دۆزرایەوە، کەسوکاری ژنەکە گومانیان هەیە، بۆیە پۆلیس کەسێکی دەستگیر کردووە بەناوی (ە.س) کە مێردی ژنەکەیە.

پەریشا، خوێندکاری دوا قۆناغی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر بوو لە بەشی شێوەکاری و ماوەی 8 مانگ بوو شووی کردبوو. ئەوکاتەی خۆی کوشتووە دووگیان بووە و سکەکەی پێنج مانگ بووە.

یەکێک لە خزمە نزیکەکانی پەریشا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "پەریشا مێردی بە کوڕێک کرد کە هاوپۆلی خۆی بوو، لە هەمانکاتدا پۆلیس بوو، پەریشا ڕازی بوو شووی پێکرد، بەڵام کەسوکاری بە ئاسانی ڕازی نەدەبوون، ئەو کوڕە زۆر کەسی ناردە داخوازی تا دایک و باوکی پەریشای ڕازی کرد".

بەپێی قسەی ئەو خزمەیان، یەکەم کێشەی دیاری نێوان ئەو ژن و پیاوە لە کاتی ئاهەنگی دەرچوونی پەیمانگەکەیان بوو "برادەرێکی پەریشا نامەیەکی مۆبایلی بۆ نارد، لە کاتی وێنەگرتنەکە پێی گوتبوو: لە کوێی؟ مێردەکەی کە ئەوەی بینی، لە پێش چاوی هەموو قوتابییەکان مۆبایلەکەی لە پەریشا وەرگرت، ئەو ڕووداوە یەک مانگ بەر لە خنکانی پەریشا بوو".

بەپێی قسەی ئەو کەسە، پەریشا گوتوویەتی کێشەکەیان لەسەر مۆبایلەکە هێندە گەورە نییە "گوتمان ئێمە کێشەکە چارەسەر دەکەین، گوتی هیچ کێشەمان نییە، ئەو مۆبایلەم هەر دەداتەوە، کەی سارد بووەوە ڕازی دەبێت، باوکی بە نیاز بوو نەینێرێتەوە لای مێردەکەی، چونکە گوتبووی مادام مۆبایلی لێوەرگرتووی ئەو پیاوە نیازی خراپە، بەڵام پەریشا گوتبووی ئەوم خۆشدەوێت و دەچمەوە لای". گوتیشی "تا ڕۆژی بەر لە خۆکوشتنی نەیدابووەوە، پەریشا بە مۆبایلی کەسوکاری کوڕەکە تەلەفۆنی بۆ دایک و باوکی دەکرد، ئەو شەوەی خۆی خنکاند تەلەفۆنی کرد و پرسیاری حاڵی دایکی کرد".

ئەوە کێشەیە بەردەوام بوو تا پەریشا لە نێو ماڵی خۆیان بە خنکاوی دۆزرایەوە، هەر زوو پۆلیسی هەولێر بڵاویکردەوە کە پەریشا لە نێو ماڵەکەی خۆی خۆی خنکاندووە، دواتریش مێردەکەی دەستگیر کرد. خزمەکەیان گوتی "ئێمە کەسمان لەوێ نەبووین و نازانین ڕووداوەکە چۆن بووە، تەنیا خۆی و مێردەکەی لەوێ بوون، تەرمەکەی لە نەخۆشخانە بوو تەلەفۆنیان کرد، باوکی پەریشا لە خەفەتان جەڵتە لێیدا و دایکی باری تەندروستی تێکچوو".

### "پەریشا دژی خۆکوشتن بوو"

ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە، بەڵام ڕاپۆرتی پزیشکی داد هاتەوە و دەرکەوت کە خۆی خۆی خنکاندووە، کەچی کەسوکاری هەر دەڵێن خنکێنراوە، داوامان لە کەسوکاری کردووە کە ئەگەر بەڵگەیان هەیە با بیسەلمێنن مێردەکەی کوشتوویەتی، ئەوان دەڵێن لەو کاتەی شووشتیان جەستەی شین بووەتەوە".

ڕائید ژیلەمۆ گوتیشی "دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن و شایەت بهێنن، دەکرێت جارێکی دیکە لە گۆڕ دەریبهێنین و لێکۆڵینەوە بکەینەوە".

پەریشا یەکێک بووە لە دوو قوتابییە زیرەکەکانی پۆلەکەیان، خزمەکەیان دەیگوت "یەکێک بەرنامە دابنێت کە بچێتە کۆلێژ و ئۆتۆمبێل بکڕێت و منداڵی ببێت، دەچێت خۆی بخنکێنێت؟ باشە چۆن دەستی دەچێتە جەرگی خۆی کە دووگیان بووە، هەرچەندە نامانەوێت پێش لێکۆڵینەوە بکەوین، بەڵام بەڕای ئێمە خنکێنراوە".

کەسوکاری پەریشا باوەڕ ناکەن خۆی خنکاندبێت "پەریشا لە هەموو شت هونەرمەند بوو، زەڵاتەی بە دیکۆرات دروستدەکرد و دەیگوت ئێمە هونەرمەندین، دەبێت ژیانمان جیاواز بێت، پەریشا باسی ژنێکی دەکرد، چەند ساڵێک لەمەوبەر خۆی سووتاندبوو، دەیگوت ئەو ژنە چی بەدەستهێنا؟ خۆی کوشت و منداڵەکەیشی هەتیو کرد، جەرگی دایک و باوکی خۆی سووتاند. باشە کەسێک وا بیر بکاتەوە دەچێت خۆی بخنکێنێت؟". خزمەکەی پەریشا وا دەڵێت.

# خوێندکارێکی زانکۆ خۆی دەخنکێنێ

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- بەردەڕەش**

لە شارۆچکەی بەردەڕەش گەنجێکی خوێندکاری زانکۆ بە سۆندە خۆی خنکاند، پۆلیسی بەردەڕەش ڕایدەگەیەنێت "ئەو گەنجە باری دەروونیی تێکچووبوو، دەرمانی چارەسەری دەخوارد، کێشەکە دیارە خۆخنکاندنە و کەس لە ڕووداوەکە تۆمەتبار نییە".

سەعات 3:30 خولەکی بەرەبەیانی 2014/6/6 لە گەڕەکی ئازادیی قەزای بەردەڕەش، گەنجێک بەناوی عەبدولحەکیم عوسمان حەیدەر، تەمەن 25 ساڵ، خۆی خنکاند. پۆلیس لە ڕووداوەکە کەس بە تۆمەتبار نازانێت و دەڵێت ڕووداوێکی خۆکوشتنە، کەسیش سکاڵای تۆمار نەکردووە.

عەبدولحەکیم، خوێندکاری کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی دهۆک بووە، بەڵام لە قۆناغی یەکەم وازی لە خوێندن هێناوە، بەپێی وتەی دایک و باوکی، زیاتر لە دوو ساڵە باری دەروونیی عەبدولحەکیم تێکچووە "لەو ماوەیە باری دەروونی زۆر تێکچووبوو". خۆخنکاندنی عەبدولحەکیم یەکەم حاڵەتی خۆکوشتنە لە ساڵی 2014 لە شارۆچکەی بەردەڕەش.

خۆکوشتنی گەنجان لە هەرێمی کوردستان ساڵ بە ساڵ بەرەو زیادبوون دەچێت، لە ئایینی ئیسلامدا خۆکوشتن بە حەرام دانراوە، پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) ڕێگری لێکردووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ئەوانەی خۆیان دەکوژن کارەساتێکی گەورە بۆ خێزانەکانیان لەدوای خۆیان بەجێدێڵن.

عەقید زێدان زەکەریا، بەڕێوەبەری پۆلیسی بەردەڕەش، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی ئاگادار کراینەوە کە ڕووداوێکی خنکان لە ماڵێک ڕوویداوە، مەفرەزەی پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە و دەرکەوت گەنجێک لە ژوورێکدا خۆی هەڵواسیوە، پاشان تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادی دهۆک کرا".

عەقید زێدان دەڵێت "ئەو گەنجە نەخۆشیی دەروونیی هەبووە، دووجاری دیکەش هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام ڕێگرییان لێکردووە و نەیانهێشتووە خۆی بکوژێت، ئەو گەنجە لەم ماوەیە زۆر خراپ تێکچووبوو، چارەسەریشی دەخوارد، بەڵام هەر چاک نەبووەتەوە".

بەپێی قسەکانی عەقید زێدان، لەبەر دانانی پرسە هێشتا دایک و باوکی عەبدولحەکیم بە فەرمی نەهاتوون ئیفادە لە بنکەی پۆلیس بدەن، بەڵام دایک و باوکی گەنجەکە گوتوویانە "کوڕەکەیان ماوەیەک بوو گۆشەگیرو بێدەنگ بوو، هەستمان بەوە دەکرد لەڕووی دەروونییەوە تەواو نییە، جاری دیکەش هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەهیچ شێوەیەک کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانیمان لەگەڵ کەسدا نییە".

ئەو گەنجە ئەو بەرەبەیانییەی خۆی خنکاندووە، شەوەکەی چووەتە دەرەوە و تا درەنگ نەگەڕاوەتەوە، بەیانی کە سەر لە ژوورەکەی دەدەن، دەبینن بە سۆندەیەک خۆی هەڵواسیوە.

بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەری پۆلیسی بەردەڕەش، لە دەڤەری بەردەڕەش زیاتر ژنان خۆیان دەسووتێنن، عەقید زێدان گوتی "خۆسووتاندنی ژنان لە خۆکوشتنی پیاوان زیاترە، بەڵام ماوەی 3 ساڵە ڕێژەی خۆکوشتن بەرەو کەمبوونەوە دەچێت لە دەڤەرەکەمان، ئەمساڵ خۆخنکاندنی عەبدولحەکیم یەکەم حاڵەتی خۆکوشتنە لە شارۆچکەی بەردەڕەش".



# هەموو چاوەکان لەسەر زانکۆ ئەمریکییەکەی سلێمانین

## سەرۆکی زانکۆکە: بەرهەم ساڵح، وەکو ڕۆزڤێڵتی ئەمریکایە


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**ئەلێکساندەر ویتکەمب**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرەتای ئەم مانگە ئاهەنگی دەرچوونی 150 خوێندکاری زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی بەڕێوەچوو. ئەمە سێیەم ئاهەنگی دەرچوونی خوێندکارانی ئەم زانکۆیەیە کە لە ساڵی 2007 دامەزراوە.

لە زۆر ڕووەوە ئاهەنگەکە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئاهەنگی زانکۆکانی بواری زانستە مرۆییەکانی ئەمریکا نەبوو. کەسوکاری خوێندکارەکان هەر زوو گەیشتنە شوێنی ئاهەنگەکە و کورسییەکانی هۆڵەکەیان پڕ کردەوە. ئینجا خوێندکارە دەرچووەکان بە جلی تایبەتی دەرچوون و کڵاوەکانیانەوە خۆیان کرد بە ژووردا. سەرۆکی زانکۆ، داون دێکلە، لە وتەکەیدا خوێندکارە دەرچووەکانی دڵنیاکردەوە کە "دەرچوون کۆتایی نییە، بەڵکو سەرەتای گەشتە. ئەوە تیکتی ئاڵتوونیی ئێوەیە بۆ ئەوەی پێی بچنە جیهانەوە".

ڕاپرسییەکی خێرا لە نێو بەشداربووواندا پیشانی دەدا کە ئەم دەرچوونە بەهیچ شێوەیەک دەرچوونێکی ئاسایی نییە. ئامادەبوونی دەستەی ئیلیتی سیاسی و بازرگانیی کوردستان زۆر بەرچاو بوو، کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەولێرەوە خۆی گەیاندبووە سلێمانی بۆ ئامادەبوونی لە ئاهەنگەکەدا. لە کاتێکدا کە دەرچووان داهاتووی هەرێمی کوردستانن، ئامادەبووان واقیعی سیاسی ئاڵۆزی ئێستا و ڕابردووی کوردستانیان پیشان دا.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ 2007 کاتێک براوەی خەڵاتی پۆلیتزەر، تۆماس فریدمان لە نیویۆرک تایمزدا نووسی "وا بە خەیاڵی خۆتدا بهێنە کە لە ئەنجامی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، زانکۆی ئەمریکی لە عێراق دادەمەزرێ، بە خەیاڵی خۆتدا بێنە کە ئێمە بووین بە هۆکاری لافاوی وەبەرهێنان لە عێراق و لە ئەنجامدا هۆتێلی نوێ و سەنتەری کۆنفرانس و بینایەی ئۆفیس و ئینتەرنێت کافێ و دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی و مۆڵ ...تاد دروست دەبن.

بە خەیاڵی خۆتدا بێنە کە ئێمە ڕێگەمان بۆ تەقینەوەی میدیا و ڕۆژنامەگەری خۆش کردووە و تەنانەت ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچیش بارەگایەکی لەوێ دەکاتەوە، خوێندنگەی نوێ دەکرێنەوە. وا بە خەیاڵی خۆتدا بێنە کە لە ئەنجامدا دوورگەیەکی ڕێکوپێکمان دروست کردووە کە تێیدا پارکی گشتی هەیە، ئافرەت بەبێ پەچە هاتوچۆی تێدا دەکەن و یەک سەربازی ئەمریکیش هەرگیز تێیدا ناکوژرێت، شوێنێک کە ئەمریکیەکان ڕێزیان لێ دەگیرێت، شوێنێک کە ئیسلام تێیدا بە شێوەیەکی زۆر لێبووردە و نەرمونیانی پێڕەو دەکرێت. واز لە خەیاڵکردن بێنە، شوێنێکی لەو شێوەیە هەیە کە پێیدەگوترێ کوردستان و هەرێمی نزیکەی چوار ملیۆن کوردە".

نزیکەی حەوت ساڵ دواتر، ئەو ڕۆژنامەنووسە بەناوبانگە جارێکی دیکە گەڕایەوە کوردستان بۆ ئەوەی تەماشای ئەو زانکۆیە بکات کە دەربارەی نووسیبوو.

دوای حەوت ساڵ جارێکی دیکە فریدمان وتارێکی دیکەی لە نیویۆرک تایمز بڵاوکردەوە کە دیسان کوردستانی بە "دوورگەیەک لە ڕێکوپێکی" ناوبرد. بەلای تۆماسەوە، زانکۆکەی کوردستان تەنیا چیرۆکێکی سەرکەوتن نییە لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەو شوێنەی کە بڕیاربوو دوو زانکۆی دیکەی تێدا بکرێتەوە، بەڵام سەری نەگرت بەهۆی کێشەی ئەمنییەوە، ئەو زانکۆیە چیرۆکی پێشکەوتنە لە ناوچەیەکدا کە بەردەوامی لە لێکترازاندایە.

د.بەرهەم ساڵح لە 2006 کە زانکۆکەی دامەزراند، هاوکات خەریکی پرۆگرامی International Compact بوو. ئەو پرۆگرامە هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕازی بکرێت تا لە ڕووی داراییەوە پشتگیری وڵاتەکە بکات و لەبەرامبەردا ریفۆرمی ئابووری و وەبەرهێنان و سیاسی بکرێت.

لەیەکەم کۆبوونەوەی International Compact دا کە لە دوبەی بەڕێوەچوو، بەرهەم ساڵح جەختی لەوە کردەوە کە "پێویستە عێراق پەیامێکی بەهێز بۆ جیهان بنێرێت دەربارەی وەبەرهێنان لە نەوتدا. ئێمە پێویستە کار لەسەر لیبراڵبوون بکەین و بازاڕەکانمان بکەینەوە".

ئەو بە ئاشکرا پشتگیری خۆی بۆ گرێبەستی هاوبەشیکردنی بەرهەم دەبڕی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێ. هەروەها پشتگیری خۆی بۆ بەڕێوەبەریی نێودەوڵەتی پێشاندا بۆ ئەوەی گرێبەستەکان جێبەجێ بکرێن. ڕێکخەری کاتیی ئابووری، تیم کارنەی ئەوکات گوتبووی "هەموو کەس دەزانێت ئەم (بەرهەمە) پیاوی ئەمریکایە".

ئێستا ڕوونە کە ئەمریکییەکان دەستێکی باڵایان هەبووە لە دامەزراندنی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی. بەرهەم ساڵح یەکسەر جۆن ئەگرێستۆی هێنا تاوەکو وەک (سەرۆک)ی زانکۆ دەستبەکار بێت. ئەگرێستۆ یەکێک بوو لە ڕاوێژکارانی خوێندنی باڵا لە حکومەتە کاتیەکەی پۆل بریمەر و هاوڕێیەکی دێرینی دۆناڵد ڕامسفێلدە.

زانکۆکە پابەندە بە بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و چەسپاندنی بنەماکانی بازاڕی ئازاد، هەمان ئەو ئامانجانەی کە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا هی International Compact بوون. لەبەرئەوە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە سیاسەتمەدارانی ئەمریکی، کاربەدەستانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و هەروەها سەرۆکی یەکێک لە گەورەترین خانە بازرگانییەکانی عێراق لەوێ ئامادەبوون تا چەپڵە بۆ دەرچووانی بەکالۆریۆس و ماستەر لە بازرگانی لێبدەن.

دوای چەندین سکانداڵ لە سەردەمی پڕ کێشەی ئەگرێستۆ، ئێستا زانکۆکە خەریکە شوێنپێی خۆی قایم دەکات. زانکۆکە نازناوی بەرهەمهێنانی باشترین خوێندکاری هەیە لە سەرتاسەری عێراقدا. بەڵێنی ئەوە دەدات کە وەکو یەکێک لە باشترین زانکۆکانی ناوچەکە بمێنێتەوە. بە تەماشاکردنێکی بینایە نوێیە لوکسەکەی زانکۆکە، قسەکانی 2007ی فریدمان ڕاست دەردەکەون "هێرشی ئەمریکا مامانی بۆ شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش کرد لە کوردستان، ئێمە دەرگامان کردەوە، دواتر کورد خۆی شتەکانی دیکەی کرد".

بەهەرحاڵ، بوونی بەرهەم ساڵح کە کەسێکی لێهاتووە بۆئەوەی ئەو کەشتییە ئاراستە بکات دەستپێکێکی باشە. لە کاتی وەسفکردنی بەرهەم ساڵحدا، دێکلە بە "ڕێنوێن"ی خۆی وەسفی کرد و بە تیۆدۆر ڕۆزڤێڵتی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکای چواند. بەڵام دێکلە تەنیا کەس نەبوو کە تێبینی ئەو لێکچوونەی بەرهەم ساڵح و ڕۆزڤێڵت بکات، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە پارتە کوردییەکان بەدوای بەربژێرێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی شوێنی جەلال تاڵەبانی بگرێتەوە لە بەغدا.

# نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی کوردستان

### سەرۆکی هێژا

نزیکەی 50 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ و دواتریش هەرکاتێک چاوم بە بەیان، یان بڵاوکراوەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتبێ کە ئێستا جەنابتان ڕابەرایەتی دەکەن و ئەو کاتەیش نوێنەرایەتی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانی دەکرد، لەجیاتی "بسم الله الرحمن الرحيم" بەدروشمی: "کوردستان یان نەمان" دەستپێدەکرد. من ئەوسا و ئێستایش، خەڵکی کوردستان ئەوسا و ئێستاش، لەو دروشمە وا تێگەیشتبوون و تێدەگەین: ئێمەی گەلی کورد خەبات دەکەین لە پێناوی ئازادیی کوردستان و تا بەدەستهێنانی سەربەخۆیی وڵاتەکەشمان و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش، ئامادەی پێشکەشکردن و بەخشینی هەموو قوربانیەکین.

کاتێک هەزاران ڕۆڵەی دڵگەرم و خوێنگەرمی ئەم گەلە چوونە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوەو بەپیر بانگەوازی سروودە نەمرەکەی "پێشمەرگەین بە هەڵمەتین" ەوە هاتن و، هەزارانیان گیان، یان ئەندامێکی لاشەیان بەخشی بە ئاخ و ئازادیی ئەم کوردستانە، خۆ هیچکام لەوانە نە "ئۆتۆنۆمی" و نە "حوکمی زاتی"یان دەزانی چییە!

بەبیرم دێت، دوای کودەتاکەی 14ی ڕەمەزانی عەبدولسەلام عارف لە ساڵی 1963 مام جەلال یادی بەخێربێت و بە تەندروستییەوە بگەڕێتەوە کوردستانەکەی، بە نوێنەرایەتی شۆڕشی کوردستان کە ئەوکاتە پارتەکەی تۆ و ڕەحمەتی باوکت بێ ڕکابەر ڕابەرایەتییان دەکرد، هاتبوو بۆ سلێمانی و لە بالکۆنی ئۆتێلەکەی نوری عەلییەوە قسەی بۆ خەڵکی سلێمانی دەکرد کە هەزارانیان بە جۆش و خرۆشەوە ڕژابوونە بەردەرکی سەرا و بەدروشمی: "بژی وەفدی بارزانی، مام جەلال تاڵەبانی" پێشوازییان لێدەکرد. یەکێک لەو دروشمانەی کە دەمانگوت و دەمانگوتەوە: "هەتا نەبینم ئاڵای کوردستان، تەئیدی ناکەم چواردەی ڕەمەزان".

ئەوکاتە مەبەستی ئێمە، یان باشتر وایە بڵێم مەبەستی ئەوانەی ئەو دروشمەیان خستبووە سەر زاری ئێمە، لە ئاڵای کوردستان تەنیا ئەو پەڕۆ سوور و سپی و کەسکە نەبوو کە لە ناوەڕاستیدا خۆرێک هەیە. خۆ ئەوکاتە ئاڵای کوردستان بڵاونەبوو، زۆربەی خەڵکی کوردستانیش ئەو ئاڵایەیان نەدەناسی. لەڕاستیدا مەبەست لە ئاڵای کوردستان لەو ڕۆژەدا و بۆ هەرکەسێک، تەنیا و تەنیا ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بوو.

### سەرۆکی هێژا

نزیکەی 20 ساڵە جەنابتان ناوبەناو ئاماژە بە مافی سروشتی و یاسایی گەلەکەمان دەدەن لە سەربەخۆییدا، لەناو ئەم 20 ساڵەشدا ژمارەیەکی دیارو بەرچاو دەوڵەتی نوێ لە ئەوروپا و ئاسیا و ئافریکا پەیدابوون کە ڕەنگە هیچ کامیان بۆ ئازادی و سەربەخۆییان هێندەی گەلەکەمان قوربانییان نەدابێ.

خەڵکێکی زۆری ئەم کوردستانە، ناشارەزا لە هەنگاوەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و بوون بە دەوڵەت وایان چاوەڕوان دەکرد کە جەنابتان پار ساڵ لە نەورۆزدا سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیێنن. هەرچۆن بێت ئەو چاوەڕوانییەی خەڵکی کوردستان، تامەزرۆیی و پەرۆشییان دەردەخات بۆ هەڵهێنانی هەنگاوێکی ئاوها و باشترین و ڕوونترین ئاماژەشە بۆ پشتگیریکردنی خەڵکی کوردستان لێتان، کاتێک هەنگاوێکی لەو جۆرە دەنێن. بێگومان پشتگیری خەڵکی کوردستان باشترین و بەهێزترین گەرانتیە بۆ سەرکەوتنی هەر پرۆسێسێکی لەم جۆرە.

### سەرۆکی هێژا

بەڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەدەرکردنی بەیانێک نابێت، سەربەخۆیی پرۆسێسێکی بە پلان و نەخشەیە و دەشبێت لە هەلومەرجێکی شیاو و گونجاودا پێکبێت. بەڵام زۆربەی هەرەزۆری ئەو هەلومەرجانەش ئەوە خەڵکی کوردستان خۆیان و خواست و ویستی ئەوان دروستی دەکات و دەیهێنێتە کایەوە. ئەنجامدانی پرۆسێسێکی ئاوها پێویستی بە یەکدەنگیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هەماهەنگییان هەیە، خۆشبەختانە ئەمڕۆ پتر لە هەر ڕۆژێک لایەنە سیاسییەکانی کوردستان تەباو کۆدەنگن، نەخاسمە کاتێک کار بێتە سەر هەڵوێست وەرگرتن لە پرسێکی چارەنووسساز کە خاڵی کۆکەرەوەی هەموو لایەنەکان یان هەر نەبێ زۆربەیانە. نابینن ئەمڕۆ لایەنێکی سیاسی کوردستان کە باکگراوندێکی ئیسلامیی هەیەو ئەگەر بە بۆچوونێکی کلاسیک بیری بکردایەتەوە، ڕەنگە بوون بەدەوڵەتی تەنانەت بەحەرامیش بزانیبایە، ئەوەتە ئەمڕۆ بوون بەدەوڵەت وەک ئامانجێک دەخاتە ناو پەیڕەو و پرۆگرامەکەیەوە!

خۆ خەڵکی کوردستانیش، وەک گوتم، باشترین گەرەنتی سەرکەوتنی پرۆسێسێکی لەم جۆرەن، ئاخر هەر ئەوان بوون کە پێشتر لە کۆڕەوەکەی 1991 و دواتریش لە ڕیفراندۆمە نافەرمییەکەی کۆتایی 2005دا گوتیان: نا بۆ بندەستی و بەڵێ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی.

ئەمڕۆ دوای نوێکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق کە کورد زۆرینەی دەنگی دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی حکومەتی کوردستانی بەدەستهێنا، وا دەزانم کات زۆر لەبارە بۆ هاویشتنی هەنگاوی داهاتوو. زۆر لۆژیکی، ژیرانەو ئاساییە کورد ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە بۆگێڕانەوەی ئەو ناوچانە وەک ڕیفراندۆم بەکاربهێنێ.

ڕەنگە زۆری وا هەبن کە فاکتۆرە دەرەکییەکان (چ نێودەوڵەتی و چ هەرێمی) پتر بە هەند وەربگرن تا فاکتۆرە ناوخۆییەکان، لەوانە ڕەنگە هی واش هەبن کە پێیان باشبێت یان بە پێویستیشی بزانن، ئێمەی کورد چاوەڕوانی لامپی کەسکی ئەمریکا بین، ئەو لامپە کەوا نازانم هەرگیزاو هەرگیز هەڵدەکرێت! هەموومان دەزانین کە ئەمریکا لەم ساڵانەی دواییدا، لەسایەی سەری بەڕێوەبەرایەتییە لاواز و دوودڵ و ترسنۆکەکەیەوە، هەردێت و کاریگەری لەسەر ڕووداو و هاوکێشەکانی ناوچەکەی ئێمە و جیهان کەمترو کەمتر دەبێتەوە.

ئەو ئەمریکایەی کە تاکە سەربازێکیشی لەسەر خاکی کوردستان لە 11 ساڵی ڕابردوودا لە دەستنەداو هاوکاری کورد و سەرکردایەتییەکەی کوردستان، یەکێک لە فاکتۆرە کاریگەرەکانی سەرکەوتنی پرۆسێسی ئازادکردنی عێراق بوو. لە هەمان کاتدا ئەوەی با بە دەواری شەڕی نەکردووە و نایکات لە عێراق پێیان کرا، تا دواجار بە سەرشۆڕی ئەو وڵاتەیان بەجێهێشت. ئەو ئەمریکا "سپڵە" یە ئەمڕۆ جارێکی دی لە جیاتی پشتگیری و پشتیوانیی کورد، وا دەیەوێت نائومێدی بخاتە دڵی خەڵکی کوردستانەوە، کۆسپ و ئاستەنگ لە بەردەم ڕەوڕەوەکەیدا، بۆ ڕاگرتنی یان خاوکردنەوەی دادەنێت.

هەڵوێستەکانی ئەمریکا خەریکە زامی پەیماننامە شوومەکەی جەزائیرمان دەکولێنێتەوە کە دوای کەمتر لە ساڵێک خەڵکی کوردستان بە چل بەرد یادی دەکەنەوە.

خۆزگە تا نەمردووە "هێنری کیسنجەر" یش بە چاوی خۆی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانی دەبینی.

### سەرۆکی هێژا

هەنگاوی داهاتوو دەبێ بەبێ دوودڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان بێت، بۆ هەنگاوێکی ئاوهاش کوردستان پێویستی بە بوێریی تۆ هەیە، تۆ ئەوکەسەی کە ئەمڕۆ دەتوانی هەموو لایەنە کوردستانییەکان لەدیوەخانەکەی خۆت لەسەر یەک مێز کۆبکەیتەوەو بە پشتگیری هەموو لایەک بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بدەن. هەر دوابەدوای ئەوەش پەرلەمانی کوردستان یاسای ڕیفراندۆم و یاسای پێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆ بۆ سەرپەرشتیکردنی ڕیفراندۆمەکە دەربکات. لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە دوو مانگ تێپەڕ نەکات، ئەو ڕیفراندۆمە ئەنجام بدرێت. لە ماوەی ئەو دوو مانگەشدا، ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران و چاودێران و نوێنەرانی دەزگا و ڕێخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، لە سەرانسەری جیهانەوە بانگهێشت بکرێن.

ئەو کاتەی کە ئەنجامی ئەو ڕیفراندۆمە بڵاودەکرێتەوە و ڕادەگەیێنرێ، هەر لەو کاتەوە کوردستان ئازاد و سەربەخۆیە و گیانی بارزانی نەمریش و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان شاد.

ئەمجا خۆ ئەگەر سوپاکەی بەغدا کە چوار پێنج مانگە سەرقاڵی فەللوجەیە، نەیتوانیوە لە چەند چەکدارێکی پاک بکاتەوە، هاتە سەرمان و کوردستانی داگیر کرد! خۆ ئەگەر دەوروبەرەکەمان هەموو کێشەکانی خۆیان وەلاوە ناو لەشکرکێشییان کردە سەر کوردستان و داگیریان کرد! خۆ ئەگەر ئەمجارە مستەر ئۆباما بە ئێمەی وێرا، ئوستولەکانی بەرەو دەریای سپی و کەنداوی فارس بەڕێ کرد و بە مووشەکە دوورهاوێژەکانی کەوتە لێدانی تەلارەکانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لە هەولێر، بارەگاکەی جەنابیشتان لە پیرمام. خۆ ئەگەر منیش ئەوکاتە ناچارمام و (تۆیش لەگەڵمدا) جارێکی دی ڕووبکەینەوە ئاوارەیی، ئەوکاتە خۆ هیچ نەبێ کوردستانەکەمان وڵاتێکی داگیر کراوە نەک باکووری عێراق بێت!

### سەرۆکی هێژا

دوای پتر لە 20 ساڵ لە ئاوارەیی، پێمخۆشە ئێستا بگەڕێمەوە کوردستانەکەم، بەڵام کوردستانێکی ئازاد. کوردستانێک کە ئەگەر بۆ بژێویی ژیانم ناچار بم لە شوێنێک بە پاسەوان دابمەزرێم، بۆ دامەزراندنەکەم کەس داوای "جنسیەی عێراقی" م لێنەکات! خۆ ئەو کاتە نالێم: خۆزگە نەهاتبامەوە، بەڵکو دەڵێم خۆزگە بمردبام!

### سەرۆکی هێژا

مەرج نییە هەموو کات وەک ئەمڕۆ هەلومەرج لەباربێت. مەرج نییە هەر تۆ یان کەسێک لە بنەماڵەکەی تۆ سەرکردایەتی ئەم کوردستانە بکات. مەرج نییە پارتییەکەی تۆ لەداهاتووشدا بە هەمان گوڕم و هێزی ئێستای بمێنێ. جا ئیتر بۆچی ڕێگە لە ئەگەری لە دەستچوونی ئەو شەرەف و شانازی و سەروەرییە ناگریت و ئەمڕۆ پێش سبەینێ ناڵێیت: دەست لە دەست و قووەت لە خوا!

ئەحمەد فەقێ محەممەد ڕەسوڵ
هەولێر

رووداو
هەمەجۆر
ژمارە (313) دووشەممە 2014/6/9



## کورد و سرب پرۆتۆکۆلێک ئیمزا دەکەن

**رووداو- هەولێر**

بەمەبەستی هاوکاری و هەماهەنگیی هونەری و کەلتووری، وەزارەتی رۆشنبیری بەنیازە لەم رۆژانەدا پرۆتۆکۆلێک لەگەڵ سربیا واژوو بکات.
شاخەوان مستەفا، بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "بڕیارە بەم زووانە پرۆتۆکۆلێک لە نێوان سربیا و هەرێمی کوردستان واژوو بکرێت، بۆ هاوکاریی رۆشنبیری و هونەری، ئەمەش هەنگاوێکی باش دەبێت بۆ هونەرمەندانی هەردوولا".
شاخەوان دەربارەی ناوەڕۆکی پرۆتۆکۆلەکە گوتی "تائێستا ناوەڕۆکەکەی تەواو نەبووە، لەم رۆژانەدا وردەکاری تەواوی ئاشکرا دەکەین".
ساڵی رابردووش وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری میسر پرۆتۆکۆلێکی هاوکاری و هەماهەنگیی هونەری و رۆشنبیری واژوو کرد.

## چاوەڕوانی سەیران بن



**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان سەیران ئەحمەد سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ یەکەمین ئەلبوومی گۆرانی خۆی کە بڕیارە لەم رۆژانە دەست بە تۆمارکردنی بکات.
سەیران بە (رووداو)ی راگەیاند "لەم رۆژانەدا سەردانی تورکیا دەکەم بۆ تۆمارکردنی یەکەمین ئەلبوومی گۆرانی کە لە 10 تراک پێکدێت. دەمەوێت یەکەمین ئەلبوومم بەشێوازێکی مۆدێرن بێت، بۆیە ستافێکی پرۆفیشناڵ خەریکی دابەشکردن و دانانی ئاوازەکانن کە لە باشترین ستۆدیۆکانی ئیستەنبوڵ تۆمار دەکرێت".
سەیران کە تاوەکو ئێستا تەنیا چەند گۆرانییەکی سینگڵی هەیە، نەویست لە ئێستاوە ناوی ئەلبوومەکەی ئاشکرا بکات، بۆیە گوتی" دەمەوێت وەک سوپرایزێک بێت بۆ هەوادارانی دەنگی من، تەنیا دەڵێم چاوەڕێی کارێکی مەزن بن".

## کازم ساهیر ریکۆرد دەشکێنێ



**رووداو- ئاژانسەکان**

هونەرمەندی بەناوبانگی عێراقی کازم ساهیر لە فیستیڤاڵی مەوازینی مەغریب بەشداری کردو زۆرترین جەماوەر ئامادەی ئاهەنگەکە بوون، بەوجۆرەش ریکۆردی پڕ جەماوەرترین ئاهەنگی شکاند.
بەهۆی ئەوەی کازم ساهیر زۆرترین هەواداری لە مەغریب هەیە، هەموو ساڵێک چەندین کۆنسێرت لەوێ سازدەکات. هەفتەی رابردوو، لە خولی سێزدەمین فیستیڤاڵی گۆرانی و میوزیکی مەوازین زیاتر لە 115 هەزار کەس ئامادەی ئاهەنگەکەی بوون، بەو جۆرەش ریکۆردێکی نوێی بۆ خۆی تۆمارکرد.
بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی ئامادەبووان کازم ساهیر دوو گۆرانی نوێی پێشکەشی جەماوەرەکەی کرد کە بۆ یەکەم جارە بڵاودەکرێتەوە، ئەمەش ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکەی خۆشحاڵتر کرد.



## گارە سازکار ئەلبوومێکی مقامات بڵاودەکاتەوە

**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

هونەرمەند گارە سازکار لە فینلەندا ئەلبوومێکی تایبەت بە مقاماتی کوردی بڵاودەکاتەوە.
گارە بە (رووداو)ی راگەیاند "گەنجانی ئێستا کەمتر گوێ لە گۆرانی و میلۆدیی فۆلکلۆری کوردی دەگرن، بۆیە بڕیارمدا ئەلبوومێکی مقاماتی رەسەنی کوردی بڵاوبکەمەوە".
گوتیشی "لەم رۆژانەدا ئەو بەرهەمەم بڵاودەکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارە 20ی ئەم مانگە لە شاری هەولێر کۆنسێرتێکی گەورەی خێرخوازی ساز بکەین و چەند گۆرانییەک و مقاماتێکی کوردی لەگەڵ گرووپی لێ دنێ پێشکەش بکەین".

## میوزیکژەنێک لە خەیاڵدا دەژیت



**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

میوزیکژەنی گەنج رێباز سەرباز دەستی بە وێنەگرتنی نوێترین ڤیدیۆ کلیپی بۆ پارچە میوزیکی خۆی بەناوی خەیاڵ کرد.
رێباز دەربارەی ئەم کلیپە میوزیکییە بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای دابڕانێکی زۆر بەکارێکی نوێ گەڕامەوە کە ناوی خەیاڵە، لە ئامادەکردنی خۆمە و لەلایەن تەلەڤزیۆنی کەرکووک ئەنجامدراوە".
رێباز لەبارەی ناوی بەرهەمەکەش گوتی "من هەمیشە بە خەیاڵ ژیاوم و ئێستاش هەر بە خەیاڵ دەژیم، بۆیە ئەو ناوەم هەڵبژارد".
رێباز سەرباز ژەنیاری ئامێری عوودەو دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێرە، چەندین ڤیدیۆ کلیپی میوزیکی هەیەو دەیان ئاوازی بۆ گۆرانیبێژانی کوردستان داناوە.

## ئەساڵە نەسری: هەیفا نازانێت گۆرانی بڵێت



**رووداو- ئاژانسەکان**

لە هەڤپەیڤینێکدا ئەساڵە نەسری دەڵێت هەیفا وەهبی باش دەزانێت کە ئەو نازانێ گۆرانی بڵێت و خەڵکی تەنیا سەیری لەشولاری دەکەن.
ئەساڵە لە قسەکانیدا بۆ رۆژنامەی (مصری الیوم) دەڵێت "پێویست ناکات هەیفا لێم زویر بێت، بەڵام ئەو هیچ پەیوەندی بە هونەری گۆرانییەوە نییەو نازانێت گۆرانی بڵێت، ئەو باش دەزانێت خەڵکی زیاتر تەماشای شێوەو لەشولاری دەکەن".
هەروەها دەربارەی ئەوەی لەبەرامبەر هەیفا لاسایی ئەساڵە کراوەتەوە، دەڵێت "بەهیچ شێوەیەک تووڕە نەبووم ، هەر کەسێک لاسایی من بکاتەوە لە چوارچێوەی رەوشت دەرنەچێت پێم ناخۆش نییە".

## لەمیس یارمەتی منداڵانی سووریا دەدات



**رووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری بەناوبانگی تورکی توبا بویوکستون کە بە لەمیس ناسراوە، قوتابخانەیەکی تایبەتی بۆ منداڵە ئاوارەکانی سووریا لە تورکیا کردەوە.
بەهۆی ئەوەی لەمیس ئێستا باڵیۆزە لە رێکخراوی یونسێف، بەردەوام سەردانی کەمپەکانی ئاوارەکان دەکات و هاوکارییان بەسەردا دابەش دەکات، لەوبارەیەوە دەڵێت "هەرچەندە ئێستا زۆر سەرقاڵم بە وێنەگرتنی دراما و فیلم، بەڵام هەرگیز ئەو منداڵانە لەبیر ناکەم کە لە کەمپەکانی باشووری تورکیا لە بارودۆخێکی خراپدا دەژین".
لەمیس بە یەکێک لە باشترین ئەکتەرە تورکەکان دادەنرێت و زۆرترین پاداشت لە بەشداریکردنی دراما و فیلم وەردەگرێت، بەڵام بەشێکی ئەم داهاتانەی بۆ کاری خێرخوازی تەرخان دەکات.

## جیهان سەرسامە بە هەولێر



**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

ئەکتەری بەناوبانگی دراما و فیلمی سووری، جیهان عەبدولعەزیم بەشداری فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی لە هەولێر کرد و خۆشحاڵی و سەرسامیی خۆیشی بە هەولێر دەربڕی.
جیهان بە (رووداو)ی راگەیاند" دوای بەشداریکردنم لە درامای (قلوب) لە نێو وڵاتانی عەرەبی زۆر ناسرام، بەڵام کە هاتمە هەولێر خەڵکی کوردستانیش منیان دەناسی و خۆشەویستییان بۆ من هەبوو، ئەمەش زۆر خۆشحاڵی کردم".
جیهان گوتیشی "دیارە ناوی منیش کوردییە، ئەمە شتێکی باشە بۆئەوەی خەڵکی کوردستان منیان خۆش بووێت، هەر بۆیە بڕیارمداوە جارێکی دیکەش سەردانی کوردستان بکەمەوە".
جیهان پێیوابوو فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلم لە هەولێر بەدەر نەبووە لە کەموکوڕی و دەڵێت "ئەمە یەکەمین فێستیڤاڵە، بۆیە هەر کەموکوڕیی دەبێت، بەتایبەتی لە رێکخستن و بەرنامەی فێستیڤاڵ".

## بەختی رووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



**گاوڕ**
هەست بە تەنیایی دەکەی، بەڵام داهاتوو باشتر دەبێت لەوەی چاوەڕوانی دەکەی، بەهۆی توانای زۆر و لەخۆڕابینین کارەکانت ئاسانتر دەبێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بەسەر راڕاییدا زاڵ ببن.

**گا**
هێمنانەتر لەجاران مامەڵە لەگەڵ خێزانەکەت بکە، فرسەت لەبارە بۆ ئەوەی ئاواتێکی گەورە بەدی بهێنی، بۆیە هەرگیز کات بەفیڕۆ مەدە. دەتوانی بەشێوەیەکی ژیرانە کەسانی چواردەورت قایل بکەیت بۆ ئەوەی لەکارێک پشتیوانیت بکەن. لەڕووی سۆزدارییەوە هەست بەئاسوودەیی ناکەیت.

**جمک**
کارێک مەکە بەرامبەرەکەت تووڕە بکەی، هەندێک لەوکارانەی سەرچاوەی دەرامەتتانە بەشێوەیەکی کاتی دەوەستن، پێویستە هەوڵەکانت ژیرانە بێت، دەتوانی بڕوا بەکەسانی نزیکت و چواردەورەکەت بکەیت. خۆتان تەواو سەرقاڵ کردووە بەبێ ئەنجامێکی مسۆگەر.

**قرژاڵ**
تەندروستیت پشتگوێ مەخە، ئەرکەکانی سەرشانت زۆر بوون، بەرنامەیەک بۆ راپەراندنیان دابنێ. ئەو گۆڕانکاریانەی دێنە پێشەوە کەشی لەبار دەرەخسێنن بۆ کارکردن و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی. پێویستتان بە پارە دەبێت بۆیە خەرجیتان کەم بکەنەوە.

**شێر**
بەهۆی راڕایی کەمێک کارەکان دوادەکەون و بیرکردنەوەت ئاڵۆز دەبێت. بڕیاری کتوپڕ مەدە، چەند کارەکان پێویستیان بە پەلەکردن هەبێ، بەڵام بەهێمنی دەستپێبکە. زیاتر بیر لەدۆخی ئێستا دەکەنەوە و هەوڵ دەدەن بەرەو ئاراستەیەکی گونجاو هەنگاو بنێن.

**گوڵەگەنم**
گرفتە خێزانییەکان بەرەو چارەسەر دەچن، پەیوەندییەکانت بەخەڵکانی نوێوە زیاتر دەبێت، بەتایبەت ئەوانەی دەتوانن هاوکاریت بکەن. ئەگەر لە نزیکەوە سەرپەرشتی کارەکانی خۆت بکەیت ئەنجامەکان باشتر دەبن.

**تەرازوو**
فرسەتێکی باشت لەپێشە بۆئەوەی کار بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانت بکەیت. پێشنیازی هاوڕێکانت هێندەی پلانەکانی خۆت سەرکەوتوو نابێت، بۆیە پشت بەتوانای خۆت ببەستە. پلەو پایەی کۆمەڵایەتیتان بەرزدەبێتەوە و پەیوەندیتان لەگەڵ بەرپرسەکانتان دەچێتە ئاستێکی باشتر.

**دووپشک**
ناخۆشییەکان چەند زۆربن هەر دەگەنە کۆتایی، ئەم مانگە نوێیە کۆتایی بەگرفتەکانی ئەڤینداری دەهێنی و دەتوانی پەیوەندیت باش بکەیتەوە، لەو دڵتەنگییە رزگارتان دەبێت کە ماوەیەکی زۆرە رووبەڕووتان بووەتەوە. گەڕان و دیدارەکانتان زۆر دەبێت و هەواڵێکی چاوەڕواننەکراو دەبیستن.

**کەوان**
بەو بیرۆکانە هەڵمەخەڵەتێ کە لە رووکەشدا جوان دەردەکەون، خۆت دەتوانی زیاتر بیری لێبکەیتەوە. کاتێکی باشی ژیانتانە و گرفتەکانی رابردوو بەتەواوی تێدەپەڕن. رەشبینی و ئاڵۆزییەکانتان کۆتایی دێت، دەست بەو کارانە دەکەنەوە کە ماوەیەکە راتانگرتوون.

**کاژۆڵە**
لەو راستییە تێدەگەیت کە زۆر رێگا هەن بۆ ئەوەی ئاسوودەیی بەدەروونت ببەخشن، کۆنترۆڵی راڕایی بکە. توانا و چالاکیتان لە خەڵکانی دیکە زیاترە، گرنگیدانی زیاتر بەکارەکانت پلانێکی سەرکەوتووە و لێی پەشیمان مەبەوە. گەشە بە بیرۆکە گرنگەکانت بدە.

**سەتڵ**
گۆڕانکارییەکان بەقازانجت دەشکێنەوە. لەڕووی سۆزدارییەوە دەتوانن پەیوەندیتان لەگەڵ کەسێک دەستپێبکەنەوە کە پێشتر لەیەک دابڕاون. ئەزموونی پێشووی ژیانت دڵنیات دەکاتەوە کە سەبر و خۆڕاگری بەدیهێنەری ئامانجەکانتان دەبن، هەنگاوێکی سەرکەوتووانەتان بڕیوە بەهەمان رێگە دەتوانن هەنگاوەکانی داهاتووش بنێن.

**نەهەنگ**
داهاتتان زیاد دەکات و لە هەمانکات خەرجیشتان زۆر دەبێت، تا کۆتایی هەفتە فرسەتی باشتان دەبێت کارە بەربڵاوەکان رێکبخەنەوە. چالاکییەکی زۆرتان دەبێت، بەڵام راڕا دەبن، چونکە کارەکانتان زۆرن و کاتی ئەنجامدانیان کەمە، بەهۆی زۆر باوەڕبەخۆبوون کارەکان ئاسانتر دەبن.

**بەگشتی:**
کاتێک کارەکان بەباشی بەڕێوە ناچن، پێویستە بڕیارێکی نوێ بدەین، بوونی تیشکی هەتاو لە بورجی دووانە حەزمان بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات و پێویستمان بە هاوڕێ و کۆمەڵی نوێ هەیە. بەئاسانی دەتوانین گەشتێک لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ رێکبخەین و پشوویەکی باش بدەین، یان سەردانی کەسێکی نزیکمان بکەین. خەڵک ناتوانن هەستەکانی خۆیان بشارنەوە، رەنگە لە هەواڵەکاندا ناڕەزایی لە چەند شوێنێک ببینین کە پێشتر هێمنی باڵی بەسەردا کێشابوون. بەڵام لایەنی باش ئەوەیە کە دەتوانین پشت بە هاوڕێ و کەسە نزیکەکانمان ببەستین و داوای هاوکارییان لێبکەین.



د.هاوڕێ مەنسور بەگ*

# نەوتی کوردی و نەخۆشیی هۆڵەندی

## پێویستە داهاتی نەوت ڕاستەوخۆ تێکەڵی بودجەی گشتی نەکرێت

ساڵی 1959، هۆڵەندا کێڵگەیەکی زەبەلاحی گازی سروشتی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات دۆزییەوە بەناوی Groningen کە پتر لە 2700 بلیۆن مەتر سێجا گازی لەخۆگرتبوو. ئەم کێڵگەیە لە مێژووی پیشەسازیی نەوت و گازی جیهاندا لە ریزی 20 کێڵگە زەبەلاحەکانی گازی دنیایە. لە سەرەتای شەستەکاندا مشتومڕێکی گەرم کەوتە نێو سیاسەتمەدارەکانی ئەو سەردەمەی هۆڵەندا و بە گشتی سیاسەتمەداران بوونە دوو بەرە. بەرەی یەکەم بە سەرکردایەتی وەزیری دارایی Piet Lieftinck و وەزیری کاروباری ئابووری De Pou بوو. ئەم سیاسەتمەدارانە ئەندامی پارتی کاری هۆڵەندی بوون و هەردووکیان پێیانوابوو دەبێت داهاتی گازی سروشتی لە سندوقێکی تایبەت کۆبکرێتەوەو ڕاستەوخۆ نەخرێتە نێو بودجەی وڵات، ئەویش بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵئاوسانی ئابووری و سەرجەم کاریگەرییە نەرێنییەکانی. بەرەی دووەم بە سەرکردایەتی Jelle Zijlstra سەرۆکی بانکی ناوەندی هۆڵەندی، سەرسەختانە دژی جیاکردنەوەی داهاتەکە و دژی دامەزراندنی سندوقی نەوت و گاز بوو. پێیوابوو وڵات سیاسەتی خۆی دادەڕێژێت لە چوارچێوەی کۆی ئەو بودجەیەی کە دێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە. لە کۆتاییدا بەرەی Zijlstra سەرکەوت بەسەر بەرەی Lieftinck و De Pou دا. هۆڵەندا بڕیاری دا سندوقی داهاتەکان دانەمەزرێنێ و داهاتی نەوت و گاز تێکەڵ بە بودجەی وڵات بکرێت. هۆڵەندا بە خێرایی دەستی کرد بە هەناردەکردنی گازی سروشتی بۆ ئەوروپا و ئەمریکای باکوور. قازانجی دەستکەوتوو لە فرۆشتنی گازی سروشتی و باجی گەڕاوە لە چالاکییە پەیوەندیدارەکان بەم پیشەسازییە پڕ لە ئومێدەی هۆڵەندا، کاریگەریی ئەرێنی خستە سەر باری گوزەرانی خەڵک و بەرزبوونەوەی ستانداردی ژیان بەئاشکرا هەستی پێدەکرا. دراوی بیانی بە لێشاو ڕژانە نێو بانکەکان و پرۆژە زەبەلاح و ستراتیجییەکان واژۆ کران و نەشئەی گەشەی ئابووری بوو بە میوانی خەیاڵی سیاسەتمەداران و ئابووریناسان و هاووڵاتیان لە هەموو کونج و کەلێنێکی وڵات. حکومەتی هۆڵەندا بە شێوەیەکی نا هاوسەنگ، فۆکەسی خستە سەر پیشەسازیی گاز و هاندانی کۆمپانیاکان بۆ بەگەڕخستنی سەرمایە لەم بوارەدا و تا ڕاددەیەک سێکتەرەکانی دیکە هەمان گرنگی و بایەخی ئەوتۆیان پێنەدرا. بەڵام مانگی هەنگوینی بەرەی Zijlstra زۆر درێژەی نەکێشاو وردە وردە ئەو مەترسییە شاراوانەی بەرەی Lieftinck درکی پێکردبوو بە تێکەڵکردنی پارەی بە "ئاسان" دەستکەوتووی گازی سروشتی لەگەڵ داهاتی گشتیی دەوڵەت، سەریان هەڵدا. یەکێک لە کێشە هەرە بەرچاوەکان، بەهێزبوونی دراوی هۆڵەندی بوو. زیادبوونی بەهای دراوی هۆڵەندی وایکرد کە هەموو کاڵایەک نرخیان بچێتە سەر و ئاستی هەناردەکردنی کاڵا لە سەرجەم سێکتەرەکان بەشێوەیەکی دراماتیکی کەمبێتەوە. سێکتەری کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار تووشی زەرەرو زیانی گەورە هاتن و سەرباری ئەم زیانانە ڕێژەی بێکاری لە سەرجەم ئەو سێکتەرانەدا ڕووی لە هەڵکشان کرد.

ئەم دۆخە ئابوورییە نەخوازراوەی هۆڵەندا بووە مایەی تێڕوانین و لێکۆڵینەوەی ئابووریناسان و سیاسەتمەداران لە جیهان. لە دایکبوونی پیشەسازی و هاتنی داهات بە لێشاو بۆ وڵات و بەڵام لە هەمان کاتدا، زیانگەیاندن بە سێکتەرەکانی دیکە، کەمبوونی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، زیادبوونی هەڵاوسان و ڕێژەی بێکاری و سستیی گەشەی ئابووری. ئەم دۆخە ئابوورییە ناوازەیەی هۆڵەندا، لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری ئیکۆنۆمیستدا لە ساڵی 1977 بە نەخۆشیی هۆڵەندی ناوزەند کرا. لە باکووری ئەوروپا، نەرویجییەکان، سوودێکی گەورەیان لە ئەزموونی تاڵی هۆڵەندا بینی و لەبری تێڕوانینی بەرەی Zijlstra و تێکەڵکردنی داهات لەگەڵ بودجەی گشتی، سندوقێکیان بۆ داهاتەکانی نەوت و گاز دامەزراند. ئێستا داهاتەکان و پارەی دەستکەوتوو لە نەوت و گاز بەشێوەی سەرمایەگوزاری خەرج دەکرێت و پرۆژە ستراتیجییەکانی دەوڵەتی پێ جێبەجێ دەکرێت. بەمەش نەرویج خۆی پاراست لە نەخۆشیی کوشندەی هۆڵەندی و سەرجەم سێکتەرە جیاجیاکانی کشتوکاڵی، خزمەتگوزاری، پیشەسازی و گەشتوگوزاری شانبەشانی یەکتری لە گەشەی بەردەوامدان.

لە کوردستاندا، هیوادارم دامەزراندنی سندوقی داهاتەکان، لەپێناو گەشەی ئابووریی تەندروستی هەرێم بێت بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیی هۆڵەندی. هەندێک لە سیاسەتمەدار و ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان کە داوا دەکەن داهات تێکەڵ بە بودجەی گشتی بکرێت، زۆر بە قووڵی لە ماناو مەغزای سندوقی داهاتەکان نەگەیشتوون و نازانن ئاکامە پڕ لە مەترسییەکانی هاتنی بە لێشاوی دراوی بێ بەرنامەی ستراتیجی وردی داڕێژراو بۆ ناو بودجەی گشتی چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟ گەورەترین مەترسی کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ببێتەوە لە ئایندەدا، بریتییە لە پشتبەستنی تاک و تەنیای ئابووری بە سامانی نەوت و گاز.

لە زاراوە نوێیەکانی جیۆپۆلیتیکدا ئەو وڵاتانەی کە تەنیا پارەی نەوت و گاز بڕبڕەی پشتی ئابوورییان پێکدەهێنێت، پێیان دەگوترێت پێترۆستەیت (petrostate). ئەم وڵاتانە، سەرەڕای هەبوونی کێشەی دیموکراسی و نەبوونی دامەزراوەکان و پێگە گرنگەکانی دیکەی دەوڵەت، ئابوورییەکانیان دەبنە بارمتەی نرخی ناسەقامگیری نەوت و گاز و کێشە سیاسییە قووڵە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان. ناشبێت دەوڵەت لەسەر ئەوە بنیات بنرێت، ئەگەر ڕۆژێک ئەڵتەرناتیڤی نەوت و گاز هاتە کایەوە، سیستەمی ئابووریی وڵات دووچاری شکست ببێتەوە. سندوقی نەوت و گازی کوردستان دەبێت پاڵپشتی ستراتیجی بودجە بێت بۆ پرۆژە زەبەلاحەکان، بۆ کاتی قەیران. داهاتی دەستکەوتووش لەم سندوقە، سەرمایەگوزاریی پێبکرێت و فاکتەری سەقامگیری و دڵنەوایی ئێستامان بێت و ئایندەی نەوەکانیش پڕشەنگ و مسۆگەر بکات.

*پسپۆڕی نەوت



مەجید نیزامەدین گلی*

# نەوت تەنیا بە پارە مەفرۆشن

تۆڕی هەواڵی ڕۆیتەرز ڕایگەیاند کە لەم ڕۆژانەدا عێراق ژمارەیەک فڕۆکەی ئەمریکی جۆری ئێف 16ی دەگاتە دەست. کورد ترسی لەوە هەیە کە سوپای عێراق ئەم فڕۆکانە لەدژی ئەو بەکاربێنێ. زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە ئەگەر کورد ببێتە سەرچاوەی وزەی ڕۆژانەی تورکیا یاخود وڵاتێکی دیکەی نیمچە زلهێز، ئەوا ئەو وڵاتە پاڵپشتیی نێودەوڵەتی یاخود سەربازی بۆ کورد دابین دەکات لەکاتی هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ئەم بۆچوونە زۆر گەشبینە و پێچەوانەی پێشهاتە مێژووییەکانە.

پێش ساڵی 1990، دەسەڵاتدارانی کوەیت ئەولەویەتیان دابووە پارە و نەوتیان بەکارنەدەهێنا بۆ دروستکردنی هاوپەیمانیی سەربازی وەکو ئیمارات و سعودیە. ساڵی 1990، کوەیت ڕۆژانە نزیکەی دوو ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەم دەهێنا و دەیفرۆشتە وڵاتانی ڕۆژئاوا و پەیوەندیشی لەگەڵ ئەمریکا باش بوو. بەڵام کوەیت هاوپەیمانیی بەرگری و سەربازی لەگەڵ ئەمریکا – وەکو ئیمارات و سعودیە – بەهێز نەبوو. بە گوێرەی بڵاوکراوەکانی کۆشکی سپی، پێش هەفتەیەک لە هێرشەکەی ساڵی 1990، عێراق 100 هەزار سەربازی لەسەر سنوورەکانی کوەیت کۆکردبووەوە. لە ئەرشیڤی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکیدا کە ڕۆژی 26ی تەموزی 1990 بڵاوکراوەتەوە، دەردەکەوێ کە باڵیۆزی ئەمریکی لە بەغدا زیاتر گرنگیی داوە بەوەی سەدام نەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ ئەمریکا و ئەوەی ڕوون نەکردووەتەوە بۆ سەدام کە ئەمریکا هێرشکردنە سەر کوەیت قەبوڵ ناکات. وادیارە سەدام ئەم ناڕوونییەی هەڵوێستی ئەمریکای بەوە لێکدابێتەوە کە ئەمریکا لە دژی هێرشی عێراق نابێت بۆ سەر کوەیت. دوای دوو ڕۆژ عێراق کوەیتی داگیر کرد. کوەیت باجی ئەوەی دا کە نەوتی تەنیا بە پارە دەفرۆشت. ئەگەر کوەیت ڕێککەوتنی بەرگری و سەربازی لە جیاتی ئابووری لەگەڵ کڕیارەکانی نەوتەکەی بەستبایە، ئەگەرێکی دوور دەبوو کە عێراق داگیری بکات و ئەمریکاش زۆر بەڕوونی بە سەدامی دەگوت کوەیت هێڵی سوورە.

ڕۆژی 14ی شوباتی 1945 ئیبن سعودی پادشای سعودیە لەگەڵ ڕۆزڤێڵتی سەرۆکی ئەمریکا لەسەر کەشتییەکی جەنگیی ئەمریکی لە کەناڵی سوێسی میسری کۆبوونەوە. لە ماوەی ئەو گەشتە دوو ڕۆژییەدا بۆ بینینی ڕۆزڤێڵت، ئیبن سعود خواردنی چەند ڕۆژێک و دەیان سەرە مەڕی لەگەڵ خۆی هێنابووە سەر کەشتییەکە، چونکە سعودییەکان هێشتا ئاشنای سەلاجە و زۆربەی ئامێرە کارەباییەکان نەبوون. هەرچەندە ڕۆزڤێڵتی ئەمریکیی لیبراڵ زۆر لە ئیبن سعودی وەهابی جیاواز بوو، بەڵام لەو گفتوگۆیانەدا بەردی بناغەی هاوپەیمانییەک دانرا کە 70 ساڵە بەردەوامە.

ئیبن سعود دەیزانی کە "ئەو شتە ڕەشە بۆن ناخۆشەی هەندێ جار تێکەڵ بە ئاوی بیرەکانی حیجاز دەبێت" زۆر گرنگە بۆ ئەمریکییەکان و دەیتوانی داوای پارەی زۆر بکات. بەڵام ئەو باسی پارەی نەکرد لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا. کۆلۆنێل ولیام ئێدی کە کاری وەرگێڕانی دەکرد لەو کۆبوونەوەیەدا، لە نامیلکەیەکدا بە ناونیشانی "کۆبوونەوەکەی ئیبن سعود و ئێف دی ئاڕ" دەڵێ "ئیبن سعود داوای پارەی نەکرد لە بەرامبەر نەوت، بەڵکو داوای دۆستایەتی ئەمریکا و پشتگیریی سەربازیی کرد". ولیام باسی وردەکارییەکانی ئەو کۆبوونەوە مێژووییە دەکات و دەڵێ "ئیبن سعود پیاوێکی حەکیم بوو، برادەرەکانی خۆشیاندەویست و دوژمنەکانی لێی دەترسان". ئێدی دەڵێ عەبدولعەزیز بن سعود ڕۆژێکیان پێیگوتم "خوا ئیمانی بە دوورگەی عەرەبی داوە و ئاسن و دەسەڵاتیش بە ڕۆژئاوا".

ئیبن سعود نەوتی وڵاتەکەی بەرامبەر بە ئاسایش گۆڕییەوە. سعودیە بریتی بوو لە بیابان و چەند هۆزێکی دژبەیەک، ئیبن سعود یەک بە یەک سەرکەوت بەسەر هۆزەکاندا و وڵاتێکی یەکگرتووی سەقامگیر و دەوڵەمەندی لە بیابانەکانی حیجازدا دروستکرد. بە بەستنی هاوپەیمانێتی "نەوت بەرامبەر بە ئاسایش" لەگەڵ ئەمریکا، سعودیە ئێستا بووەتە وڵاتێکی زلهێزی ئیقلیمی.

## کورد چی بکات

"بەهۆی وەستانی نەوتی کوردستان نرخی بەنزین زیادی کرد و شۆفێری تاکسییەکان بیر لە مانگرتن دەکەنەوە." ئەو ڕۆژەی مانشێتێکی وا لە ڕۆژنامەیەکی نێودەوڵەتیدا بڵاببووەوە، کورد دەتوانێ لە بەرامبەر نەوتەکەی شتی دیکە بێجگە لە پارە داوا بکات: پاراستن لە هەر هێرشێکی دەرەکی. لە بەرژەوەندیی کوردە کە بە لێکدانەوەی سیاسی کڕیار بۆ نەوتی کوردستان هەڵبژێرێت. سیاسەتی گۆڕینەوەی نەوت بە ئاسایش – هاوشێوەی سعودیە – دەسەڵات و سەقامگیری دروست دەکات. وڵاتانی وەکو ئێران و ڤەنزوێلا نەوتیان زۆرە، بەڵام هاوپەیمانیان کەمە و ئاسایشیان لە هەڕەشەدایە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەوان زۆر کەمتر لە سعودیە نەوتیان وەکو ئامرازی سیاسی بەکارهێناوە. لە ئەنجامدا ئێران بە بەرنامەی ئەتۆمی و ڤەنزوێلا بە دروستکردنی هاوپەیمانیی ئیقلیمی دژە ئەمریکا ناچارن ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن. ئەم سیاسەتە نێگەتیڤانەش ئێران و ڤەنزوێلای بەرەورووی ئابڵوقەی ئابووری و گۆشەگیریی نێودەوڵەتی کردووەتەوە.

پێویستی بە نەوت، زلهێزترین وڵاتی جیهان دەکاتە هاوپەیمان. ئەمریکا لە کاتێکدا دەستبەرداری هاوپەیمانێتی سعودیە نەبوو کە 15 لە هێرشبەرەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001 بە ناسنامە سعودی بوون و لە قوتابخانە حکومییەکاندا وانەی جیهاد و "کوشتنی کافرە ڕۆژئاواییەکان" فێرببوون. ڕای گشتی ئەمریکی ئێستاش سعودیە بە دوژمن دەبینێ، بەڵام حکومەتی ئەمریکی ناتوانێ دەستبەرداری سعودیە بێت. ئەمە تەنها لەبەر ئەوە نییە کە سعودیە نەوتی زۆرە، بەڵکو لەبەر ئەوەی سعودیە سیاسەتی فرۆشتنی نەوتی بەشێوەیەکە کە خۆی کردووە بە چەقی بەرژەوەندییەکانی واشنتن لە ناوچەکەدا. بنەماڵەی ئیبن سعود بە گوێرەی بەرژەوەندیی سیاسی بڕیاریان داوە نەوت بفرۆشنە چ وڵاتێک و بەرامبەر چی بیگۆڕنەوە. نەوت تەنها بە پارە مەفرۆشن، شتی زۆر بە بەهاتری پێ دەکڕدرێت.

*** شرۆڤەکاری نێودەوڵەتی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) و هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی نیویۆرک.**



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

رووداو



دکتۆر ئیکرام حوسێن
Ikram_dent@yahoo.com

## چیرۆکی دەرمان

هەتــا پاکەتێک دەرمان هەبێت و مۆری کواڵیتــی کۆنترۆڵی دەرمانی کوردســتانی پێــوە نەبێــت، مانــای ئەوەیــە دەرمــان کۆنترۆڵ نەکراوە. وەنەبێ کواڵیتی کۆنترۆڵ هێندە جێی دڵخۆشی بێ، بەڵام هێشتاش دەرمانخانەو دووکانەکانی دەرمانفرۆشــتن پــڕن لــە دەرمانــی بــێ مــۆری کواڵیتی کۆنترۆڵ.

کاتــی خــۆی دەمانویســت لــە مەرزی باشــماخەوە بــە قاچاخــی بڕۆینــە ئێران بۆ کرێــکاری، لــە ڕێگایەکەوە ڕۆیشــتین چەند ســەد مەترێک دوور بــوو لە پایەگا ئێرانییەکــەوە، بــە ئاشــکراش دیاربووین لێیانــەوە، بــەڵام بە کوردییەکــەی ئەگەر بــە نێو پایەگاکــەدا نەڕۆیشــتبای کاریان بەســەرتەوە نەبــوو. ئــەم وەزارەتــی تەندروســتی و کۆنترۆڵکردنــی دەرمانەش هەر ڕێک لەو پایەگا ئێرانییە دەچێ، تەنها کاریان بەســەر ئەو دەرمانەوە هەیە کە بە بنــا گوێیاندا دەڕوات، ئەگەرنــا لەو بازاڕە ئەوەی باســی نەکرێــت و گوێی پێنەدرێت و ئەرزشــی نەبێت مــۆرە ڕەنگ مۆرەکەی کواڵیتی کۆنترۆڵە. هەموو دەرمانخانەیەک ئەگەر بیکەیتە دوو بەشەوە، بەشێکی ئەو دەرمانانەیە کە مۆری کواڵیتییان لەســەر نییە، ئیتر چــۆن هاتوونەتە بازارەکەوە با ئەوانە وەڵام بدەنەوە کە باسی لێدانی دوو ملیــۆن مۆری کواڵیتــی کۆنترۆڵی دەرمان دەکــەن، ئەوانیــش خۆیان نــا، لەزگەکان دەدەنــە کۆگاکانــی دەرمان خۆیــان لێی بدەن.

دوو ســاڵ لەمەوبــەر، نووســراوێک گەیشــتە کلینیکــەکان، تێیــدا هاتبوو کە هیــچ پزیشــکێک بۆی نییە جگــە لە ناوە زانســتییەکەی دەرمــان، ئامــاژە بە ناوی کۆمپانیایەکی دیاریکراو بکات، بەڵام نە لە نووســراوەکەدا هاتبوو سزای سەرپێچیکار چییە، نە هەرگیزیش جێبەجێ کرا.

وا ئەمســاڵیش نووســراوێک بــە ژمارە 43، بــە فۆنتێکی جیاوازتــر لەوەی پێرار، گشتاندنی پێکراوە بۆ دەرمانخانەکان، تێیدا هاتووە پزیشــکی دەرمانســاز بــۆی هەیە لە کاتی ســەرفکردنی ڕەچەتەی پزیشــک ئەو دەرمانانە ســەرفبکات کە بە کۆاڵیتی کۆنترۆڵــی دەرمانــدا تێپەڕیــون، بەبــێ خۆبەســتنەوە بە دەرمانــی کۆمپانیایەکی تایبەت کە پزیشــک ئامــاژەی پێکردبێت. بڕیارەکــەش بە پشتبەســتن بــە ڕێنمایی ژمارە 173ی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان دەرکراوە.

بــەڵام ئــەم نووســراوەش حاڵــی لــە نووســراوەکەی پێرار باشــتر نابێت، هیچ پزیشــکێک ئامادە نابێت جێبەجێی بکات و هیــچ یاســایەک و کەســێکیش نییە لە ســزادانیاندا، پشــتەملیان بۆ بخورێنێت، قوربــان دیارە پاراســیتامۆڵ چییە و چی تێدایە، بەڵام جەنابی پزیشــک ســێ جار دەرمانەکە دەنێرێتەوە سەر دەرمانخانەکە و دەڵێ هەر دەبێ ئۆردنییەکەی بێت، ئیتر خۆ دیارە شیرەکەی پاک نییە، بەڵام کورد گوتەنی ماڵت ماڵ نەبێ و بازارت بازاڕ بێت.

ئــەوە حاڵــی دەرمانە لە بــازاڕدا و ئاوا کۆنترۆڵ کراوە، لەو لاوە وەزارەت بە بیانووی بەرژەوەنــدیی خەڵــک دەرمان بــە هەمان نرخــی کڕینی لەلایــەن وەزارەتەوە دەداتە نەخۆشــخانە ئەهلییەکان، یەکــێ نەزانێ ئەوان بە بەلاش بە خەڵکی دەفرۆشــنەوە، کردنەوەی هەموو نەخۆشخانەیەکی ئەهلی دەگەیەکــە لە خەڵک و دەگەیەکی دیکەیە لە حکومەت، ئەگەر وەزارەتی تەندروستی هێنــدە خەڵکــی خۆشــدەوێت بــا نرخی نەخۆشــخانە ئەهلییــەکان ڕێکبخــات، با ناچاریــان بکات نرخەکان هەڵواســن، لەو هەولێرە نەخۆشــخانەی نێودەوڵەتی هەیە نرخی مانەوەی شــەوێکی بــۆ یەک کەس 50 دۆلارە، بــەس لــە هەمــان ژووردا بــۆ جگەرەکێش بە 500 دۆلارە، نەخۆشخانەی نێودەوڵەتیش هەیە بە هەلیکۆپتەر نەخۆش دەگوازێتەوە، بەڵام هێشــتا ئیسعافەکەی ئیجازەی نییە لای وەزارەتی تەندروستی.

خــوا هەڵناگرێ بەشــی دوو دەوڵەتی ســەربەخۆ یاسامان هەیە، بــەڵام کەس نییە جێبەجێیــان بــکا، هەر یــەک جار ســەرپێچیکارێ بەند بکرێ، دوو کلینیکی پزیشــکی یان دەرمانخانــە دابخرێن، ئیتر هەرگیز کەس ناوێرێت یاساشکێنی بکات، بــەڵام هەرێمێــک خاوەنــی چەنــد هەزار دەرمانخانــەی نایاســایی بێت، لەوانەیە عەیبترین شت تێیدا باسکردنی یاسا بێت.

# "سیستمی سەلامەتیی خۆراک لە کوردستان وەک نەبوو وایە"

## پزیشکێک: با یەکێک بێتە سەر تەلەڤزیۆن و بڵێت لە کوردستان دوو پشکنینی گرنگی وەک ئەفلاتۆکسین و جیوە هەیە

سەرووەر سالار و شادیە ڕەسوڵ
رووداو- سلێمانی

پســپۆڕێکی ســەلامەتیی خــۆراک دەڵێــت سیســتمی کۆنترۆڵی ســەلامەتیی خــۆراک لە کوردســتان هێندە لاوازە "وەکــو نەبوو وایە و ناتوانێت متمانە و دڵنیایی بداتە هاووڵاتیان"، بەرپرســانی وەزارەتی تەندروستیش گرفتەکە بۆ فرەخاوەنیی بابەتەکــە دەگێڕنەوە و داوای هاریکاری زیاتر دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی.

ڕێکخــراوی تەندروســتی جیهانــی وەهــا پێناسەی ئاسایشی خۆراک دەکات کە "هەموو کەســێک خۆراکی پێویســت و سەلامەت و پڕ ڕەگــەزی خۆراکیی دەســتبکەوێت و ژیانێکی سەلامەت و تەندروستی پێ بەڕێ بکات". بەڵام هەندێــک لە پســپۆڕان دەڵێن ئەم پێناســەیە بەسەر خۆراکی کوردستاندا جێبەجێ نابێت.

دکتــۆر دارا محەممەد، بەرپرســی تاقیگەی ســەلامەتیی خــۆراک لە زانکۆی ســلێمانی بە (تــۆڕی میدیایــی رووداو) ی گــوت "لەڕووی چەندێتییــەوە 90%ی خۆراکــی هەرێمــی کوردستان لە دەرەوە هاوردە دەکرێت. لەوەش خراپتر، کواڵیتی ئــەو خۆراکانەیە کە هاوردە دەکرێن، چونکە بە سیســتمێکی ســەلامەتیی هێندە لاوازدا تێپەڕ دەبن کە وەکو نەبوو وایە".

ئەو پســپۆڕەی سەلامەتیی خۆراک پێیوایە دوای ئیمزاکردنــی گرێبەســت لەگەڵ هەندێک کۆمپانیای دڵنیایی جۆریی خۆراکیش، هێشتا دڵنیایــی و بەرچاوڕوونییەکی ئەوتۆ نەدراوەتە هاووڵاتیــان کە ئەو خۆراکــەی ڕۆژانە دەیخۆن سەلامەت بێت.

بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی هەرچەندە زۆر ڕەشــبین نین لەســەر پرســی سەلامەتیی خــۆراک، بــەڵام دەڵێــن بابەتی ســەلامەتیی خۆراک لە کوردستاندا خاوەنێکی بەهێزی نییە و فرە خاوەنە.

دکتــۆر ئیبراهیــم مســتەفا، بەرپرســی تاقیگەکانی ســەلامەتیی خۆراک لە وەزارەتی تەندروســتی گوتی "ناتوانین بڵێین سیستمی سەلامەتیی خۆراک وەکو نەبوو وایە، بەڵام بێ گرفتیش نییە. یەک لایەنی بەهێز نییە چاودێری ســەلامەتیی خۆراک بــکات، بەڵکــو چەندین لایەن کاری تێــدا دەکەن، وەکو وەزارەتەکانی بازرگانی و کشــتوکاڵ و تەندروســتی". دکتۆر ئیبراهیم پێیوایە ئەو فرەخاوەنییە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییە.

بەپێــی ئامــاری بەڕێوەبەرایەتــی گشــتی تەندروســتی ســلێمانی، ســاڵی پار 106 تۆن خواردن و 19 تۆن خواردنەوە، بەهۆی نەبوونی مەرجی تەندروستی دەستیان بەسەردا گیراوە.

دکتۆر رزگار عەلی، بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروســتی ســلێمانیش جگە لە باســکردنی شێوازەکانی پشکنینی خۆراکی هاوردە لەسەر ســنوور و ئەوەی لەناو بــازاڕدا هەیە، دەڵێت پێویســتیان بە هاوکاری زیاتــری حکومەت و بازرگانان و وڵاتانی هەناردەکاریشە.

دکتــۆر رزگار دەڵێــت "پێویســتمان بــە ئامێری پشکنینی پێشکەوتووترە بۆ پشکنینی خــۆراک، ئــەو وڵاتانــەش کــە کەرەســتەی خۆراکیمــان بۆ دەنێرن دەبێت بە بەڵگەنامەی پشــکنینەوە بینێرن و بەپێی ســتانداردەکانی ئێمەش بیکەن".

خــۆراک ئەگەرچــی بنەمایەکی ســەرەکی بەردەوامیــی ژیانــە، ئەگــەر تەندروستانە مامەڵــەی لەگــەڵ نەکرێــت ڕەنگــە ببێتــە ســەرچاوەی مەترســی لەســەر ژیان، هەر لە مەترسییە خێراکانی وەک سکچوون و ڕشانەوە و ژەهراویبوونــی کتوپڕەوە، هەتا مەترســییە درێژخایەنەکانی وەک ئەگەری تووشــبوون بە شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن و چەندین نەخۆشی دیکە.

د.دارا محەممەد دەڵێت "با یەکێک بێتە سەر تەلەڤزیۆن و بڵێت لە کوردستان دوو پشکنینی گرنگی وەک ئەفلاتۆکسین و جیوە هەیە".

ئەفلاتۆکســین دەتوانێــت دانەوێڵەکان بەر لــە دروێنەکــردن یــان دوای کۆکردنەوەیــان لــە کۆگاکانــدا ژەهــراوی بــکات و هۆکارێکی گرنگــی ژەهراویبوونی توندی جگەرە، جیوەش زیاتر لە گۆشــتی ماســی یان ئاوی پیسبووی خواردنەوەدا هەیە و ڕێگاخۆشــکەرێکی گرنگە بــۆ نەخۆشــکەوتنی مێشــک و دەمــارەکان و تێکچوونی دەروونی.



(فۆتۆ: سێڤان)

### گرفتەکانی سەلامەتیی خۆراک لە کوردستان

بە بڕوای پزیشکانی کوردستان گرفتەکانی سەلامەتیی خۆراک بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

1- بەرپرسانی حکومی تێگەیشتنێکی قووڵیان بۆ پرسی سەلامەتیی خۆراک نییە و وەک بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەیی نایبینن.

2- عەقڵییەتی خەڵکی ئێمە وا فێر نییە بیر لە بابەتە ستراتیژییەکانی وەک سەلامەتیی خۆراک بکاتەوە کە پێدەچێت دوای چەندین ســاڵ ڕێژەی نەخۆشییە درێژخایەنەکان لەناو ئەم وڵاتەدا زیاتر بکەن.

3- نەبوونی ئامێری پێشکەوتوو، یان نەبوونی کەسی شارەزا بۆ ئیشپێکردنی ئامێرەکان.

4- لە هەر پێنج ڕەگەزەکەی سەلامەتیی خۆراکدا، لە کوردستان گیروگرفت هەیە: ماددە خاوەکان، لە قوتوونان، گواستنەوەی خۆراک، هەڵگرتن و لە کۆگا دانانی و تەنانەت شێوازی ئامادەکردنیشی.

# خۆڵبارینی عێراق مەترسیدارە

رووداو- USA today

توێژینەوەیەکــی نــوێ دەریخســتووە ئــەو خۆڵبارینەی لــە عێــراق ڕوودەدات، وەک ئــەوەی وڵاتانی دیکــە نییە و مەترسییەکی زیاتری بۆ سەر تەندروستیی مرۆڤ هەیە.

توێــژەران دەڵێن ئــەو تەپوتــۆزەی خۆڵبارینەکە لەگەڵ خــۆی دەیهێنــێ، هەندێ ماددەی قورســی وەک تیتانیۆم و ئاسن و مسی تێدایە کە دەچنە سییەکانی مرۆڤەوە و زیانی گەورەی لێدەدەن.

ئەم دۆزینەوە نوێیە لە ئەنجامی پشــکنینی ئەو سەربازە ئەمریکییانــەوە دەرکــەوت کــە دوای گەڕانەوەیان لە عێراق تووشی تەنگەنەفەسی هاتبوون.

دکتۆر ئەنتۆنی سزیما، یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە زانکۆی پزیشــکیی ستۆنی برووک و پزیشــکی پسپۆڕی سییەکان و هەســتەوەری دەڵێت "نموونەمان لە سییەکانیان وەرگرت و بۆمان دەرکەوت ماددەی تیتانیۆم لە ســییەکانی هەموویاندا هەیە".

وەک توێــژەرەکان گوتیــان، پێکهاتــەی تەپوتــۆزی خۆڵبارینەکــەی عێــراق لــەوەی وڵاتانــی دیکە جیــاوازە و کۆئەندامی بەرگریی مرۆڤ ناتوانێ ڕایانبماڵێ و سییەکانیان لێ پاک بکاتەوە. پرۆفیســۆر ســزیما دەڵێت لە دەنکۆڵەی تەپوتــۆزی خۆڵبارینــی عێراقــدا کانزاکانــی مس و ئاســن هــەن کە دەتوانن کریســتاڵی نووک تیژ دروســتبکەن و لە سییەکاندا بمێننەوە.

ســەبارەت بە هــۆکاری بوونی ئــەو ماددە قورســانە بە تەپوتــۆزی عێراقــەوە، پرۆفیســۆرە ئەمریکییەکــە دەڵێت چەندیــن گریمانە هەن. لەوانە ســووتاندنی پاشــەڕۆکان لە عێراقــدا لــە چاڵی گەورە گەورەدا کــە وادەکات گەردی ئەو ماددانــە تێکەڵــی خاک و خۆڵــی وڵاتەکە ببنــەوە و دواتر گەردەلوول و ڕەشەبا هەڵیاندەگرێت و بڵاویاندەکاتەوە.

گریمانەیەکــی دیکــە جەنگی یەکەمی کەنــداوە لە 1991 لەنێــوان عێــراق و هاوپەیمانانــدا کە تێیدا مووشــەکەکانی ڕۆژئــاوا و بۆمبەکانی عێراق خاک و خۆڵیان دەســووتاند و تێکەڵی دەبوون.

بەگوێــرەی توێژینەوەیەک، زانــاکان ئەو تەپوتۆزەیان بە مشــکەکان داوە تــا هەڵیمــژن، دواتر بینیویانە مشــکەکان تووشی هەوکردنی درێژخایەتی سییەکان بوون و کۆئەندامی بەرگرییان نەیتوانیوە تەپوتۆزەکە لە سییەکان دەربکەن.

توێژینەوەکــەی ســزیما دەڵێــت 14% ی ئــەو ســەربازە ئەمریکاییانــەی لــە عێــراق جەنــگاون، تووشــی گرفتــی هەناسەدان بوون، لەوانە تەنگەنەفەسی، کۆکەی درێژخایەن و خیزەی سنگ.

## هەموو شتێک دەربارەی گورچیلە

# ئازارشکێنەکان زیان بە گورچیلە دەگەیەنن

ئا:لاپەڕەی تەندروستی

گورچیلــەکان زۆر فرمانیــان لەســەرە جێبەجێــی بکــەن، لەوانــەش فڕێدانــی پاشــەڕۆکان و ڕزگارکردنی لەش لە شلەی زیــادە، هەروەهــا هاوســەنگیی خــوێ و پۆتاسیۆم لە لەشدا ڕادەگرن کە پەیوەندی ڕاســتەوخۆی بە فشــاری خوێنــەوە هەیە، هۆرمۆنێک دروستدەکەن هانی دروستبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێن دەدات.

### ڕۆژانە 190 لیتر دەپاڵێون


هەردوو گورچیلە لە شێوەی فاسۆلیادان، قەبــارەی هەر یەکەیان هێندەی مشــتێکە، دەکەونە بەشی خوارەوەی قەفەزەی سنگ، بە لای ڕاست و چەپدا.

هــەر ڕۆژێــک گورچیلــەکان هێنــدەی حەوزێکــی خۆشووشــتنی پــڕ خوێــن دەپاڵێــون، دوای ئــەوەی لەش پێویســتی خۆی لێوەردەگرێت، گورچیلەکان پاشماوە و ئاوی زیادە دەکەنە میزەوە و بۆ دەرەوەی لەش فڕێدەدرێت کە ڕۆژانە دەگاتە نزیکەی 2 لیتر.

### ژیان بە تاکە گورچیلەیەکەوە

ســاڵانە هــەزاران کــەس گورچیلەیەکی خۆیان دەبەخشن و دوای ئەوەی تەندروست دەمێننەوە، لە ڕاســتیدا گورچیلە ئەندامی ژمارە یەکی لەشە کە زۆرترینی لێبەخشراوە لــە جیهانــدا، دەتوانــی گورچیلەیەکــت ببەخشــێتە ئەندامێکــی خێزانەکــەت، هاوڕێیەکــت، یــان تەنانــەت کەســێک کە نەشیناسیت.

هەندێک کەس بە یەک گورچیلەوە دێنە دنیــاوە، ئەگــەر یەکێــک لــە گورچیلەکان نەبــوون، یان لابران، یان بەخشــران، ئەوا گورچیلەکەی دیکە دەتوانێ هێندە گەشە بــکات، تــا بگاتــە نزیکــەی دوو هێنــدەی قەبارەی گورچیلەیەکی ئاسایی و ئەوەش یارمەتیدەرە بــۆ ئەنجامدانــی کاری دوو گورچیلە.




### قەبارەی بەردی گورچیلە چەندە؟

هەر کاتێک ڕێژەیەکی زیاتر لە ئاســایی لــە ماددەیــەک، بــۆ نمونــە کالســیۆم لە گورچیلەکانــدا مایــەوە، دەبێتــە بەرد، کە دەگونجێ لە گورچیلەدا بمێنێتەوە، یان لە کاتی میزکردندا بچێتە بۆری میز.

بەردەکانــی گورچیلە شــێوە و قەبارەی جیاوازیان هەیە، ئەگەر بە بۆری میزدا بڕۆن ئازاریان لەگەڵدا دەبێت، لەوانەیە بچووک بن هێندەی دەنکێک لم، یان گەورە بن هێندەی مرواریــیــەک، بــە دەگمەنیــش ڕوودەدات لــەوەش گەورەتــر بێت و بگاتــە قەبارەی تۆپێکی گۆڵف، لەوانەیە تووشــی هەبوونی بــەردی گورچیلە ببیت ئەگەر کەسێک لە خێزانەکەت هەیانبوو.

### فشاری خوێن و شەکرە، گورچیلە تووش دەکەن

بەرزیــی فشــاری خوێــن دەتوانــێ زیان بــە بۆریچکەکانــی خوێــن بگەیەنێــت لــە گورچیلەکانــدا. ئەوەش کارەکانیان لەســەر قــورس دەکات، ئەگەر کەســێک شــەکرەی هەبێت، شــەکری بەکارنەهاتــوو لە خوێندا، زیان بە گورچیلــەکان دەگەیەنێت، ڕاگرتنی هاوسەنگی فشاری خوێن و شەکر لە خوێندا دەتوانێ گورچیلەکان بپارێزێت.

### گورچیلە و میزکردن

ئەوانەی تووشی کێشەی گورچیلە دەبن، ســەرەتا نیشانەکانی هەســتپێناکەن، بەڵام کاتێک کێشەکە بەرەو خراپی دەچێت و گۆڕان ڕوودەدات لە ژمارەی چوون بۆ تەوالێت، ئەوە نیشــانەیەکە بۆ بوونی کێشەیەک، لەوانەیە هەســتکردن بە ماندوێتیشــی لەگەڵدا بێت، لەگەڵ نەمانی ئارەزووی خواردن و ئاوسانی دەست و قاچ، لەگەڵ خوورانی پێست.

### چی پێویستە ئەگەر گورچیلە ڕاوەستا؟

کاتێــک گورچیلــەکان لــە کارکــردن دەوەســتن، لــەش پڕ دەبێت لە پاشــماوە، شــل و ژەهر، لــەو کاتەدا یان پێویســتت بــە گورچیلەیەکــە، یــان دەبێت بــەردەوام گورچیلەکانت بشۆیتەوە، لەو کاتەدا ئامێری شوشــتنەوەی گورچیلە، ڕۆڵــی گورچیلەی دەســتکرد دەگێڕێت، خوێــن پاکدەکاتەوە، ئەوەش لەوانەیە ڕۆژانە، یان چەند جارێک لە هەفتەیەکدا پێویست بێت.

### ئاو.. دەرمانە سروشتییەکەی گورچیلە

نەخواردنــەوەی ڕێــژەی ئاوی پێویســت یان شــلەمەنی، دەبێتە هۆی وشکبوونەوەی لــەش، ئــەوەش دەبێتە هــۆی زیانگەیاندن بــە گورچیلە و دروســتکردنی بــەرد تێیدا، تەماشــای میزەکەت بکە، ئەگــەر زەردێکی تۆخ بوو، ئەوا پێویستت بە خواردنەوەی ئاو یان شلەمەنی زیاترە.

### ئازارشکێنەکان زیانبەخشن

لەبەر ئــەوەی کاری گورچیلەکانە خوێن بپاڵێون، هەر شتێکی زۆر لە خوێندا لەوانەیە زیانیان پێبگەیەنێت، دەرمانی ئازارشــکێنی وەک ئەســپرین، پرۆفین، ناپرۆکســین، ... هتد، زیان بە گورچیلە دەگەیەنن، بە تایبەت ئەگەر زۆر و چەند بارە بەکاربهێنرێن.

بۆ بەکارهێنانی هەر دەرمانێک پێویستت بە ڕاوێژی پزیشــک هەیە، بە تایبەت ئەگەر چەند بارە بووەوە.

ڕووداو
ژمارە (313) دووشەممە 2014/6/9

## لە مۆندیالیشدا سەرکردەکانی کورد هاوڕا نین

# خدر ڕووسی هانی ڕووسیا دەدات و کاکە حەمەش ئەڵمانیا




**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-هەولێر**

چەند ڕۆژێکی دیکە ڕووداوە وەرزشییە گەورەکە دەستپێدەکات و سیاسەت بێدەنگ دەبێ، چونکە لە سەرتاسەری دونیاوە خەڵک دەگەڕێنەوە بۆ بەردەم شاشەی تەلەڤزیۆنەکان و ئیدی بەپێچەوانەی سیاسەتەوە، هەواڵە گرنگەکان لە بەرازیلەوە دێنەوە نەک ئەمریکا. هەر لە ئێستاشەوە زۆربەی خەڵک لە کوردستان چاوەڕوانی فیکەی دەستپێکردنی مۆندیالن.

لە مۆندیالدا، کە زیاتر بە جامی جیهانی تۆپی پێ نێودەبرێ، بەشێکی زۆری خەڵک لە کوردستان هاندەری بەرازیل، ئەڵمانیا، ئینگلتەرا، ئەرجەنتین و فەرەنسان، سەرکردەکانی کوردیش بەشێکیان سەیری یارییەکانی مۆندیال ناکەن و ئەوانەش کە سەیری دەکەن بە ئەنجامە خراپەکان نیگەران نابن و تەنیا لایەنگرێکی ساکارن.

### نەوشیروان سەیری مۆندیال ناکات

سەرچاوەیەکی نزیک لە نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "کاک نەوشیروان سەیری دوو گۆڵی ناکات و نەمبینیوە هیچکاتێک تەماشای یاری دوو گۆڵی کردبێ".

بەڵام محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانە کە دەڵێ "لایەنگیری ئەڵمانیام و خۆشم دەوێ"، هۆیەکە لە چەند خاڵێکدا ڕوونەکاتەوە و دەڵێ، نزیکەی 500 هەزار کوردی پارچەکانی کوردستان لە ئەڵمانیان، ئەگەر هەر کوردێک مانگی 50 دۆلاریش بنێرێتەوە بۆ خێزانەکەی "ئەوا ئەڵمانیا سەرچاوەیەکی ئابووری باش بووە بۆ خێزانەکانی ئێمە.

سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان پێیوایە "کورد قەرزاری ئەڵمانیایە نەک بەرازیل". ئینجا دەپرسێ بۆچی خەڵک لە کوردستان بەلێشاو لایەنگری بەرازیلن، خۆ دەبابەی بەرازیل ساڵانێکی زۆر شەڕی کوردی پێکرا".

محەممەدی حاجی مەحموود، پێیخۆشە ئەڵمانیا جامەکە بباتەوە "ئەگەر نەشیباتەوە، پێشبینی دەکەم لە زەحمەت بکرێتە دەرەوە و یاری کۆتایی دەکات".

لایەنگرییەکەی سەرکردەکان بۆ یانەکانی تۆپی پێ و هەڵبژاردەی وڵاتان، بەشێوەیەکە ڕەنگە بۆخۆیان ڕازی نەبن خەڵک بەو شێوەیە لایەنگری حیزبەکانی خۆیان بن. چونکە خۆشەویستییەکی ڕواڵەتییان بۆ هەڵبژاردەکانی وڵاتان یان یانەکان هەیە، تەنانەت ناوی یاریزانەکانیش زۆر بەکەمی دەزانن.

قوباد تاڵەبانی، کاندیدی ڕاسپێردراوی یەکێتی بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت و کوڕی دووەمی تاڵەبانی، کە باوکی تەنیا لایەنگری یانەی لیڤەرپوڵی ئینگلیزییە دەڵێ هەواداری هەڵبژاردەی ئینگلتەرایە "پاڵپشتی ئینگلتەرا دەکەم و حەزدەکەم جامەکە بباتەوە".

قوباد تاڵەبانی، هیواداره هەڵبژاردە دڵخوازەکەی بگاتە یاری کۆتایی "زۆرم حەز لێیە هەڵبژاردەی ئینگلتەرا یاری کۆتایی بکات".

جامی جیهانی تۆپی پێ، ململانێیەکی توند و پڕلە ڕکابەرێتی وڵاتانی جیهانە بۆ بەدەستهێنانی ئەو نازناوەی کە دەبێ لە کۆتاییدا بەهێزترینیان بیباتەوە، هەرچەندە لە ئێستاوە چاوەکان زیاتر لەسەر بەرازیل و ئەرجەنتین و ئەڵمانیا و ئیسپانیان، بەڵام هێشتا ڕوون نییە براوە لە کام کیشوەرەوە گەیشتووەتە بەرازیل.

عەلی باپیر ئەمیر کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بە ڕووداوی ڕاگەیاند "بە گوێرەی دەرفەت سەیری یارییەکانی مۆندیال دەکەم و بەگشتی وەرزش و وەرزشوانانم خۆشدەوێن، بەڵام بەهۆی کەمی کات و سەرقاڵیم بە ئیشوکارەکانی دیکەمەوە هاندەری هیچ یانەو هەڵبژاردەیەکی دیاریکراو نیم"

ئەمیر کۆمەڵ گوتیشی "حەز بە یاری تۆپی پێ بە شێوەیەکی خاوێن و ئارام و ڕەوشت بەرزانە دەکەم و پشتگری ئەوانە دەکەم کە یاری کردن بەم جۆرە پەسەند دەکەن و هانی وەرزشوانان دەکەم، کە بەم گیانە وەرزش بکەن".

خدر ڕووسی، سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، هەواداری هەڵبژاردەی ئەو وڵاتەیە کە بووەتە پاشگری ناوەکەی خۆی " زۆرم حەز بەوەیە ڕووسیا بباتەوە". خدر ڕووسی لە سەرەتاوە جامی جیهانی و جامی یانە پاڵەوانەکانی لەیەک جیانەکردەوە و گوتی "حەزدەکەم لەبەر خاتری کوڕە خەزوورەکەم ڕیال مەدرید بباتەوە". لەکاتێکدا زیاتر لە مانگێکە ڕیاڵ مەدرید ئەو جامەی بردووەتەوە.

بەبڕوای خدر ڕووسی "خەڵکی ڕووسیا، خەڵکێکی باشن و من ماوەی ساڵێک لەوێ بووم و دەزانم چەند خەڵکێکی چاکن، بۆیە حەزم بە بردنەوەی ڕووسیایە". بەڵام هەرلە ئێستاوە ئاماژەکان ڕوونن و لەگەڵ حەزەکانی ناوبراو وێکنایەنەوە، بەو پێیەی هەڵبژاردەکەی وڵاتی بەفر و بەستەڵەک ناتوانێ لەو پاڵەوانێتییە جیهانییەدا زەبەڵاحی و باڵادەستی خۆی پێشان بدات.

## لە نێو خۆیاندا یەکلایی نابنەوە

# تورکمانەکان پێنج بەربژێریان هەیە بۆ پۆستی وەزیری داد



**ئەهرۆ محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

پۆستی وەزیری دادی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نوێ دراوە بە تورکمانەکان، بەڵام تاوەکو ئێستا لایەنە تورکمانییەکان لەسەر بەربژێرێک بۆ ئەو پۆستە ڕێکنەکەوتوون و ناکۆکن، چەند کاندیدێکیان بۆ ئەو پۆستە هەیە.

ئایدن مەعروف، پەرلەمانتاری بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) هۆشداری دەدات لەبارەی زیاتر دواکەوتن و یەکلانەکردنەوەی کاندیدی تورکمانی بۆ پۆستی وەزیری داد، دەڵێت "بەرەی تورکمانی کاندیدی نییە، بەڵام دەیانەوێت کەسێک بێت، بەشێوەیەکی ڕاستەقینە گوزارشت لە تورکمان بکات". ئایدن مەعروف، پێیوایە "ئەو کێشەیە دروستکراوە و دەیانەوێت بەربەست دروستبکەن، تاوەکو تورکمانەکان لەسەر کەسێک ڕێک نەکەون".

هەریەک لە عەبدولقادر بازرگان، سەرۆکی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمانی، جودەت نەجار، پەرلەمانتار لە لیستی پێشکەوتنی تورکمانی. ماجید عوسمان، پەرلەمانتاری لیستی هەولێری تورکمانی کاندیدن بۆ پۆستی وەزیری داد. هاوکات ناوی چەند کەسێکی دیکە دەهێنرێت لە دەرەوەی لیستە تورکمانییەکان لەوانە سەنعان قەساب، سەرۆکی پێشووی بەرەی تورکمانی و سینان چەلەبی، وەزیری پیشەسازی و بازرگانی. بەڵام باس لەوەدەکرێت بەهۆی ڕێککنەکەوتنی لایەنە تورکمانییەکان گوایە پارتی دیموکراتی کوردستان، دەیەوێ لە دەرەوەی پەرلەمان کەسێکی تورکمانی بۆ ئەو پۆستە دابنرێت، هاوکات لەبەر "ڕابردووەکەی" ئارەزووی ئەوەیان نییە، ئەو پۆستە بۆ سەنعان قەساب بێت.

ئایدن مەعروف، پشتوانی خۆی بۆ سەنعان قەساب و سینان چەلەبی دەربڕی کە ببنە وەزیری داد، بێ ئاگایی خۆشی لەوە دەربڕی کە سەنعان قەساب کاتی خۆی "بەعسی" بێت و ئەوەشیگوت "ئەگەر بەو پێوەرە بێت، ئەوا زۆر بەرپرس لە کوردستان کاتی خۆی بەعسی بوونە".

ئایدن مەعروف، هێما بۆ ئەوەدەکات "دەنگۆی بەعسیبوون"ی سەنعان قەساب سەرەتا لەنێو خودی لایەنە تورکمان وروژێندرا و باسکرا، ئەوسا دواتر بڵاوبووەوە، هاوکات گوتیشی بەشێک لەلایەنە تورکمانییەکان لە نێوخۆیان ناکۆکن و بە جۆرەها شێواز دژایەتی یەکتر دەکەن.

لە کۆبوونەوەی نێوانیاندا لایەنە تورکمانییەکان داوایان لە نێچیرڤان بارزانی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەت کردووە کە ئەو خۆی کاندیدی تورکمان یەکلایی بکاتەوە و کەسێک هەڵبژێرێت، بەڵام نێچیرڤان بارزانی ئەو داوای ڕەتکردوەتەوە و داوای لێکردوون خۆیان ئەو پرسە یەکلایی بکەنەوە.

جودەت نەجار، پەرلەمانتاری فراکسیۆنە پێشکەوتنی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان کە هاوکات یەکێکە لە کاندیدەکان بە پێویستی دەزانێت وەزیری داد لە نێو فراکسیۆنی تورکمانەکان بێت. گوتیشی "ڕازی نابین کەسێک لە دەرەوەی فراکسیۆنی تورکمانەکان ببێتە وەزیر".

لە پەرلەمانی کوردستان تورکمان 5 نوێنەری هەیە، پێشکەوتنی تورکمان دوو نوێنەر، هەولێری تورکمانی، بەرەی تورکمانی عێراق، گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمانی، یەکە و پەرلەمانتارێکیان هەیە.

مونا قەهوەچی، پەرلەمانتاری تورکمانی، کە هاوسەرەکەی خۆی عەبدولقادر بازرگان، سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی تورکمانی کاندیدکردووە بۆ پۆستی وەزیری داد بە (ڕووداو)ی گوت "بەگوێرەی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن، داوای مافی دەنگدەرانی خۆمان دەکەین، بۆیە دەبێت کاندیدی وەزیری داد لە نێو ئەو حیزبە تورکمانیانە بێت کە کورسیان لە پەرلەمان هەیە".

قەهوەچی هۆشداری دەدات کە کەسێک لە دەرەوەی فراکسیۆنی تورکمانەکان بۆ پۆستی وەزیری داد دیاری بکرێت و دەڵێت "ئەگەر زانیمان ئەو کەسە ڕابردوو پاکە و لە سەردەمی ڕژێمی بەعس هیچ دەستێکی نەبووە، زیانی لە خەڵکی کوردستان نەداوە کورد بە پلەی یەکەم و تورکمان بە پلەی دووەم، ئەوا پشتگیری دەکەین، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانە بێت ئەوا لە نێو هۆڵی پەرلەمان هەڵوێستمان دەبێت"

ماجید عوسمان، پەرلەمانتاری لیستی هەولێری تورکمانی کە هاوکات یەکێکە لە کاندیدەکان ئەوەی بۆ (ڕووداو) باسکرد کە سەرەتا چەند جارێک پێشنیازی کردوە هیچ لە پەرلەمانتاران با خۆیان کاندید نەکەن، بەڵکو لە دەرەوەی فراکسیۆنی تورکمانەکان کەسێکی شایستە و خاوەن ئەزموون کاندید بکرێت، بەڵام دیاربووە بەمە ڕازی نەبوونە " منیش سیڤییەکەم لەوانە بەهێزترە کە خۆیان کاندیدکردووە، بۆیە خۆم کاندیدکرد".

لەبارەی ناو هێنانی چەند کەسێک کە لە دەرەوەی فراکسیۆنی تورکمانەکان کاندیدن بۆ ئەو پۆستە لەوانە سەنعان قەساب و سینان چەلەبی. ماجید عوسمان دەڵێت "ئەوانە تەنیا پڕوپاگەندە بۆ خۆیان دەکەن، وەزارەتیش بۆ هیچ کەسێک تاپۆ نەکراوە، کەسێک لە ڕابردوودا هیچ ئیدارەیەکی نەبنیووە، ئەزموونی ژیانی سیاسی بەسەرچووە، ناکرێت ئەو پۆستەی پێبدرێت".

گوتیشی "ئێمە قبوڵ ناکەین بەرەی تورکمانی بە تەنیا بڕیار بدات، لە سەنعان قەساب و سینان چەلەبی، هەردووکیان سەرۆکی بەرەی تورکمانی بوون کاتی خۆی، بۆیە دیاریکردنی ئەوانە دەبێتە شانازییەک بۆ بەرەی تورکمانی، لەبەر ئەوەی پێشتر سەرۆکی بەرەی تورکمانی بوون".



## پۆلیسی کەرکووک:

# داعش ناتوانێت سیناریۆی موسڵ لە کەرکووک دووبارە بکاتەوە

**هەڵۆ کاکەوەیس**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرچاوە ئەمنییەکان لە کەرکووک ئاشکرای دەکەن، لەبەر هەڕەشەکانی داعش ڕێوشوێنی ئەمنی توندوتۆڵیان گرتووەتەبەر و زۆربەی باڵەخانە بەرزەکانیان خستووەتە ژێرچاودێرییەوە.

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک باس لە ئەگەرەکانی دووبارەبوونەوەی سیناریۆکانی سامەڕا و تکریت و موسڵ لە کەرکووک دەکات و بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە پێشتر زانیاریمان هەبوو کە گرووپە چەکدارەکان لە دەوروبەری تکریت چالاکی ئەنجامدەدەن، بۆیە ئامادەباشی تەواومان کرد بۆ ڕێگرتن لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو، هاوکات چەند هەڵمەتێکمان بۆ سەر مۆڵگەکانیان لە قەزای حەویجە ئەنجامداو چەند کەسێکمان دەستگیرکرد، چونکە هەر پلانێک هەبێت بۆ تێکدانی ئاسایشی کەرکووک ئێمە زووتر بەری لێدەگرین".

ئاسایش هەموو دەسەڵاتێکیان بە بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک داوە بۆ قسەکردن و ئەوان ناتوانن هیچ قسەیەک لەوبارەوە بکەن. بەرپرسێکی باڵای ئاسایشی یەکێتی لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت "هەفتەیەک زیاترە سەرجەم باڵەخانەکانی کەرکووکمان خستووەتە ژێر چاودێرییەوە، تاوەکو ڕووداوی هاوشێوەی جەواهیر مۆڵ دووبارە نەبێتەوە، ئەگەر داعش هەرچی هێز و توانای خۆی هەیە بۆ کەرکووکی کۆبکاتەوە، ئەوە تەنیا بۆ دوو کاژێر دەتوانن خۆیان بگرن، ناتوانن هیچ گەڕەکێکی کەرکووک کۆنترۆڵ بکەن".

ئەمجارە گرووپەکان بە چەک و تەقەمەنی و تاکتیکی تازە هاتوونەتەوە مەیدان، سەرحەد قادر زیاتر گوتی "ئەندامانی ئەم گرووپانە پێشتر لەشێوەی شانەی نووستوو بوون، سەرەڕای ئەوەی بەپێی زانیاریی و بەدواداچوون زۆرمان لێیاندەگرت، بەڵام ئەمجارە بە چەک و تەقەمەنی و مەشق و تاکتیکی زۆر نوێی هاتوونەتەوە مەیدان، بێگومان ئەوانەش بە پاڵپشتی گەورە دەکرێت و لەتوانای کەسان و کۆمپانیادا نییە".

لە کۆتایی ساڵی 2013ەوە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش تاکتیکی خۆی گۆڕیوە لە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق، بەشێوەیەک هەوڵی کۆنترۆڵکردنی شارەکان دەدەن، زیاتر لە 7 مانگە شارۆچکەی فەللوجە بە تەواوەتی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیدا دەرچووە و زیاتر لە سێ ڕۆژە بەری ڕۆژئاوای موسڵ کە زیاتر لە 10 گەڕەکە کەوتووەتە دەست چەکدارانی داعش.

### ئاسایشی یەکێتی لە کەرکووک:

### ئەگەر داعش هێرش بکاتە سەر کەرکووک تەنیا دوو سەعات خۆیان دەگرن

ئەدیب ئەلەمکلومی

# دۆخی دژوار و پرسەی مەرگی ژن*

## (باڕەکەو)ەکانی قەندیل و تێکشکاندنی جیاوازییەکان**

له ژماره (307ی) ڕووداودا به ناونیشانی (له تاوانی خەتەنەکردنەوە بۆ پەردەی کچێنی) تیشکم خستە سەر خەتەنە و هۆکارەکەی کە هیچ پەیوەندییەکی بە (ئایینی ئیسلام)ەوە نییە بەڵکو عورفێکی کۆنی فیرعەونی و ئەفریقاییەکان بووە، لەوانەوە بە میرات گواستراوەتەوە بۆ ئەهلی کیتاب و جولەکەکان بەتایبەتی، لەوانیشەوە بۆ دوورگەی عەرەبی و جێگیربوونی لەناو موسڵماناندا وەک کەلتوورێک.

دواتر لە (پرسەی مەرگی ژنان) دوام کە چۆن بوونەتە قوربانیی دەستی جەهل و بیری دۆگما بە بیانووی کڕینەوەی ئابڕوو و پاراستنی (شەرەف)، لەهەمان کاتیشدا خودی دەستەواژەکە بووەتە بەلاو تەوق و تەور بۆ گەردنیان بەهۆی فیقهی تەلمود و جەهلی شەریحەیەکی بەرفراوانەوە. ئەگەرنا کەی شەرەف و ئابڕوو خۆی لەو پارچە گۆشتە "مەستەدا" مەڵاسداوە کە بووەتە مەڵبەندی سەنگەر لەیەکگرتن و کۆشکی ئاشووب و کوشتن! لەوێدا گوتم: ئەگەر ئینسان ئازاد نەبوو، نیشتمانی نەبوو، دەوڵەتی نەبوو، شەرەفی "ناوگەڵ"یشی زوو لەدەستدەدات! تێنەگەیشتن لە مەفاهیمە دینی و ئینسانییەکان مەرگەساتە کە لە فۆرمێکی گراندا درێژە بەخەمە جڤاکییەکانی دەدات، بۆیە پەروەردەیەکی تەندروست و زانستیانە، هەروەها پەروەردەیەکی ڕۆحانیی ڕەببانیانە هەر لەسەرەتای تەمەنی بچووکییەوە، زامنە بۆ گەشەسەندنی شارستانیەت و سەرهەڵدانی هۆشیاریی تاک و بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و پێشکەوتوو، هاوکات بەرجەستەکردنی ماف و دەستەبەری ڕوئیایەکی تەندروستیشە بۆ کەمکردنەوەی خەمەکان و گۆڕینەوەیان بەخەندە. لێرەدا باسکردن لە کڕینەوەی ئابڕوو دەبێتە گاڵتەکردن بەعەقڵ و بەهای ئینسانێک کە لە گۆشە نیگایەکی تەسکدا خوێندراوەتەوەو پێناسەکراوە دوور لەپێناسە ئینسانییەکان و مقەویمات و ڕەهەندەکانی خودایی.

ئەوەی بەلای منەوە گرینگە، ئایینە وەک دەقێکی گلۆبەلایز و تێکستێکی سەرمەدیی سەردەمی کە جیاوازە لەخوێندنەوە و تێڕامان و سەرنجی موجتەهیدین و موفەسیرین و تەفسیراتی مێژوویی و تەسەوراتی توراسی و شرۆڤەو دیدگای لۆکاڵیانەی ئێمەی ئینسان.

ئێمە دەبێ سەرەتا ئەم دوو مەفهومە (تەمییز/ جیاکاری) لەگەڵ (تەمەیوز/ جیاوازبوون) لەیەک جیابکەینەوە، چونکە مومتازبوون سەنگی مەحەکە لە نێوان ژن و پیاودا نەک جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەز. گەر ئەمە نەکرا ئەوە هیچ گۆڕانکارییەک نایەتە کایەوە بەڵکو هەمیشە بیری ڕاسیزم و مەفهومی (تەمییز) درێژە بەفۆرمی جیابوونەوەی خۆی دەدات لەکردار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکاندا بە بەخشینەوەی ناحەقی و ستەم دژ بەژنان. دەبێ لەسەر بنەچەو بناغەی بەهرەو زانست و تواناسازی ئەم جیاوازییە فەراهەم بێت نەک لەبەر بوونی ڕەگەز، وەک گوتم ئەمە ناحەقییە. کە دەڵێین ژن دەبێ بزانێ ئەرکی چییە ئینجا باس لەمافەکانی بکات، ئەمە شرۆڤەو شیکردنەوەی دەوێ، گەرنا ئەم قسەیە لە ڕێبازی زانست و تەکنەلۆجیای سەردەمدا پارسەنگەکەی لاسەنگە، بە بەڵگەی ئەوەی کە یەکەم شەهید و قوربانی لەئیسلامدا ئافرەت بووە. گەر باس لە ئەرک و مافە، ئەمە بەڵگەی بەشداریکردنی کارای ئافرەتانە لەکۆڕی ژیان و هاتنە نێو کایەکاندا.

ئیسلام، داکۆکی زۆری لە ئەکتیڤبوون و بەشداریکردنی ژنان لە ژیاندا کردووە، نموونەگەلی زۆر هەن. لەناو خودی قورئاندا بەڵگە هەیە لەسەر مومتازبوونی ئافرەت و بەشداریکردنی لەحوکمڕانی و خەبات و تێکۆشانی سیاسیدا. لە مێژووشدا دایکی ئیمانداران خاتوو عائیشە، پێشەوایەتی لەشکرەکانی کردووە بە گوێرەی (ریوایەتەکان)، سەرەڕای وانەبێژی و دەرسدانی بە چەند سەحابەیەکی پێغەمبەر، ئەمە ئەکتیڤبوون و جونبووش و بەرخۆدانی ئافرەت لەتەواوی جومگە و کایەکانی ژیاندا دەگەیەنێ. هەرچەندە من لەگەڵ ئەوەدانیم بەهیچ شێوەیەک ئافرەت بکەوێتە ناو جەنجاڵیی جەنگ و گێژاوی شەڕ، چونکە پێکهاتەی ئافرەت بۆ ئەم مەبەست و مەرامانە ڕام نەکراوە. پیاویش بەهەمان شێوە، بەڵام ململانێ لەپێناو مانەوەو عەقڵیەتی هەیمەنەخوازی و چاوچنۆکیی لەلایەن دەسەڵاتداران و ستەمکارانی سەرمایەدار وەک (وەرەمێکی فەتتاک) کە بەهۆیەوە فەساد و ئیفساد زەوی و دەریای تەنیوە، دەکرێ بڵێین: ژن ناتوانێ یان بۆی نییە ئەم ئەرکانەی کە تایبەتن بەپیاو ڕایانپەڕێنێ. لێرەدا مەسەلەکە ڕێژەییەو ئەرکەکان زیاتر پەیوەندییان بە توانست و داهێنانی عەقڵ و مومتازبوونەوە هەیە لەهەردوو ڕەگەزدا. ژن بۆی هەیە بەشداربێ لە بچووکترین کار و چالاکییەکانی ناو کۆمەڵگەدا تا دەگاتە قەزاوەت و ڕێبەریکردن و سەرۆکایەتیی دەوڵەت، لێ بیری عەشایەری و عەقڵی دۆگما، ژنی فەلەج و کۆت و بەندکردووە، لە تەلمودخانەی مەیمونەکاندا بەردباران! لە پەیامی خالقیشدا مەزن و ڕێزدار. جا هەرکات توانیمان پەیامەکە وەک خۆی شانبەشانی فیکری بەرهەمدار و کەلتووری پێشکەوتووی ئینسانییەت (لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە) بەرجەستە بکەین بەسەرخستنی ڕەهەندەکانی خودایی بەسەر فیکری تەلمود و تەقالیدی کۆمەڵگە/ فیقهی نێرسالاری (ئەو فیقهە تەلمودیەی کە بویەرێکە لە گومڕایی و سەرگەردانی و نەفەقێکە لە مەتاهات و بەهەشتی شەهوەتبازانە) هەرکاتێک ئەوەمان کرد (دەقە موتەعالییەکانمان بەسەر تەلمودەکاندا زاڵ کرد) جیاکاری نامێنێ لەسەر ئەساسی ڕەگەز، بەڵکو مومتازبوون لەسەر بنەمای کارامەیی و فێربوون دەبێتە مەحەک. بێگومان ئەو دادگەری و یەکسانییەش فەراهەم نابێ گەر ڕەنج و کۆششی لەگەڵدا نەبێ. فەرموودەی خودا بەم چەشنە باس لە هەردوو ڕەگەز دەکات: ((...للرجال نصيب مما اكتسبوا وللنساء نصيب مما اكتسبن...)) ((فاستجاب لهم ربهم أني لا أضيع عمل عامل منكم من ذكر أو أنثى بعضكم من بعض)) ((ولهن مثل الذي عليهن بالمعروف وللرجال عليهن درجة)) ئەوە لوتکەی دادپەروەرییە لە قورئاندا کە پیاو چۆن حەقی بەسەر ژنەکەیەوە هەیە خاتوونەکەشی بەهەمان شێوە حەقی بەسەرەوە هەیە (قورئان لە باسی یەکسانیدا ڕوانگە و تەرحێکی دادپەروەرانەی هەیە) ئەو پلەی لەئایەتەکەدا هاتووە ((وللرجال عليهن درجة)) تایبەتە بە (مافی ژن) لەدۆخی جیابوونەوەدا واتە (تەڵاق) کە پیاو بۆی هەیە تەنیا لەم حاڵەتەدا خانمەکەی بگەڕێنێتەوە نێو لانەی ئەڤینی ((وبعولتهن أحق بردهن في ذلك إن أرادوا إصلاحا)) ئەویش بە مەبەستی چاکسازی بۆ درێژەدان بەژیانی پڕ نوری هاوسەرێتی. ڕەنگە (دەرەجەکە) پەیوەندی بە ئایەتی قەوامەتیشەوە هەبێ، چونکە قورئان خۆی خۆی تەفسیر و وێنا دەکات. بەڵام کە سەرنجی تەبەری و قورتبی و (تەفسیری جەلالەین) و بەیزاوی و ئیبن جەوزی و ئیبن کەسیر و شاتبی و شەنقیتی و سابونی دەدەیت بۆ مەفهومی "قەوامەت"، دەبینی فیقهی نێرسالاری/ ریوایاتی تەلمودی ڕێبەرە. ئەوان کۆکن لەسەر ئەوەی قەوامەتی پیاو بەواتای زاڵبوون و دەستبەسەرداگرتن و دەسەڵات بەسەرداشکانە.

هەر بۆیە لەدیدی ئەوانەوە هیچ پێغەمبەرێک لە (ڕەگەزی مێیینە) نەنێردراوە! یەکێک لەو ڕاڤەکارانە دەڵێ: پیاو هەم لە دونیا هەم لە ئاخیرەتیشدا ڕێزدارترە! ئەمەش گوزارشتە لە کەلتووری ئەوان سەردەمان. فیکری سەلەفیش (بە گشت ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکانییەوە) کۆپیکراوی هەمان بیرو تەفسیرە کە پێیوایە (قەوامەت) دەسەڵات و زاڵبوون و سەیتەرەکردنە، ئەم جۆرە تێڕوانینە نێرسالارییە لەتەلمودی کەهەنوتیەکان وەرگیراوە، ئەگەرنا لەهیچ شوێنێکی قورئاندا فەزڵی پیاو بەسەر ژندا نەدراوە

> **جیاکردنەوەی نێر و مێ بەبیانووی تەشەنەکردنی فەساد زیاتر بۆ نامۆکردنی ئافرەتە لەناو جڤاکدا**

> **لەهیچ شوێنێکی قورئاندا فەزڵی پیاو بەسەر ژندا نەدراوە بەهۆی ڕەگەزەوە**

بەهۆی ڕەگەزەوە. ئەوەی لەنەزەر و هزری ڕاڤەکارانی کۆن و نوێدا هاتووە (کەمینەیەک نەبن) پێچەوانەی ئایەتەکانە بەتایبەتی لەمەفهومی (قەوامەت) کە مەبەست پێی پارێزکاری و چاودێریکردنە. قەوامەت لەقورئاندا وەزیفەیە نەک سیفەت بەواتای ڕێکخستن و سازاندنی کاروبارە نەک پاوانخوازی و هەیمەنەکردن. قەوامەت بۆ پیاو بەرپرسیارێتی و تەکلیفە هەتا لەئەستۆگرتنی نەفەقەش ((وبما انفقوا)). ئەم بەرپرسیارێتییە بەتەنیا لەبەر بەرگەگرتن و تەحەمول لەسەر ناخۆشی و مەینەتییەکان نییە، بەڵکو ڕیعایەتکردنی خێزانە. هەر بۆیەش یەکێک لەناوەکانی خودای گەورە (القيوم)ە بەواتای ڕێکخەرو پارێزگار، چاودێر.

ئیدی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکان و چاودێری و پارێزگاریکردن لە سەردەمانی پێشوودا ئەرکی سەرشانی پیاو بووە. جا هەرکاتێک ئەمە پێچەوانە بووەوە قەوامەتیش گۆڕانکاری بەسەردا دێ و ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ کەسی شیاو کە بتوانێ ئەم ئەرکە لەئەستۆ بگرێ. قورئان بەمجۆرە دۆخەکە وەسف دەکات: ((الرجال قوامون على النساء)) نالێ: ((الذكور قوامون على الإناث)) واتە باس لەخودی ڕەگەز ناکات وەک ئەسڵ و بناغە، بەڵکو باس لەوەزیفەکان دەکات، گەرنا مەسەلەکە دەبوو بە قەوامەتی فیتری بۆ پیاو! کەواتە هەموو (انثى)یەک (إمرأة) نییە، بەهەمان شێوە هەموو (ذَكَر)ێک (رَجُل) نییە، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە واتە (كل رَجلٍ ذَكر وكل إمرأةٍ أُنثى). واتە هەموو پیاوێک نێرینەیە، بەڵام هەموو نێرینەیەک مەرج نییە (پیاو) بێ. بەهەمان شێوە هەموو (ژن)ێک مێیینەیە، بەڵام مەرج نییە هەموو مێیینەیەک (ژن) بێت. دواتر ئایەتەکە دەفەرموێت: ((بما فضل الله بعضهم على بعض)) کە بەڵگەیە لەسەر قەوامەتی تەکلیفی و تەوزیفی و بەرپرسیارێتی بۆ هەردوو ڕەگەز، بۆیە ژن بەهەمان شێوە ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتییەی لەئەستۆدایە.

ئەمڕۆ ژن نەک هەر لەتوانایدایە کاروباری ناو ماڵ و نەفەقەی پیاو و منداڵەکانی لەئەستۆ بگرێ، بەڵکو لە ویست و توانایدایە ئەرکە قورسەکانی دەرەوەی ماڵیش بەجوانترین شێوە بەڕێوەببات. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو جاری واهەیە ژن لە پیاو بەتواناتر و بە ئیرادەترە بەتایبەتی لەلایەنی نەفسییەوە (ئەمە لێکۆڵینەوەی گەرەکە). ئێستا مەسەلەی هێزی جەستەیی بەتایبەتی لەم سەردەمەدا گرنگییەکی ئەوتۆی نەماوە، چونکە زانست و تەکنەلۆجیا جیاوازییەکانی ژن و پیاوی قەتیس کردووە و بگرە تەواو لەبەریەکی هەڵوەشاندووە (باڕە کەوەکانی قەندیل) بەنموونە وەربگرین، ئەو کچە گەریلایانەی سەلماندیان کە هێزی جەستە و جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەگەز، کاریگەری و گرنگیی نەماوە بەڵکو (هێزی ماسولکەکان) بێ نرخ و بەهان. ئەوەتا باڕەکەوەکان لەتێکۆشان و خەباتکردن شانبەشانی برا گەریلاکانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەکاندا چەندە جوانەمەردو شێر ئاسان. سەلماندیان لەهونەری شەڕو هۆشیاری و تێگەیشتن و فێربوون و تەحەمولیشدا هیچیان لەپیاوان کەمتر نییە، بەڵکو وەک ئەوان یەکسانن. باسی باڕەکەوەکانی قەندیلم کرد، گەرەکمە چەند قسەیەکیش لەسەر تورکەکان بکەم.

هێشتا هەندێ لە ڕۆشنبیرەکان لەژێر کاریگەری خەلافەتی عوسمانیدان و لەژێر پاڵەپەستۆی عاتیفەی دینیی ئەواندا باوێشکان دەدەن و بە چاویلکەی عەواتیفەوە لەکێشەکان دەڕوانن. وەک پێویست شارەزای جەوهەری عەقڵیەتی تورک نین کە بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتیان، دین و دیدو فۆرمی پڕ لە کین و بیری تۆڵە بەکاردەهێنن بە تەبەنیکردنیان لەسیاسەتی عوسمانییەکاندا، کە ئەوانیش لەسەر سوننەتی سوڵتانە مەملوکییەکان دەڕۆیشتن وەک سیستەم و بەرنامە (قڕان و تۆڵەو ڕەگەزپەرستی) کە لەمێژوودا دژ بەیەک جێبەجێیان دەکرد و نەدەسڵەمینەوە، دەبێ دژ بە کورد و ڕابەرەکانی چییان کردبێ؟ بێگومان درێغییان نەکردووە تا ئەمڕۆ کە بووەتە کەلتوورێکی نەگۆڕ (من حق الخليفة او الامام/ الحاكم ان يقتل ثلث الرعية لإصلاح الثلثيْن)! خەلیفە/ حاکم بۆی هەبووە سێیەکی "ڕەعیەت/ مێگەل" لەناو ببات و مەحویان بکاتەوە بەمەبەستی چاکسازیکردنی دوو لەسەر سێی ڕەعیەتەکە! ئەوە شیعاریانە، ئەو مەمالیکانەی کە خەدەم و کۆیلەی دەوڵەتی ئەیوبییەکان بوون وەک لەمێژوودا بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ ڕووداوەکان گێڕدراونەتەوەو تۆمارکراون. ئینجا زۆربەی پێکهاتەی مەمالیکەکان لەتورکەکان بوون کە پسپۆڕ بوون لەئەشکەنجەدان و کوشتن بەڕێگەی (گون گوشین) کە لەسەردەمی دووەمی عەباسییەکاندا (ئیمام تەبەری) دەگێڕێتەوە چۆن تورکەکان دوای ئەوەی کودەتایان بەسەر خەلافەتی عەباسی و (خەلیفە موهتەدی)دا کرد، یاخیبوون و هەژین بەسەریا، ئەو ڕاڤەکارە، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن ئەو خەلیفەیان کوشتووە! دواتر بەهەمان شێوە یەکەم سوڵتانی مەملوکی کە ناوی (عزالدین ایبک) بوو بەچەشنێک لەنێو بردراوەو کۆتایی هاتووە مرۆڤ سەری دەسوڕمێ کاتێک چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە (چاو دەرهێنان و "گون گوشین" و بگرە بڕینیان تا مردن)! بەم چەشنە بەردەبوونە گیانی یەکتر و قڕانی دوژمنان بە وەحشیترین شێوە. سوڵتان سەلیمی یەکەم چی بەسەر ئەشرەف (کانسوای شەرکەسی)دا هێنا کە دوا سوڵتانی مەمالیکە بورجییەکان بوو لەجەنگی (مرج دابق 923هـ- 1517م)؟ ئەمە فنونی ئەشکەنجەدانی تورکەکانە لەمێژوودا. بۆیە جەوهەری عەقڵیەتی تورکەکان تژی تەکتیک و موراوەغاتە (بە موفارەقەیەکی کەمەوە) بەتایبەتی بەرامبەر گەلی کوردو تایبەتیتر (پەکەکە) و ئەو شەڕانەی ڕابردوو کە چییان بە لاشەی گەریلاکان دەکرد لەدوای کوژرانیان.

بێمەوە سەر کرۆکی باسەکە، گوتمان قەوامەت وەزیفەیە نەک سیفەت، کەواتە عەقڵی ژن وەک عەقڵی پیاو وایە مەگەر کۆت بکرێ و لەتەفکیرو داهێنان بکەوێ، گەرنا کەسایەتی ژن وەک کەسایەتی پیاو پارێزراوە. واتە چۆن پیاو بەرپرسیارێتی بەخێوکردن و نەفەقە کێشانی خانەوادەکەی لەسەرشانە بەهەمان شێوە ئافرەتیش دەتوانێ ئەم ئەرکە قورسە لە ئەستۆ بگرێ. ئینسان بەهیچ شتێک ناڕووخێت بە زۆرلێکردن و چاو لەدەست و پشتبەستن نەبێ بە کەسانی دیکە. ژنی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، کەساس و لاواز و بێ ئیرادەو سادەن لەهزر و بیردا. ئینجا ویست و تواناو تەفکیریشیان قورمیشکراوە بە دەست پیاوان، ئیدی بەمشێوەیە چۆن مافەکانیان دەستەبەر دەبێ لەکاتێکدا (ماف دەسەنرێ نابەخشرێ).

نەهامەتییەکان ڕەنگیان داوەتەوە لەسەر مەنزومەی سەقافی و ئابووری و سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجیای ژن بەشێوەیەکی گشتی. هەر خۆیشی باجی هەڵەکان و چێژ بەدەوروبەری دەدات و دەبێتە قوربانیی کەلتوور و نەریت و فیقهی دۆگمای کۆمەڵگە. بیرمەندێکی عەرەب دەڵێ: زۆرجار ژن کە خوێنی دەڕژێندرێ لەبەر جوانیەکەیەتی "تقربا لقدسية الرجل"! بۆیە لێرەدا کەس سوپاسی قوربانیەکە ناکات، چونکە زیندانی نەزەوات و بارمتەی جەهلێکی موزدەوجە. ئەمە هیچ پەیوەندی بە دین/ دەقەکانی ئیلاهەوە نییە، بەڵکو کێشەکە ڕێژەییە و پەیوەندی بەپێشکەوتنی فیکری و کەلتووری و ژیاری و ئابوورییەوە هەیە.

لەهەر شوێنێکدا پێشکەوتن و نمای هۆشیاریی جڤاک گەیشتە لوتکە، ستەمکردنیش کەم دەبێ و مافەکان پارێزراو دەبن. بەپێچەوانەوە جێمانی جڤاک و چەقبوونی لەکۆڕی ژیان و فیکر و ژیار و ئابووریدا، جەهل و ستەم بازاڕیان گەرم دەبێ و توندوتیژی پەلدەهاوێ و مافەکان تەسکتر دەبنەوە.

ئەوەی مایەی نیگەرانییە زاڵبوونی فیقهی نەزەواتە بەسەر فیقهی ئینسانیەتی ئینسان کە بەڕاسپێری سیستەمەوە پشتئەستوورە.

ئایەتێک هەیە، ئایەتێکی پڕ ڕەهەند و گشتگیر کە لەسایەیدا جیاوازییەکان لەسەر بنەمای (جۆر، ڕەگەز) ڕەتکراوەتەوە (((يا ايها الناس انا خلقناكم من ذكر وانثى وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اكرمكم عند الله اتقاكم)) هەمووتان دروستکراوی خودان بە نێرینە و مێینە. بە چەندین تیرە و هۆز و گەل و نەتەوە ڕامی کردوون بۆ یەکتر ناسین و هەڵکردنی ژیان. ڕێزدارترین کەستان لای خودا ئەو کەسەیە کە دیفاع لەعەقڵ و داهێنان دەکات بۆ خزمەتکردنی زیاتری ئینسانیەت بە مەبەستی نزیکبوونەوە لەخودا. سەرنجی کتێبی سەلیم جابی (الرأي في المرأة والحرية والتراث) لاپەڕە (108) بدەن، بزانن چۆن ڕاڤەی ئەم ئایەتە قورئانیە دەکات وەک دەقێکی دەستووری کە لە (6) بنەماو تەعالیمدا شرۆڤەکەی قووڵ کردووەتەوە. کتێبەکە سەبارەت بە وتووێژێکە لەسەر دۆخی ژنان لەنێوان شێخ بوتی و نەبیل فەییاز کە ئەوەی دوایی (9) پرسیاری ئاراستەی محەممەد سەعید ڕەمەزان بوتی کردووە. لەدوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دکتۆر بوتی (بە ڕەحمەت بێ) هەڵدەستێ بەدانانی کتێبێک بەناوی (هذه مشكلاتهم) لەوێدا بەتێر و تەسەل تاوتوێی ئەم باسوخواسە دەکات.

دواتر فەییاز کتێبێک چاپ دەکات و بڵاوی دەکاتەوە بەناوی (حوارات في قضايا المرأة والتراث والحرية) تێیدا وەڵامی وەڵامەکانی بوتی دەداتەوە. ئیدی لەم سۆنگەیەوە سەلیم ئەلجابیش دێت پردێک لەنێوان ئەم دوو جەمسەرە دروست دەکات بە ڕەخنەگرتن لە هەردووکیان، بەمشێوە بابەتەکە دەوڵەمەندتر دەکات.

ئەم وتووێژانە لەنۆهەتەکان بەڵکو پێش ئەوکاتیش سەریانهەڵداوە کەچی ئێمە لەهەموو شتێکدا لەپاشین و لەپاشکەوتنیش لەپێش هەموویانەوەین و سەرسامانە پێشدەکەوین! زۆر بە گەرموگوڕی قەیرانە فیکرییەکانی هەشتاکان و نۆهەتەکانی ئەوسای شەقامی عەرەبی وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی و بەچەند تەعدیلاتێکەوە قەیرانە فیکرییەکانی ئەوان بەرهەم دەهێنینەوە. هاوارکردن بۆ سەربەخۆیی ژن لەپیاو هەڵەیەکی کوشندەیە. چونکە کاری هەر یەکێکیان بێ ئەوی دیکە ناتەواوە، ئەمەم لەپێشدا گوتووە.

بێگومان جیاکردنەوەشیان بەبیانووی تەشەنەکردنی فەساد و بەڕاداندنی فەتوای ناعەقڵانیی دوور لەواقیع بەمەبەستی قەدەغەکردنی "تێکەڵی" کە پێچەوانەی ئایەتەکانە، زیاتر بۆ نامۆکردنی ئافرەتە لەناو جڤاکدا وەک ڕێگە خۆشکردنێک بۆ سەرهەڵدانی کاری کرێت و تەشەنەکردنی فەسادی موقەننەع و وروژاندنی شەهوەت و زیاتر گومان پەیداکردن! ئەم تەفکیرە ئیلهامی دۆگمابوون و گومڕابوونی لە (تەلمودەکان) وەرگرتووە. ئەمە چۆن تێڕوانینێکە (ژن) بە عەیبە و عەورەت بزانی یان بەسەرچاوەی فەساد لەکۆمەڵگەدا لەکاتێکدا هەردووکیان لەژیندا تەواوکەر و لەبوونیشدا تەواوکار (((هن لباس لكم وانتم لباس لهن)). ئەوان بۆ ئێمە پۆشاک و ئێمەش بۆ ئەوان پۆشاکین. ئەمە چ تەسویرێکی ئیلاهی بەدیعە بۆ هۆگری و ئولفەتی ژن بەپیاو و ئونسەت و وەحشەتی پیاویش بە ژن کە لەم تەسویرە بەدیعەدا خۆی نمایش کردووە.

هزرڤان و بیرمەندی گەورە محەممەد عابد جابری وتارێکی جوانی هەیە بە ناونیشانی "المرأة... المفترى عليها" ئەمە لینکەکەیە: http://www.alittihad.ae/wajhatdetails.php?id=49022

لە وێدا ڕەخنە دەگرێ لەو کەسانەی کە ژن بەسەرچاوەی فەساد و فیتنە دادەنێن وەک زۆربەی فوقەهاو موفەسیرەکان وای لێ تێگەیشتوون (المرأة مصدر الفتنة للرجل!) جابری دەڵێ: "ليس في القرآن إذن ما ينص على أن المرأة (فتنة) ولا أنها تفتن الرجل بل الرجل هو الذي يُفتتن بها، وإذا كانت تجذب الرجل ليفتتن بها فالمسؤولية أولا على الرجل لأن المطلوب منه "غض البصر"، أما القول بضرورة فرض نوع من الحجاب على المرأة حتى لا يفتتن بها فهذا يخالف نص القرآن "ولا تزر وازرة وزر أخرى". فلماذا نحمل المرأة وزر الرجل لكونه لا يستجيب للآية التي تدعو إلى غض البصر؟ أما إذا فرضنا أن امرأة استثارت عمداً أحد الرجال وأنه استجاب لإغرائها فالذنب ذنبه تماماً...". بەهەمان شێوە محەممەد شەحرور لە (فقه المرأة)ەکەیدا ڕەخنە دەگرێ و چەند بابەتێکی قورئانی و باسێکی هەستیار بە تێروتەسەلی تاوتوێ دەکات، کەواتە ئەساسەکە پەروەردەو تێگەیشتنە.

قورئان لەچەندان ئایەتدا پەیامی گەردوونی لەم سۆنگەیەوە بە (من ذكر وانثى) مونتەهی کردووە. لێرەدا هەردووکیان کە جیاوازییەکانیان زانی و توانییان ڕێز لەجیاوازییەکانی یەکتر بگرن و زاڵ بن بەسەریدا، ئەوە باشترین هەلە بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی خۆشەویستی و ئولفەت لەنێوانیاندا. سەرنجی پەرتووکی (الرجال من المريخ، النساء من الزهرة)ی دکتۆر (جۆن گرای) بدەن کە یەکێکە لەپڕفرۆشترین کتێبەکانی جیهان/ تەنیا چاپی پێنجەمی زیاتر لە (14) ملیۆن نوسخەی لێ فرۆشرا. ناونیشانەکە سەرنجڕاکێشەو مرۆڤی خوێندەوار و هۆگر بەکتێب ناتوانێ نەپەرژێتە سەری. لەوێدا زۆر زانستیانە باسی ژن و پیاو و پەیوەندییەکانی نێوانیان و ئەو ڕێگە پراکتیکیانە دەکات و چارەسەری گیروگرفت و ئەو پرۆبلەمانەی لەئەنجامی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەزدا سەریانهەڵداوە بە تێروتەسەل تیشکیان خراوەتە سەر. کتێبەکە بەتەنیا شرۆڤەیەکی نەزەری نییە بۆ جیاوازییە نەفسییەکان بەڵکو ڕێبەر و دەلیلێکی عەمەلیشە بۆ چۆنیەتی سەرکەوتن و دروستکردنی پەیوەندییە تەندروستەکان. بێگومان ئەم تەوەرو باسانە شێلانیان دەوێ، لێ خوێندنەوەی ئەم کتێبە تینوێتییەکان دەشکێنێ.

---

* لە پرسەی مەرگی "دونیا" و شیوەنی "دوعا"ی پەپولەدا دەڵێم: تا فیکری کەهەنووت و کەلتووری "خوارناوک" و فیقهی سوڵتان و تەلمودی "مەیمونەکان" مابن نەهامەتییەکان قەت تەواو نابن! مەرگی (دونیا)ش وەک شیوەنی (دوعا) خەفەو قوفڵ دەدرێ! بێگومان ئەمە دواهەمین "دوعای دونیا" نابێ تا دونیا مابێ! پەپولەکان بە "فێمینیستەکان" دەڵێن: گەر ئێوە خەمخۆری ژین و ئەڤینن کوا پرسە و شیوەنتان بۆ (مەلا بازید)ی بەناحەق کوژراو لەسەر هەمان ڕەوشی دژوار، مەگەر ئەویش مرۆڤ نەبوو؟! کوا بەرهەڵستی و مەیدانخوازی و هوتاف و شیوەنتان بۆ پرسەی مەرگی مرۆڤەکان لەم نیشتیمانە! بۆچی تێکڕای قوربانییە بەناحەق کوژراوەکان لەباوەش ناگرن گەر بەڕاست لەپێناو یەکسانیدا تێدەکۆشن! ئێوە دەزانن بازرگانیکردن بە خوێنی مەزڵومان یانی چی؟ تیجارەتکردن بەخوێن مافی تەنیا بۆ (مافیاکان) پارێزراوە؟!

** ئەم تەعبیرە (باڕە کەو) بە کچە گەریلاکانی پەکەکە دەڵێن، بەتایبەتی لەتاراوگە.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# نێچیرڤان بارزانی و دەمکوتکردنی پەرلەمانتاران

گومان لەوەدا نییە کە سەرۆکی کاربەڕێکەری کابینەی حەوتەم و ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، دوای نەهاتنی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، لە ژێر چەندین پاڵەپەستۆدا بەسەر دەبات. ئەگەرچی تا ئێستا بە پینەوپەڕۆ و قەرز و قۆڵە مووچەی فەرمانبەران دەدرێت و بەشێک لە پرۆژەکانیش نەوەستاون، بەڵام نێچیرڤان بارزانی لە چەند مانگی ڕابردوودا و بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە پارتی وەک براوەی هەڵبژاردنەکانی ئەیلولی ڕابردوو ئەرکی پێکهێنانی حکومەتی گرتە ئەستۆ، یەکێک لە ئەولەویاتی کاری ئەوە بوو پرسی نەوت (کە لای ئەو و ستافەکەی گەیشتبووە دوا قۆناغەکانی خۆی) بکاتە پرسێکی گشتی و هەمەلایەنە.

ئەگەر لە مێژووی 23 ساڵی ڕابردوو ورد بینەوە، فەزڵی ناردنە دەرەوەی نەوت بە قاچاخ بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە سایەی هاوپەیمانیی لەگەڵ تورکیا و ناردنە دەرەوەی نەوتی قاچاخی سەردەمی سەددام، خۆی لە قەرەی ئەو بابەتە نەدەدا، یەکێتی سەری بیرەکانی تەقتەقی هەڵدابووەوە و تەنانەت پاڵاوگەیەکیشی بە هاوکاریی ئێرانییەکان لەسەر دانابوو. پارتی ئەوکاتە بە گاڵتەوە لەو هەنگاوەی یەکێتی دەڕوانی و دەیگوت: "مەگەر بە باری هێستر و کەر ئەو نەوتە بەرنە ئێران". یەکێتی بردی و فرۆشتیشی و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت دەیفرۆشێت. هەر ئەوان بوون یەکەم گرێبەستی نەوتیان ئیمزا کرد و دوای ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ تورکیا لە سەرەتای ساڵی 2000 کۆمپانیای نەوتیان هێنایە کوردستان. یەکێتی لەو بوارەدا هیچ شارەزاییەکی نەبوو، هەر بۆیەش ئەو گرێبەستە نەوتیانەی کە ئەو سەردەمە لە نێوان سەرکردایەتیی یەکێتی و کۆمپانیاکان ئیمزا کرابوون، دوایی پێویستیان بەوە بوو کە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت.

پارتی دوای ئەوەی سەرچاوەی داهاتی لە نەوتی خاوی عێراق کە لە دەرەوەی بڕیاری 986 ی ئەنجومەنی ئاسایش ڕەوانەی تورکیا دەکرا، بڕا، بە شێوەیەکی ستراتیژی دەستی بەسەر کەیسی نەوت و گازی کوردستاندا گرت. سەرۆک وەزیران نێچیرڤان بارزانی دوای ئەوەی کە بەپێی دەستووری عێراق دەستی لەو کەیسەدا واڵا بوو، بە کردەنی دەستی هاویشتە ناوی و دەیان کۆمپانیای ئەو بوارە بەخشکەیی هاتنە کوردستان و دەستیان بە گەڕان و پشکنین کرد.

ئیتر لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ کەیسی نەوت چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و چ لەسەر ئاستی دەرەکی یەکێکە لە کەیسە گەرمەکان و زۆرترین موناقەشە و گفتوگۆی لەبارەوە کراوە.

نێچیرڤان بارزانی زۆر زیرەکانە لە چەند مانگی ڕابردوودا، توانی گرێبەستێکی درێژخایەنی کۆنکریتی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا (نەک حکومەت، چونکە هەموو لایەنەکانی دەرەوەی حکومەتیش ئاگادارن) ئیمزا بکات. بەوەش یەکێک لە گەورەترین خەونەکانی خۆی بێنێتە دی. ئەگەرچی هەرێمی کوردستان لەتوانایدابوو کە بەپێی ڕەشنووسی بودجەی عێراق، 400 هەزار بەرمیلەکە بنێرێتە ناو بۆڕیی نەوتی عێراقەوە، بەڵام لێدانی هێڵی بۆڕیی نەوت، ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بوو کە حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی دەمێکە دەستی لەو بودجەیەی کە لە بەغداوە دێت شووشتووە و هەموو جۆرە ئامادەکارییەکیش بۆ ئەوە کرابوو. سیاسەتی برسیکردنی خەڵک لەلایەن بەغدا و حکومەتی هەرێمەوە و بڕینی بودجە، ڕەنگبێ بارزانیی خستبێتە ژێر گوشارەوە، بەڵام بەشداریی حیزبە براوەکان لە کابینەی نوێدا، باری سەرشانی ئەو و حیزبەکەی باش سووک کرد و بڕینی بودجەشی کردە پرسێکی نیشتیمانی. هەر بۆیەش چوونی هەفتەی ڕابردووی بۆ پەرلەمان پتر لەوەی پرسیار و وەڵام بێت، دانانی نوقتە بوو لەسەر موناقەشەیەک کە 7 ساڵە لەسەر دەرهێنان، بەڕێکردن و فرۆشتنی نەوت هەیە. بۆیە زۆر بێ منەتانە دەستەواژەی (قبووڵ ناکەم)ی بەرامبەر ئامادەبووانی دانیشتنەکە بەکارهێنا. ئەوە پتر دەمکوتکردن بوو تا وەڵامدانەوە.

نێچیرڤان بارزانی بە ناردنەدەرەوە و فرۆشتنی نەوتی کوردستان سەرباری ئەوەی کە فەزڵێکی بۆ مێژووی سیاسیی خۆی زیاد کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا توانی بیکاتە پرسێکی نیشتمانی و تەنها یەک هەنگاوی دیکەی ماوە کە ئەویش ئەوەیە بتوانێ لە پەرلەمانی کوردستاندا ڕەهەندێکی دەستووریی پێبدات، ئیتر ئەو کاتە کەس ناتوانێ بپرسێ نەوت دەچێتە و کوێ و بۆ دەفرۆشرێت.



د. شۆڕش حاجی

# سەرکردایەتی کورد پەشیمان دەبێتەوە؟

گوتەیەک لەناو خەڵکدا باوە کە دەڵێ "بێ حیکمەت نییە کورد تا ئێستا نەبووە بە هیچ". ئەم گوتەیە لە ئەنجامی وردبوونەوە لە ڕابردووی گەلەکەمان و نائومێدیی خەڵکە دڵسۆزەکانمانەوە دەگوترێ، کاتێک کە وەزعی کورد بە وەزعی گەلانی دنیاو دراوسێکانمان بەراورد دەکەن. بەڵام زۆرجار ئەم تەعبیرکردنە لە دەردەدڵی دڵسۆزانی گەلەکەمان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە هەست دەکرێ ئەوەی پێویستە بکرێ ناکرێت. بەشی زۆری هۆکاری نەکردنی ئەو شتانەی کە پێویستە بکرێن دەخرێنە ئەستۆی سەرکردایەتی سیاسی کورد. ناحەقیش نین لەم گلەییەیان، چونکە بڕیاری سیاسی و دابینکردنی کەشوهەوای جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی ئەواندایە. بەتایبەتی کاتێک دەرفەتێکی لەبار دێتە پێشەوەو دوای لەدەستدانی دەرفەتەکە دەگوترێ دەبووایە ئەمەمان کردبایە و ئەوەمان نەکردبا. تۆ بڵێی سەرکردایەتی کورد خۆشیان ئەمە بڵێن و ئەوانەی پێش خۆشیان هەر وایان گوتبێ؟

کاتێک باسی هەڵەو کەموکوڕی و کورتبینیی ئەمیرەکانی بابان و سۆران و ئەردەلان و جەزیرەو بۆتان و .... شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ مەحمود و قازی محەممەد و مەلا مستەفا بارزانی دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر شت هەبووە گەر ئەوان بیانکردایەو زۆر شتی دیکەیان نەکردایە ئێستا وەزعی کوردو نەخشەی ناوچەکە بە جۆرێکی دیکە دەبوو، حاڵی ئێمەش زۆر لە ئێستا باشتر دەبوو. دوور نییە بەشێکی زۆری ئەمیرو سەرکردەکانی کوردی ئەو سەردەمانە لە ژیانی خۆیانداو دوای لەدەستدانی ئەو دەرفەتەی بۆیان ڕەخساوە گوتبێتیان دەبوو ئەوەمان بکردباو نەدەبوو ئەو شتەی دیکەمان کردبایە. بەڵام پاش چی؟ ئەگەر گریمان واشیان گوتبێ ئەوا بە دڵنیاییەوە دوای ئەوەی هەلومەرجەکە گۆڕاوەو دەرفەتەکەی بەردەمیان لەکیس چووە ئینجا دانیان بە هەڵەو کەموکورتییەکانیاندا ناوەو جارێکی دیکە دەرفەتی وایان بۆ هەڵنەکەوتووە تا بزانین ئایا هەڵەکانیان دووبارە دەکردەوە یان نا.

ئەی لە ئێستای سەردەمی سەتەلایت و ئینتەرنێت و پسپۆڕی و شارەزایی لە بوارە جیاجیاکان و پەیوەندی نێودەوڵەتیی ئاسان و ژیانی مەدەنی و سیستمی دیموکراسی و، دوای ئەو هەموو دەرس و پەندەی ڕابردوو، کاتی ئەوە نەهاتووە سەرکردایەتی سیاسی کورد دەرس لەو ڕابردووە پڕ شکستە وەرگرن و کارێکی وا نەکەن چەند ساڵێکی دیکە لە هەڵوێستی ئێستایان پەشیمان ببنەوە؟

لە دوای هەڵبژاردنەکانی 21ی ئەیلول و 30ی نیسانی ڕابردوو و تا ئەندازەیەک دەرکەوتنی نەخشەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەبەردەم تەحەدایەکی گرنگ و چارەنووسسازدایە، هەم لە ناوخۆی هەرێم و هەم لە عیراق و ناوچەکە. کوردستان ئێستا وەک سەردەمی چاڵدێرانی لێهاتووەو وەزعی کوردستان وەک فاکتەرێک بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی بەرژەوەندخوازی و ستراتیجی تورکیا و ئێران لەلایەن ئەوانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. لەلایەکی دیکەشەوە کوردستان وەک کارتێک لەلایەن زلهێزەکان و هێزە ئیقلیمییەکانی دیکەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ستراتیجی خۆیان و لێدانی بەرژەوەندی نەیارەکانیان بەکاردەهێنرێ.

ئەم تەحەدایەی ئەمڕۆ لەبەردەم حیزبە سیاسییەکانی کوردستانە خۆی لە دروستکردنی کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێم و دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق و بەرنامەی گێڕانەوەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی پارێزگاکان و مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی کورد لە باکوور و خۆرئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبینێتەوە. ئا لەم کاتە هەستیارەدا ڕۆڵی سەرکردایەتی سیاسی کورد و سەرۆکی حیزبەکانی کوردستان و ئاستی دڵسۆزییان بۆ دۆزی کورد و دووربینی و خۆنەویستییان دەردەکەوێ.

ئایا هەموو هێزە کوردستانییەکان لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی مێژوویی سەرشانیان و ئەرکەکانی ئەم قۆناغە مامەڵە لەگەڵ ئەو تەحەدا گەورانە دەکەن و حاجی قادری کۆیی گوتەنی "کۆڕێ ببەستن وەکو هەنگ، تەگبیر بکەن بە بێدەنگ" پەیڕەو دەکەن و واز لە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و شەخسی و ڕق و تۆڵەسەندنەوە دێنن؟ ئایا ئەگەر پێویستی کرد بڕیار دەدەن دەور لەنێوان خۆیان دابەش بکەن و تەنازول بۆ یەکتر بکەن نەک بۆ ئەم بێگانەو ئەو هێزە ئیقلیمییە؟ پێموانییە کەسێک گومانی لەم ڕاستیە هەبێ کە هەر کەس و لایەنێک بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان تەنازول بۆ ئەوانی دیکە بکات لەوانی دی گەورەتر ئەژمار دەکرێ و لە مێژووشدا لەوانی دی بەرزتر دەنرخێنرێ. ئەوەی لێرە باس دەکرێ نە خەیاڵەو نە کارێکی نەکردەیە ئەگەر سەرکردایەتی حیزبە کوردستانییەکان ئازا بن و ئیرادەیان هەبێ. ئەو کاتە با لەڕێی خزمەتکردنی زیاتری هاووڵاتیان و بیرۆکەی باشتر بۆ گەیشتن بە ئامانجە باڵاکانی گەلەکەمانەوە دەسکەوتی زیاتر بۆ حیزبەکانیان بەدەست بێنن. با ئەمانیش وەک ئەوانەی پێش خۆیان چەند ساڵێکی دیکە لە هەڵوێستی ئێستایان پەشیمان نەبنەوەو نەڵێن خۆزگە ئەمەمان کردبا و ئەوەیانمان نەکردبا. کێ دەتوانێ ئەم گوتەیە لە بیرو هۆشی خەڵک بسڕێتەوە؟



قەرەنی قادری

# کادری حیزبی یان کادری سیاسی؟

کاتێک باس لە حیزبی سیاسی دەکرێت، دەبێ باس لە بەرژەوەندی، ڕێکخستنی کۆمەڵگە، هەڵبژاردن، دەسەڵات و دیموکراسی بکرێتەوە. لە جیهانی ئەمڕۆدا، دیموکراسی، حیزبی سیاسی و دەسەڵات پێکەوە مانا دەدەن. لە دیموکراسیدا، حیزب و هەڵبژاردن تەواوکەری یەکترن. هاووڵاتیانیش بەپێی ڕێککەوتنێکی سیاسی، هەر چوار ساڵ جارێک لە هەڵبژاردنێکی گشتیدا کۆمەڵە نوێنەرێک ڕەوانەی چەقی دەسەڵات دەکەن، تا پرۆسەی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا ڕەگئاژۆیی بکات. ڕێک لێرەدایە کە گرنگیی حیزبی سیاسی لە کۆمەڵگەدا دەردەکەوێت.

سەبارەت بە حیزبی سیاسی ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام گشتیان لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە، ئەویش گەیشتنە بە دەسەڵات. ڕابێرت میخلز پێیوایە کە "دیموکراسی بەبێ بوونی حیزبی سیاسی مانا نادات". (ماکس ڤێبێر)یش حیزبە سیاسییە نوێیەکان بە "منداڵانی دیموکراسیی نوێ" دەشوبهێنێ. واتای باو و کلاسیک لە حیزب ئەوەیە کە کۆمەڵە خەڵکێک لەسەر بنەمای هاوبەش و کۆدەنگی لەسەر چەند خاڵی ستراتیژی کۆدەبنەوە و حیزب پێکدێنن. ئێدمۆند بێرگ دەڵێت: "حیزب، لێژنەیەکە لە خەڵک کە بۆ پێشوەچوونی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بە ڕێگەی هاوکاریی هاوبەش و لەسەر بنەمای هەندێک بنچینەی سیاسی ڕێکدەکەون". مۆریس دووێرژێ لە کتێبی (پارتیی سیاسی)دا دەنووسێت: "پارتی، ڕێکخراوێکی سیاسییە کە لەودا، گرووپێک لە هاووڵاتیان بە مەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات و بەدەستهێنانی ژمارەیەک لە کورسییەکانی پەرلەمان و، بۆ بەڕێوەبردنی ئامانج و بەرنامە سیاسییەکانیان، کۆبوونەتەوە و چالاکی دەنوێنن".

واتای (پارتی) بە مانای دەستە و گرووپی سیاسی بەرهەمی گەشەی ڕەوتی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕۆژئاوایە و هەر لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە لە ئەمریکا سەری هەڵدا. لە بەریتانیاش لە ساڵانی 1830 بەولاوە، پارتییە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا چالاک بوون و، گەیشتن بە دەسەڵاتیش ئامانجی سەرەکییان بوو.

ئەوە ئاشکرایە کە فکری پارتیی سیاسی لەو وڵاتانەوە بۆ دەڤەری ئێمە گوازراوەتەوە، بەڵام لە هەر وڵاتێکدا هەندێک تایبەتمەندیی خۆجێیشی پێوە دیارە و ئەم تایبەتمەندییە لەلای ئێمەش بەرچاوە. حیزبی سیاسی لە وڵاتی ئێمەدا، لەسەر بنەما و کولتووری حیزبی لێنینی (سانترالیسمی دیموکراتیک) لەدایک دەبێت. سێ ئاڵقەی سەرەکی لە مەیدانی حیزبایەتیدا پێناسەی ئەو چەشنە حیزبە دەکات. یەکەم: سەرکردایەتی، دووەم: کادر و سێیەمیش: ئەندامان. ئەوەی دەوری دەستاودەستکردنی "فەرمان"ی سەرکردایەتیی حیزبێک بۆ خوارەوە دەگێڕێت، کادرەکانن.

هەروەها دەبێ کادرەکان بۆچوون و "ڕەخنە"ی ئەندامانیش بە سەرکردایەتیی حیزبەکەیان بگەیێنن. لەبەر ئەوە، کادری حیزبی دەورێکی دووسەرە دەگێڕێت. هەر بەپێی ئەو تایبەتمەندییە، کادرەکان دەتوانن، سەرکوتکەر بن و بەر بە هەر چەشنە ڕەخنەیەکی ئەندامان بگرن کە لە بەرەوەی خۆیانەوە سەرهەڵدەدات. هاوکاتیش دەتوانن ئەو دەورە بگێڕن کە لە گواستنەوەی فکر و ڕەخنەی ئەندامان بۆ سەرکردایەتییان، کردەوەی ئەرێنییان هەبێت و بازنەیەکی گورجوگۆڵ بن بۆ ئەوەی حیزبەکەیان زیندوو بێت و ببنە سەرچاوەی دەستاودەستکردنی زانیاری لە ناو حیزبەکەی خۆیاندا.

حیزبی لێنینی (سانترالیست)، لەسەر بنەمایەکی چڕ و ستوونی پێکدێت، سیاسەت و کاری حیزبیش پێڕەوی لە چەمکی چڕی دەکات. سیاسەتی یەکدەست و حیزبێکی یەکگرتووی چڕ، لە بنەماکانی حیزبی لێنینییە. لە حیزبێکی وادا، کادر و ئەندامەکان دەبێ جێبەجێکەری سیاسەتەکانی حیزب بن. ئەو چەشنە حیزبایەتییە کادرێکی وا پەروەردە دەکات، کەمتر ڕوو لە بیرکردنەوە و کاری فکری بکات، بەڵکو وەکو "هاوڕێیەکی هەڵسووڕ" بڕیارەکانی سەرکردایەتی بۆ ناو حیزب شۆڕ دەکاتەوە. کادرێکی میقاتکراو کە هەموو شتێک لە ڕوانگەی حیزبەکەیەوە دەبینێت.

ئەزموونی حیزبە کوردستانییەکان ئەوە پیشان دەدات کە کادری حیزبەکان زۆرتر حیزبین تا سیاسی بن. کادری حیزبی، بە چەشنێک مەکینەی سیاسەت و ئایدۆلۆژیای حیزبە و تەنیا لەو شوێنە دەردەکەوێت کە باسی حیزبەکەی بێتە گۆڕێ و بە شێوەیەکی زۆر سەرچڵانەش بەرگری لە حیزبەکەی دەکات. ئەو کادرانە وا ڕادەهێنرێن کە بۆ سیاسەتەکانی حیزب بەوەفا بن، بەڵام بەردەوام ڕەخنە لە خەنیمەکانی خۆیان بگرن. کێشەی ئەو چەشنە کادرانەش ئەوەیە کە پێیانوایە حیزبەکەی ئەوان هەڵە ناکات، بەڵکو ئەوە ئەوانی ترن کە هەڵە دەکەن. یان "ئەگەر" حیزبەکەی ئەو هەڵەی کرد، خێرا هۆکاری هەڵەکان لە دەرەوەی حیزبەکەیدا دەبینێتەوە. لە دۆخێکی وادا، حیزب لە کەرەسەیەکی سیاسییەوە کە کاری ڕێکخستنی هاووڵاتیان و بەرژەوەندیی ئەوانە، دەبێتە ئامانج و ئەوەی کە دوێنێ ئامانج بوو لە جێگۆڕکێیەکدا دەبێتە کەرەسە بۆ ئامانجە حیزبییەکان.

بەڵام کادری سیاسی لەبواری حیزبی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لە ئاستێکی بەرزدایە. پەیوەندیی ئەو بە هاووڵاتیانەوە نە لەسەر بنەمایەکی تەسکی حیزبییەوە، بەڵکو ئاستێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و حیزبی لەبەرچاو دەگرێت. بەڵام کادری حیزبی بەپێی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبی دەڕوانێتە کۆمەڵگە. کادری سیاسی دیمەنێکی نەرمونیان لە حیزب پیشان دەدات، بەڵام کادری حیزبی نوێنەرایەتی سیستەمێکی داخراو و ملکەچ دەکات.



کاوە ئەمین
kawaamin@rudaw.net

# خۆڵ و خاشاک سەروەتێکی نیشتیمانی

ئەگەر لەهەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکای لاتین، نەوت وەکو سەروەتێکی نیشتیمانی کەڵکی لێوەردەگیرێت و وەکو شادەماری بواری ئابووری و دارایی تەماشا دەکرێت، ئێستا لە وڵاتانی ئەورووپا و بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەکو سوێد خۆڵ و خاشاک مۆرکی سەروەتی نیشتیمانی لێدەرێت و نابێت بەهەدەر بدرێ. لە دوای ساڵانی نەوەدەکانی سەتەی ڕابردووە سوێد دەستیکردووە بە هەڵمەتێکی چڕوپڕ بۆ زیاتر هۆشیارکردنەوەی دانیشتووانی ئەو وڵاتە لە ڕێکخستن و جیاکردنەوەی خۆڵ و خاشاکی ماڵان تا بتوانرێت بە باشترین شێوە کەڵکی لێوەربگیرێت، بەتایبەتی لە گەرمکردنی ئاوی ماڵان کە بە بەردەوامی لە زستان و هاویندا بۆ چرکەیەکیش نابڕێت، هەروەها لە بواری ئامادەکردنی وزە بە تایبەتی کارەبا و بزوێنەری ئۆتۆمبێل کەڵکی لێوەردەگیرێت. ئێستا ئیدی خۆڵ و خاشاک وەکو یەکێک لە گرنگترین کۆڵەکەکانی پاککردنەوەی ژینگە و چاککردنی تێکچوونی ژینگەی جیهان چاوی لێدەکرێت و پرۆژەی ستراتیژی لەسەر بنیات دەنرێت. پرۆژەی ئامادەکردنی وزە بەتایبەتی دیزڵ یەکێکە لەو پرۆژانەی کە لەداهاتوودا دەبێت بەتەواوتی جێبەجێ بکرێت و پاس و تاکسییەکان کەڵکی لێوەربگرن. ئێستا دەوڵەتی سوێد لە هەوڵی ئەوەدایە کە خۆڵ و خاشاک لە دانیمارک و نەرویجەوە هاوردە بکات و کەڵکی لێوەربگرێت.

ئێستا لە جیهاندا تەنانەت لە وڵاتە هەژارەکانیشدا دەیان ڕێکخراوی ژینگەیی دامەزراون کە پارێزگاری لە پاکژیی ژینگە دەکەن. بەڵام ئەو ڕێکخراوانە ناتوانن بەتەواوەتی ڕێگا لە پیسبوونی ژینگە بگرن، ئەوەش لە دنیایەکی سەرمایەداریدا کە بازرگان و چاوچنۆکەکان تەنیا لە هەوڵی پڕکردنی گیرفانەکانیاندان و بیر لە دواڕۆژی مرۆڤایەتی ناکەنەوە. هۆشیاریی تاک یەکێکە لە کاریگەرترین چەکەکان دژی پیسبوونی ژینگە، ئەمەش دەبێت لە ڕێگای پەروەردەوە بکرێت و ژینگە بکرێتە وانەیەکی سەرەکی و لە باخچەکانی ساوایانەوە دەستی پێبکرێت.

باب و باپیرانمان جوانیان فەرمووە "بزن بۆ شەوێکیش بێت جێی خۆی خۆش دەکات"، ئەگەر وابێت ئەدی ئێمەی مرۆڤ نابێت بۆ ئەوەی درێژە بە مرۆڤایەتی بدەین بۆ هەتاهەتایە جێگای خۆمان خۆش بکەین؟ ئەمڕۆ لە کوردستان بە تایبەتی باشووری کوردستان کە دەسەڵاتێکی خۆجێیی بەڕێوەی دەبات، ئاستەنگیەکی گەورە دەبینرێت لە بواری ژینگەپارێزیدا. ئاستی هۆشیاریی تاکی ئێمە لە پەیوەندی لەگەڵ ژینگەدا هەتا بڵێی لە خوارەوەیە. لەم ڕۆژانەدا لە پارکێکی سلێمانی کەسایەتییەکی ناودارم بینی گیرفانی پڕکردبوو لە گوڵە بەڕۆژە و بە هەرچوار دەوری خۆیدا توێکڵەکانی بڵاودەکردەوە، ئەوە کەسێکە شیعری هەستبزوێنی وا دەنووسێ کە لێواو لێوە لە ئیرۆتیک و خۆشەویستی بۆ ئافرەت و گوڵ و هەموو جوانییەکان، بەڵام لە کردەوەدا بەردەمی گوڵەکانی پیس دەکرد.

ڕۆژانە هەزاران تەن خۆڵ و خاشاک لە دەرەوەی شارەکانی کوردستان فڕێدەدرێت گوایە شارەکان پاکدەکەنەوە، بەڵام ئێواران بە شێوەی دووکەڵ جارێکی دیکە تێکەڵ بە هەوای شارەکان دەکرێنەوە. سەیرانگاکانی کوردستان هەندێکجار پیسترین شوێنن، دەیان کیلۆ خۆڵ و خاشاک فڕێدەدرێن، تەنانەت گەنجەکانی ئەم وڵاتە ئامادەنین بتڵە ئاوەکان دوای خواردنەوە بکەنە ناو تەنەکەی زبڵەوە، فڕێی دەدەنە ناو ڕووبارەکان و بن دارەکان، ئەوەش پەیوەندی بە پەروەردەوە هەیە کە ئێستا وەزارەتێک و دەیان ڕێکخراو هەن، یەکێک لە ئەرکەکانیان ئەوەیە خوێندنکاران لەو بوارەدا پەروەردە بکەن.

دیارە حکومەت و شارەوانییەکانی کوردستان دەبێت ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان بکەن لە هەموو شوێنە گشتییەکان تەنەکەی خۆڵ دابنرێت. ئێستا ئیدی حکومەتی کوردی لە ساوایی دەرچووە و بووە بە پیاوێکی کامڵ، دەبێت چاو لە وڵاتێکی وەکو سوێد بکات و کەسانی شارەزا داوەتی کوردستان بکەن کە لەوبوارەدا ئەزموونیان هەیە، هەروەک چۆن شەریکەی نەوت دەهێنرێن بۆ کوردستان بۆ دەرهێنانی نەوت، بەهەمان شێوە کۆمپانیای جیاکردنەوە و کەڵک لێوەرگرتنەوەی خۆڵ و خاشاک بێهێنرێنە کوردستان کە دەتوانرێ هەم لە بواری ئابووری و هەمیش لە دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هاووڵاتیان کەڵکی لێوەربگیرێت.

خۆڵ و خاشاکی کوردستان بکرێتە سەروەتێک و لە بواری وزەدا کەڵکی لێوەربگیرێت، دەنا ئاوا بڕوات لە داهاتودا، بەڕۆژ لەبەر بۆنی ناخۆش و بەشەویش لەبەر هەوای پیس، ئارامی بەخۆمانەوە نابینین.



هێمن عەبدوڵڵا

# کێ بێشەرەفە؟

ئەو پیاوەی لە بادینان هاوسەرە پانزدە ساڵەکەی خۆی کوشت پاساو بۆ تاوانەکەی دەهێنێتەوە و دەڵێ بۆ داکۆکیکردن لە شەرەفی خۆی ئەو کارەی کردووە. هانی مەلایان و خەڵکی عەشایەریش دەدات داکۆکیی لێبکەن و لێی تێبگەن. من نە مەلام و نە عەشایەریش ماوم، بەڵام هەرچەند دەکەم و هەوڵدەدەم لێی تێناگەم.

شەرەف چییە؟ ئایا ژن شەرەفی پیاوە؟ یان پیاو شەرەفی ژنە؟ ئەگەر ژن شەرەفی پیاو بێت، کەواتە ئەگەر پیاوێک ژنی نەبوو بێشەرەفە؟ یان ژنی بێ پیاو شەرەفی نییە؟ ئەی ئەگەر پیاوێک دوو ژنی هەبوو دوو شەرەفی هەیە؟ ئەی ئەگەر یەکێک لە ژنەکانی مرد، جیابووەوە یان بەجێیهێشت، کەواتە شەرەفێکی ڕۆیشتووە و هێشتا شەرەفێکی ماوە؟ لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئایا مرۆڤ دەتوانێ فرەشەرەف بێت؟ هەروەها ئەگەر ژن شەرەفی پیاو بێت، کەواتە ئەو پیاوەی بادینان کە بەدەستی خۆی شەرەفی خۆی کوشتووە، خۆی بێشەرەف کردووە؟ ئەو پرسیارانە هێندە وەڵامی ناڕوونیان هەیە کە وایانکردووە لە بکوژی دونیا تێنەگەم.

بۆنموونە پیاو هەیە دزی لە موڵکی گشتی دەکات، داوێنپیسە و درۆزنە، بەڵام ژنەکەی خیانەتی لێنەکردووە و کەس باسی ناکات، کەواتە ئەو پیاوە بێشەرەف نییە؟ ئەی ئەوەی کە کەسێک خیانەت لە وڵاتەکەی بکات و خواردنی ماوەبەسەرچوو بداتە خەڵک و دەرمانی ئێکسپایەر هاوردە بکات، سەرەڕای ئەوەش ژنەکەی خیانەتی لێبکات، فرەبێشەرەفە؟

کاتێک تازە ڕۆیشتبوومە ئەورووپا و خەریکی فێربوونی زمان بووم زۆر پێم سەیر بوو کە ئەورووپاییەکان وا بێشەرەفن! لە زۆر وشەدانی هۆڵەندی و ئینگلیزیدا لە هاوواتای ئەوەی ئێمە پێیدەڵێن شەرەف یان نامووس گەڕام بەڵام نەمدۆزییەوە. ئەوان شانازییان هەیە، بەڵام شەرەف نا. بۆیە ژنەکانیان شەرەفی پیاوەکانیان نین و پیاوەکانیش شەرەفی ژنەکانیان نین. لە ئەورووپا، بەپێچەوانەی کوردستانەوە، درۆکردن ئاسایی نییە و لێبووردنی هێندە ئاسان نییە، دزی شتێک نییە وا بە سانایی لەنێو ڕۆژناماندا باسی بکرێت و کاربەدەستانی وڵات بڵێن "ڕاستە گەندەڵی هەیە و دەبێ چارەسەری بکەین"، ژن و پیاویش بە دەگمەن یەکدی دەکوژن، چونکە شەرەفیان نییە. ئایا ئەوان ڕاستتر دەژین یان ئێمە؟

هەر کۆمەڵگایەک هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە و ناکرێ لە کەسێکی دانیشتووی گوندێک یان ناوچەیەکی دوورەدەستی کوردستان چاوەڕێ بکەین وەکو مرۆڤێکی ئەورووپایی بێت و بە بێشەرەفی و بەسەربەرزی بژیت. بەڵام ئەگەر بڕیاربێت هەرچی پێمانوابوو بێشەرەف بێت بیکوژین، وڵاتەکەمان کەم کەسی تێدا دەمێنێت. من پێموایە دزیکردن لە موڵکی گشتی، خیانەتکردن لە نیشتمان، درۆکردن لەگەڵ هاوڕێ و ناهاوڕێ بێشەرەفییە. بەڵام ئەگەر دەسەڵاتم هەبوو و توانیم ئەوەی بەو پێناسەیەی من بێشەرەف بوو بیکوژم، ئەوە خەڵکەکە هێندە زۆرە کە بە تۆمەتی کۆمەڵکوژی ڕاپێچی لاهای دەکرێم.

ڕەنگە کابرای بادینان عاقڵ بێت و ئەو ڕاستییەی زانیبێت، بۆیە چاوی لە بێشەرەفییە گەورەکان نوقاندووە و تەنیا کچۆڵەیەکی پانزدە ساڵی بە تۆمەتی بێشەرەفی خەڵتانی خوێن کردووە!







بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# "نەخشە ڕێگا"کەی ئەردۆغان

ماوەیەک بوو سەرکردەکانی پارتی دیموکراسی گەلان HDP، گلەیی ئەوەیان لە حکومەتی تورکیا دەکرد کە هەنگاو بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی نانێت و هەندێک سەرکردەی کەجەکەش هەڕەشەی دەستپێکردنەوەی شەڕیان دەکرد، ئەگەر حکومەتەکەی پارتی داد و گەشەپێدان هەنگاوی کردەنی نەنێت. ئەو هەنگاوە کردەنییەی HDP و KCK باسی دەکەن، تێپەڕاندنی چەند یاسایەکە لەناو پەرلەمانی تورکیا کە بە بۆچوونی ئەوان زەمینەی یاسایی بۆ پرۆسەکە دەسازێنێ. بە واتایەکی دیکە پرۆسەی ئاشتی "بە یاسایی" دەکات. لە بەرامبەر ئەم داوایەی HDP، لایەنی حکومەتی تورکیا بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگیی هەڵبژارد. بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، پارتی داد و گەشەپێدان سەرەداوی جوڵەیەکی لە پرۆسەکە بەدەستەوە دا. بەشیر ئاتالای، جێگری سەرۆک وەزیران کە ئیدی وەک سەرۆکی شاندی دانوستاندنکاری حکومەتی تورکیا ناسراوە، ڕۆژی 2014/6/1 لە ئامەد ڕایگەیاند کە کار لەسەر "نەخشە ڕێگایەکی کۆنکرێتی مێژوویی" دەکەن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەکە. تا ئێستا زۆر باش نازانین "نەخشە ڕێگا"کەی پارتی داد و گەشەپێدان تا چ ئاستێک وەڵامی داخوازییەکانی HDP دەداتەوە. بەڵام پرسیاری لەمە گرنگتر ئەوەیە: ئایا نەخشە ڕێگاکەی ئەردۆغان تەنها بەشێکە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیا کە مانگی ئابی ئەمساڵ سازدەکرێت، یان هەلێکی زێڕینە بۆ بردنە پێشەوەی دۆزی کورد لەو وڵاتە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە شرۆڤە بۆ هەڵبژاردنەکەی ئاب و پێگەی کورد لەم هەڵبژاردنەدا بکەین. هاوکات پێویستە چاوێک بخشێنینەوە بە هەڵوێستی سیاسیی کورد لە هەڵبژاردنە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا و دەرئەنجامەکانی. سەرەتا با بە هەڵبژاردنەکەی ئاب دەستپێبکەین. ئەو تایبەتمەندییەی ئەم هەڵبژاردنە لەوانەی پێش خۆی جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە یەکەم جارە لە تورکیا، سندوقی دەنگدان دەخرێتە بەردەم دانیشتووانی ئەو وڵاتە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار. هەڵبژاردنەکە دوو خول دەبێت. لە خولی یەکەمدا پاڵێوراوی سەرجەم پارتەکان کێبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ڕێژەی 50 + 1%. هەر کەس متمانەی لە نیوە زیاتری تورکیا مسۆگەر بکات دەبێتە سەرۆک کۆماری نوێی ئەو وڵاتە. ئەگەر هاتوو لە خولی یەکەمدا کەس نەیتوانی ئەو ڕێژەیە بهێنێ، ئەوا یەکەم و دووەم لە خولی دووەمدا ڕووبەڕوو دەبنەوە بۆ یەکلاکردنەوەی براوە. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا کە چاوەڕوان دەکرێت خۆی بپاڵێوێت بۆ ئەو پۆستە، بێگومان پێویستی بە دەنگی کورد دەبێت. چونکە لە دوایین هەڵبژاردندا متمانەی 45%ی خەڵکی تورکیای بەدەستهێنا و پێویستی بە ڕێژەی 5%ی دیکەیە کە یەکسانە بە نزیکەی 2 ملیۆن و نیو دەنگدەر. لێرەدا دەنگدەری کورد و بە تایبەتی لایەنگرانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن. هاوکات ئەگەر لە هەڵوێستی سیاسیی کورد لە هەڵبژاردنەکانی پێشووشدا وردبینەوە، دەبینین تەنیا دوو پارت هەن لە باکووری کوردستان کە توانای بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەرانیان هەیە، پارتی داد و گەشەپێدان لەگەڵ پارتەکانی خەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، جا BDP بێت یان HDP. دەنگدەری ئەو دوو لایەنە نزیکی 3 ملیۆن کەسە و ئەم ژمارەیە لە ئەگەری مانەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بۆ خولی دووەم بڕیار دەدات کێ دەچێتە کۆشکی چانکایا، ئەردۆغان یان ڕکابەرەکەی؟ ئاساییە ئەگەر لە سەروبەندی دەستپێکی هەڵمەتی ئەم هەڵبژاردنە یەکلاکەرەوەیەدا، ئەردۆغان هەوڵی ڕاکێشانی سۆزی کورد بدات بۆ خۆی. لەم ماوەیەدا ڕەنگە ژمایەرەکی زۆر لە پەیمان و دروشمی مژدەبەخش ببیستین. ئەوەی لەسەرشانی نوێنەرانی سیاسی کوردە لە تورکیا کە ئێستا پارتی دیموکراسی گەلانە، کارکردنە بۆ سوود وەرگرتن لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ گواستنەوەی پەیمانەکانی دەسەڵات بۆ هەنگاوی کردەنی. لە تورکیا زۆربەی گۆڕانکارییە یاساییە ڕیشەییەکان لە ماوەی پێش هەڵبژاردنەکاندا تێدەپەڕێنرێن. ئەمە ڕەنگە لە لایەکەوە هەلێکی زێڕین دروست بکات بۆ کورد، بەڵام ئەم ماوەیەی بەردەممان قۆناغێکی تا بڵێی سەختە بۆ تورکیا و، ئەنقەرە دەبێتە مەیدانی کۆمەڵێک کێشمەکێش و گەمەی سیاسی. هەڵوێست و بڕیاری ڕاست لە کات و شوێنی ڕاستدا کاریگەری مەزنی دەبێت لەسەر چارەنووسی کێشەی کورد لەو وڵاتە.

ئەگەر لە قسەکانی بەشیر ئەتالای وردبینەوە، دەبینین کە پەیمانی لێبووردنێکی نیمچە گشتی دەدات. ئەتالای دەڵێت "ئیدی گەیشتووینەتە قۆناغی گەڕانەوە بۆ ماڵ و ژیان و سیاسەت"، بە کوردییەکەی دەڵێت "ئامادەین کارێک بکەین بەشێکی زۆر لە کادیرانی شاخی پارتی کرێکارانی کوردستان بگەڕێنینەوە ناو ماڵەکانی خۆیان و بە شێوەیەک بەشداری کاری سیاسی بن لە تورکیا". ئەم لێدوانەی جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا هێندەی ئەوەی کە دەکرێت بە دروشمی هەڵبژاردن ناوببرێت، هاوکات دەکرێت وەک هەلێکی گەورەش بخوێنرێتەوە. لەم ناوەندەدا ژیریی سیاسەتڤانانی کورد لە باکوور بڕیار دەدات تەرازووەکە بە چ لایەکدا دەکەوێت. ئایا "نەخشە ڕێگا" ڕێگایەک دەبێت بۆ گەیشتنی ئەردۆغان بە کۆشکی چانکایا بە تەنها؟ یان هاوکات هانگاوێکی گرنگ دەبێت بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی ڕاستەقینە بۆ دۆزی کورد لە تورکیا.

دەبێت زۆر باش لێکدانەوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ "نەخشە ڕێگا"کەی ئەردۆغان بکرێت. بیر لە هەموو لایەنەکانی بکرێتەوە و بەرژەوەندیی گشتی کورد بخرێتە پێش بەرژەوەندیی سیاسی. چونکە "نەخشە ڕێگا" کارتێکی پارتی داد و گەشەپێدانە خستوویەتیە بەردەم ڕای گشتی و چاوەڕێی کاردانەوە دەکات. لەم قۆناغەدا زیاتر لە خواستی دەسەڵات، متمانەبەخۆبوون و پێداگری و هەڵوێستی ژیرانەی سیاسەتی کوردی بڕیاردەدات ئایا ئەم کارتە تەنها بە دروشمی هەڵبژاردن دەمێنێتەوە یان دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە باکووری کوردستان.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# گرەوی نیولیبراڵی باشووری کوردستان بۆ ئازادی

مانگی ڕابردوو لە نووسینێکدا دەربارەی کرانەوەی دیموکراسی، شلوا ساما ئەوەی هۆنییەوە کە ئێستا "هەستی نەتەوایەتی کوردی" لە کوردستانی عێراق لە ئایدیۆلۆژیای بەهێزکردنی خەبات لە دژی دیکتاتۆریەتی بەعسی عێراقییەوە گۆڕاوە بۆ ئامێرێک بەکاردەهێنرێ بۆ بنیاتنانی مۆڵ. ئەو تەنیا کەسێک نییە ڕەخنە لەو هوروژمە ماددییە بگرێ کە هەرێمەکەی گرتووەتەوە. یاخود چۆن مۆڵەکان بوونەتە جێگرەوەی بازاڕە ناوخۆییەکان وەک شوێنێک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی. کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بەچاودێریی کوردی عێراق بوونەتە هەڕەشە لەسەر گۆڕینی "نەریتی" کۆمەڵگەی کوردی بۆ ژێر سێبەری ستانداردی سەرمایەداری. کۆمپانیا بێگانەکان و کۆمپانیاکانی نەوت زیاتر و زیاتر دەست بەسەر زەویوزاری خەڵکدا دەگرن و ژینگەی ناوچەکە دەخەنە مەترسییەوە.

زۆر لەم ترس و نیگەرانیانە لەجێی خۆیاندان و پێویستە خەڵکی کوردستانی عێراق بەرەوڕووی ئەمە بوەستنەوەو پارێزگاری لەخۆیان بکەن لە لایەنە وێرانکاری و خراپەکانی مۆدێرنیتە. پێویستە گەشەو پێشکەوتن بە وریاییەوە ڕێکبخرێت و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە پارێزگاری لێبکرێت لە تەماح و چاوچنۆکیی ئەو کۆمپانیایانەی بەدووی قازانجی خێرادا دەگەڕێن لە عێراق. زیادبوونی ناعەدالەتی لە داهات زەنگێکی خەتەرناکە، بەتایبەت لەکاتێکدا تۆڕی پارێزگاریی کۆمەڵایەتی لاوازە و ئەوانە دەگرێت کە داهاتیان کەمە و دەکەونە دواوە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی مۆدێرنیتە. هەر کەسێک کە دوو چاوی کراوەی هەبێت، هیچی پێناکرێ جگە لە نیگەرانی کاتێک گەشەی بیناسازی و ترافیکی هەولێر دەبینێ، یان بینینی ئەو هەموو پلاستیک و پاشماوەی بیناسازییە لەسەر ئەو شەقام و ڕووبارە جوانانە. بەڵام ڕەنگە ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی کورد دەکرێن لە "گۆڕینیان بۆ نیولیبراڵ: ئەوەی پشتگیری سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد دەکات" بەهەڵە ئاراستەکراو بێت. زۆر لەوانەی ئەمڕۆ ڕەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرن، ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوڕێی ئەو حکومەتە بوون، بەڵام ئێستا ئەوان لە کوردی عێراق تووڕەن بەهۆی پێگەکەیان لە لایەنگریکردنی سەرمایەداری و ڕۆژئاوا. بۆ زۆر لە چەپە نێودەوڵەتییەکان "لایەنگریی سەرمایەداری" و "ئازادکەری نەتەوەیی" دوو زاراوەی دژ بەیەکن. ئەوان چاوپۆشی دەکەن لە بۆمبارانکردنی هاووڵاتیانی مەدەنی و کۆمەڵکوژیی لێرە و لەوێ لەگەڵ چەندین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لەسەر بنەمای تاکڕەویی ستالینیانە، بەڵام ئامادەی ئامێزکردنەوە نین بۆ سەرمایەداری. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی چۆن ڕەخنەگرانی "نیولیبراڵیزم" تەرکیز دەکەنە سەر ئەو خاڵەی کە هێزی سەربازی بەکارهێنراوە بۆ پارێزگاریکردن و فراوانکردنی مەودای ئابووریی ئیمپریالیزم، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە بۆ من، ئەوەیە کە ئەوان بە تەواوی هەڵسەنگاندنێکی ستراتیژی ئاشکرای کوردی عێراقیان لەبیرکردووە: ڕاکێشانی سەرنجی وەبەرهێنەرانی بێگانە تاوەکو ئەو سەرمایەدارانە کاریگەری لەسەر حکومەتەکانیان دروستبکەن بە قازانجی کورد. سەرەڕای ئەوەش ئەگەر "سەرمایەداری ئیمپریالیزم" خاوەنی بەهێزترین هێزی سەربازی بێت لەسەر ڕووی زەوی، ئایا جێگەی تێگەیشتن نییە ئەگەر هەوڵ بدەی سەرمایەدارەکان بکەیتە لایەنگری خۆت؟

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی هەموو ڕێگاکانی دیکە بۆ کورد شکستیان هێناوە هەر لە ڕاکێشانی سەرنجی جیهان بۆئەوەی کورد پەیڕەوی یاسا و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان دەکات بۆ شێوازی کۆن لە خەباتی چەکداری و تاقیکردنەوەی پارتە کۆمۆنیستەکان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هاوسۆزیی بلۆکی ڕۆژهەڵات، دەردەکەوێ ئەوەی ئێستا هەولێر پەیڕەوی دەکات ستراتیژێکی بەهێزە. پێویستە ئەوەمان لەبیربێت کە بەدرێژایی سەدەی بیست کورد لەلایەن وڵاتانی حوکمڕانییەوە بە دڕندەترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە. هەر لە سەپاندنی کەلتووری دیکە لەسەریان و (ژمارەیەکی زۆری کورد کە ئەمڕۆ ناتوانن بەزمانی دایکیان قسەبکەن شاهێدی ئەو ڕاستیەیە) وێرانکردنی هەزاران گوندی کوردستانی عێراق و تورکیا و ئاوارەبوونی ملیۆنان و نکۆڵیکردن لە بوونی نەتەوەی کورد لە تورکیا. هیچ کام لە ستراتیژە کۆنەکان نەیانتوانی ئەو تراژیدیا و نەهامەتیانەی دژ بەو گەلە بوەستێنن.

گرێبەستە نەوتییەکانی هەولێر لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان وستراتیژی ئێستا لە هەناردەکردنی نەوت بە پارەیەکی کەمتر لەوەی کە دەتوانێ لە بەغداوە بەدەستی بهێنێ، مایەی تێگەیشتنێکی تەواوە. هەر مۆڵێک، ئەگەر لانیکەم وەبەرهێنەری بێگانە خاوەنی بەشێکی بێت، ڕەنگە کاریگەری زیاتر بێت لە یەک بەتالیۆن جەنگاوەری ناوخۆ.

هەر کە کورد ئاسایشی مسۆگەر بوو لە دژی هەڕەشە سەرەتاییەکان، ئەوکات باشتر و زیاتر دەتوانن تەرکیز بخەنە سەر سنووردارکردنی نیولیبراڵیزم یان ڕەتکردنەوەی بەتەواوەتی. ڕەنگە یەکێک هەڵوەستەی ئەوە بکات کە ئەم ئامانجانە: ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی چەند شێوازێکی بە جیهانیبوون و سەرمایەداری پێچەوانە نین، بێگومان ڕاستە. بەڵام لەم قۆناغ و بارودۆخەی ئێستای کوردستانی عێراقدا ڕەنگە پێچەوانە بن.



عەبدولڕەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# ساڵی نوێی ژینگە، لە دروشمەوە بۆ پرۆژە

ڕۆژی جیهانیی ژینگە بۆنەیەکە بۆ هۆشیاریی زیاتر و بۆ سەرنجڕاکێشانی سیاسەتمەدار و بڕیار بەدەستانی جیهان بەلای ژینگەدا و دروستکردنی بایەخدانێکی جیهانی بە ژینگە و پێکهێنەرەکانی.

هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ بڕەودان بە ڕۆڵی کۆمەڵگە لە گۆڕینی هەڵوێستەکان بە ئاراستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و دروستکردنی هەستێکی جیهانی لای دانیشتووانی گۆی زەوی بەو بەیەکەوە بەستنەوەیەی کە چارەنووسی هەموویانی بەیەکەوە گرێداوە. لە ڕۆژی جیهانیی ژینگەدا، پێویستە لە بیری ئەوەدا بین کە دابینکردنی پێداویستیەکانی مرۆڤ لەڕووی ژینگەییەوە لە مافە سەرەکییەکانی خۆیەتی وەک بەشێک لە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی. هەروەها پێویستە ئەو ڕاستییەش بزانین کە بەسەربردنی ژیان و گوزەران لە ژینگەیەکی سەلامەتدا مافێکی دەستووریی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتەیە بەپێی ماددەی (33)ی دەستووری عێراقی فیدراڵ. ئەوەش گرنگە بزانرێت کە دەستکەوتنی ئاوی خاوێنی خواردنەوە و بوونی سیستمێکی گونجاو بۆ ئاوەڕۆکان و بوونی میکانیزمێکی بێ زیان بۆ ڕزگاربوون لە پاشماوە و پاشەڕۆکان و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و دووبارە داڕشتنەوەی دیزاینی شارەکان بەئاراستەی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و پاراستنی زیندە جۆرەکان و هەڵگرتنەوەی مینی چێنراو و .. هتد، لە مافە سەرەکی و بنچینەییەکانی هەر مرۆڤێکن.

دیارە بۆ زامنکردن و دەستەبەرکردنی هەموو ئەمانەش، بوونی ئیرادەیەکی بەهێزی سیاسی و ئیدارەیەکی زانستیانەی ژینگەیی زۆر گرنگن بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ژینگە و هەماهەنگی و هاوکاریی نێودەوڵەتی و کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و کۆنترۆڵکردن و کۆتاییهێنان بە شەڕو جەنگەکان و پەیڕەوکردنی سیاسەتی پەرەپێدانی هەمیشەیی و بەردەوام، هەموو ئەمانە هەنگاوی زۆر گرنگن کە کاردەکەنە سەر گۆڕینی چالاکییەکان لە وشەوە بۆ کردار، لە دروشمەوە بۆ پرۆژە.

لە ڕۆژی جیهانیی ژینگەدا نەتەوە یەکگرتووەکان داوا دەکات لەدەوڵەت و هەرێمەکانی جیهان کە ڕۆژی نیشتمانی و هەرێمایەتیش دیار بکەن بۆ ژینگە لەپاڵ بوونی ڕۆژی جیهانیی بۆ ژینگە، بۆیە ڕۆژی جیهانیی ژینگە هۆکارێکیشە کە بە هۆیەوە ئەمڕۆکە گەلان ڕۆژی تایبەتیان بۆ ژینگەی لۆکاڵی خۆیان دیاری کردووەو تێیدا لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نیشتمانی، چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن لە پێناوی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

ژینگە وەک دیاردەیەکی بابەتی پەیوەست بە مرۆڤ و ژیان و چالاکییە بەردەوامەکانی مرۆڤەوە، پێویستی بە چاودێریکردن و چاککردنی بەردەوام هەیە، چونکە مرۆڤ بەردەوام لە چالاکیدایە و بە چالاکیەکانیشی پیسبوونێک لە ژینگەدا بەجێدەهێڵێت.

ژینگە خۆی دوای سەدان ساڵ سیستمێکی تایبەت بە خۆی بەرهەم هێناوە، بە شێوازێکی ڕێکوپێک و بەپێی یاساو ڕێسایەکی گەردوونی کاردەکات، بەڵام بە زیادبوونی ڕۆڵی مرۆڤ و، فشاری زۆری کۆمەڵگە بە بەردەوامیی لەسەر پێکهاتەکانی ژینگە و زیادەڕەویی لە بەکاربردنی دەرامەتەکانی، گرفتی زۆری ژینگەیی هاتووەتە ئاراوە.

کارکردن بۆ ژینگەیەکی سەلامەت، لە پێش هەموو شتێکدا هەوڵدانە بۆ پاراستنی باڵانس و هاوسەنگیی ژینگەیی کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە هەتا ئەمڕۆ بەشێوازێکی زۆر توند ئەو هاوسەنگییە ڕوو لە تێکچوونە.

هەروەکو لە تەواوی بابەتەکانی تایبەت بە ژینگەو پەرەپێدان ئاماژە بە ژینگە دەکرێت وەک بوارێکی پەیوەست بە بواری کارو چالاکیی گشت وەزارەتەکانی دیکەوە، کە ئەوانیش بەکارەکانیان، ڕۆڵی نێگەتیڤ لەسەر ژینگە بەجێدەهێڵن، بۆیە جێی خۆیەتی لە پاراستن و چاککردنی ژینگەدا هەموو جۆرە ڕێگاو چالاکییەک بگرینەبەر و تەنها بەیەک شێواز کارنەکەین، چونکە پاراستنی ژینگە کاری زۆرو جۆراوجۆری دەوێت، کە لە دواجاردا لەسەر یەکدی کەڵەکە دەبن و دەبنە بنەمایەکی دیارو دروست بۆ کارکردنی بەردەوام.

ژینگە بابەتێکە پەیوەستە بە زۆر بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسییەوە، وەکو زانستیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پسپۆڕێتی هەنگاو دەنێت و تەنانەت ئێستا ژینگە لە پسپۆڕێتیەوە بەرەو پسپۆڕێتی ورد هەنگاو دەنێت کە ئەمەش ئەوەمان لێدەخوازێت لە پاراستنی ژینگەدا ئاگامان لە بنەما گشتییەکان بێت و هەریەکەشمان لە بوارێکی پسپۆڕێتی ورد و تایبەتدا ئاگاداری تایبەتمان هەبێت لەدوا گۆڕانکارییەکانی ژینگە و پاراستن و چاککردنی.


لەگەڵ ئاماژە بە زۆر لایەنی ژینگە و پەیوەندی لەگەڵ بوار و کاری دەزگاکانی دیکەداو، کردنەوەی دەروازەیەک بۆ ژینگە ڕۆشنبیری، پێویستە ساڵ لە دوای ساڵ بوارو جۆری چالاکیەکانمان نوێ بکەینەوە و بە شێواز و جۆری جیاجیای سەردەم و بە شێوازی کاری کورتخایەن و درێژخایەن و بە نووسینی گۆشە یان باس و توێژینەوەو نووسینی تایبەت، درێژە بە ژینگە ڕۆشنبیری بدەین. هیواداریشم لە ساڵی نوێی ژینگەدا بتوانین شێوازی نوێ و کاریگەرتر داهێنین بۆ پاراستنی ژینگەو، لە تیۆر و قسەوە بەرەو پراکتیک و پرۆژە هەنگاو بنێین.

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات — نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 — ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی — Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 — rudaw@rudaw.net

# پیاوی حەوت هونەرەکە بە "هەڵەی پزیشکی" مردووە



**ئومێد بەرین**
**ڕووداو – هەولێر**

دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک بەسەر مەرگی هونەرمەند عەباس کەمەندی، کچەکەی هۆکاری مردنەکەی ئاشکرا دەکات و دەڵێت "باوکم بەهۆی هەڵەی پزیشک گیانی لەدەستداوە".

هونەرمەند عەباس کەمەندی، کە بەپیاوی حەوت هونەر ناسراوە (گۆرانیبێژ، ئاوازدانەر، شاعیر، نووسەر، نیگارکێش، شانۆکار و دەرهێنەر)، ڕۆژی 2014/5/22 لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد.

دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە بەسەر مەرگی کەمەندیدا، کەسوکارەکەی پەردە لەسەر نهێنی مردنەکەی هەڵدەدەنەوە، چنوور کەمەندی کچی عەباس کەمەندی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لە شاری سنەوە باسی مردنی باوکی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی کە باوکی بەهۆی هەڵەی پزیشکەکانەوە مردووە.

چنوور کەمەندی ڕۆژی مەرگی باوکی دەگێڕێتەوە و دەڵێت "باوکم ساڵانێک بوو ئازاری گورچیلەی هەبوو، ئەو ڕۆژە گورچیلەی ژانی دەکرد، ئێمە بە ناچار بردمان بۆ کلینیکی (شەهید قازی)، لەوێ پشکنینیان بۆکرد و سۆنۆگرافییان لێ هەڵگرتەوە و بە ئێمەیان گوت کە بەردی گورچیلەی خراوە بۆیە ژانی هەیە، لەوێ دەرمانی ئازار شکێنی "مۆرفین"یان پێداو چووینەوە ماڵەوە".

وەک چنوور باسی کرد دواتر تەندروستی باوکی خراپتر بووە و بە پەلە گەیاندوویانەتە نەخۆشخانەی تایبەتی (سەیدولشوهەدا) "لەوێ بە ئێمەیان ڕاگەیاند کە باوکم تووشی ژەهراوییبوون بووە و داوایان لێکردین بە هۆی نەبوونی پزیشک و کەرەستەی پێویست بیبەین بۆ نەخۆشخانەی حکومیی تەوحید".

گوتیشی "لە نەخۆشخانەی تەوحید هیچ پزیشکێکی لێ نەبوو، بە ئێمەیان گوت کە ناتوانن بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ و دووبارە بۆ ئەوەی ژانی بشکێت 8 یەکەی دیکەیان مۆرفین لێدا، بەوشێوەیە بەهۆی دابەزین و بەرزبوونەوەی فشاری خوێنەوە، جەڵتەی دڵ لێیدا و دڵی لەلێدان کەوت".

تەمەنی 400 ساڵە

# پیرە دارەکەی کوردستان وشک دەبێ



**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو- ڕانیە**

یەکێک لە کۆنترین دارەکانی کوردستان کە تەمەنی زیاتر لە 400 ساڵە و لە گوندی قەمتەرانی قەزای ڕانیەیە، ئێستا وشک هەڵاتووە و مەترسی وشکبوونی یەکجارەکی لەسەرە.

بەریتانییەکان ئەو دار بەڕووەیان لەسەر نەخشەی گادسترۆ تۆمار کردووە، بەڵام ئێستا سێیەکی دارەکە وشکبووە. دەستەی ژینگە و فەرمانگەی ژینگەی ڕاپەڕین و بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیەش بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی وشکبوونی دەکەن و دەیانەوێت چارەسەری بکەن.

ئەندازیار ئازاد نووری، بەڕێوەبەری بەشی ژینگەی سروشتی لە دەستەی پاراستنی ژینگە بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی لە گرفتەکانی ئەو دارە ئاگادار کراینەوە لەلایەن فەرمانگەی ژینگەی ڕاپەڕین، هاتین بۆ ئەوەی نەخۆشییەکانی دیاری بکەین و هەوڵ بدەین چارەسەری بکەین، بۆ ئەو مەبەستە نووسراو بۆ پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو دارە لە وشکبوون بپارێزرێت".

ئەو ئەندازیارە گوتیشی "پێویستە دەورپشتی دارەکە بە بەردەکانی ناوچەکە پەرژین بکرێت و چیدی ڕێگا نەدرێت ئۆتۆمبیل لەژێر دارەکە ڕابگیرێت، چونکە ڕۆن و بەنزینیان لێ دەڕژێ و ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەگی دارەکە، هەروەها دەبێت دارەکە بەباشی ئاو بدرێت".

ساڵح حوسێن، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی ڕانیە دەڵێت "یەکێکە لە دارە گرنگەکان. بەڵام ئەو ژینگە سروشتیەی جارانی نەماوە بەهۆی فراوانبوونی سنووری گوندەکە و هاتنی چەند ڕێگایەک بە دەوری دارەکەدا. بۆیە تووشی ئەو گرفتانە هاتووە، هەروەها خەڵک بایەخی ئەم دارە نازانن. ئەم دارە زۆر ئازار دراوە. بەر لە ڕاپەرینی ساڵی 1991 سەربازگەیەک لە نزیک دارەکە هەبووە و بەر بۆردومانی فڕۆکەکانی بەعسیش کەوتووە. ئێستاش لەنزیک دارەکە کار لە پڕۆژەی ڕێگایەکی دوو ساید دەکرێت و دارەکە تووشی هەندێ نەخۆشی بووە.

ساڵح ئاماژەی بەوەشدا "کاتی خۆی کە بەریتانییەکان هاتوونەتە کوردستان ئەم دارەیان لەسەر نەخشەی گادسترۆ تۆمار کردووە، ئێستاش بۆ مەبەستی ڕووپێوکردنی ناوچەکە سوود لەو دارە دەبینین. بۆیە ئەگەر وشک بێت دەبێت دارێکی دیکە لە هەمان شوێن بچێندرێتەوە".

پیربال حەمەد محەممەد موختاری گوندی قەمتەران هۆکاری نەخۆشکەوتنی دارەکە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە "کەس خۆی بە خاوەنی نازانێت و ئاوی نادەن و ئۆتۆمبیلی لە بن ڕادەگرن".

